دانیاڵ . ل . پاڵس

# ئایین و کەسێتی

## ـ تێڕوانینێك بۆ میتۆدی فرۆید ـ

وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە
ئاوات ئەحمەد

سلێمانی ٢٠٠١

- ناوی کتێب: ئایین و کەسێتی
- بابەت: لێکۆڵینەوەی ئایینی
- نووسینی: دانیاڵ.ل.پاڵس
- وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد
- مۆنتاژ: سەیران عبدالرحمن
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٤١٥)ی ٢٠٠١
- چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠١
- چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

## وتەی وەرگێڕ

ڕەنگە قەدەرمان وابێت کە هەمیشە دوابکەوین.. دەنا دوای (٦٢)ساڵ لە مردنی فرۆید ، تاقە یەك کتێبی کراوە بەکوردی ، ئەویش ساڵی پار، لەلایەنی وەرگێڕی ئەم بابەتەوە وەرگێڕدراوە ، مەبەستم لە کتێبی "ئایندەی وەهم"[1] کە بە تیراژێکی ٤٠٠ دانەیی بڵاوکرایەوە. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە کتێبی موساو یەکتاپەرستی لەلایەنی "محەمەد جەواد"ی هاوڕێمەوە کراوە بە کوردی، بەڵام هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.. منو حەمە جەواد پێکەوە کتێبی "پەیمانی کۆمەڵایەتی " جان جاك ڕۆسۆمان کردووە بە کوردی و بەم نزیکانە دەگاتە دەستی خوێنەران.

بەهەرحاڵ، با واز لە ڕەشبینی بێنین.. ئەم کتێبۆکە بچوکەی بەردەستان بەشی دووەمی کتێبێکی گەورەترە بە ناونیشانی حەوت تیوریی دەربارەی ئایین.. نوسەر دوای پەخشکردنی بیروبۆچوونە گرنگەکانی فرۆید لەمەڕ ئایین، بە تایبەتی لە دوایین سێ کتێبی فرۆیدو کتێبێکی تر کە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوانیتر نوسیویەتی. ئەمەی دواییان تۆتەمو تابۆیەو، سیانەکەی تریش "ئایندەی وەهمو ژیارو نیگەرانیەکەی‌و موساو یەکتاپەرستی"ن. پاشان دێتەسەر

هەڵسەنگاندنو ڕەخنە گرتن لە بۆچوونە نا-ئاینیەکانی فرۆیدو، بیروڕای کەسانێك دەردەخات کەڕایان لەگەڵ ئەودا ناتەبایە ، سەخترین ڕەخنە کە لەفرۆیدی دەگرن ئەوەیە بەڵگەو دەستاویژەکانی زانستیی نین، چونکە نە دەتوانرێ رەت بکرێنەوەو نەدەشتوانرێت وەك حەقیقەتی زانستیی بسەلمێنرێن.. ئەمەش وادەکات بۆچوونەکانی فرۆید بە کراوەیی بمێننەوەو بە کەڵکی ئەوە بێن بکرێنە بنەمایەك بۆ بیرکردنەوەو لیکۆڵینەوەی زیاتر، ئەمەش هۆی سەرەکیو هاندەرمان بوو لە وەرگیرانیدا.. هەروەها جوانترین خالیش کە لە بۆچوونەکانی فرۆیدا لەمەر ئایین دەریدەخات ئەمەیە : هیزوتینی ئایین لەوەوە نایەت کە بەلگەکانو ئامۆژگارییەکانی دروستن، بەلکو لەوەوە دیت کە باوەرداران حەزدەکەنو پییان خۆشە کە ئەو ئامۆژگارییانە دروست بنو لەمەشدا شتیك لە نەستیانەوە پالیان پیوە دەنیت بۆ ئەوەی بەردەوام ئامادەبن بۆ باوەرکردنو نا-ئامادەبن بۆ رەخنە.

دەتوانین بەبزەیەکەوە رووبکەینەوە فرۆیدو بلیین:

دکتۆر.. کێ دەلیت تۆش وات نەکردووە.. واتە هیزو تینی نوسینەکانت لەوەدابن کە شتیك لە نەستماندا بجولینیتو هانمان بدات کە پیمان خۆش بیت بۆ چوونەکانت دروست بن؟

پرسیارەکە بەکراوەیی جیدەهیلم بۆ خوینەر.

سلیمانی

تشرینی دووەمی ٢٠٠١

کەم بیریاری هاوچەرخ هیندەی فرۆید (١٨٥٦ ـ ١٩٣٩) بۆتە مایەی مشتومڕی گەرم. فرۆید دەروونناسیکی ڤییەننایییەو لەئوستوریاوە هاتووە. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، بەشیکردنەوەی کەسیتی مرۆڤ، نەك تەنیا کایەی پزیشکیی، بەلکو سەراپای کۆمەلگای هەژاند. بەشیوەیەکی گشتی، ئەمرۆ هەرکەسیك گویی لەناوی فرۆید ببیت، یەکسەر دوو شتی بیردەکەویتەوە : پزیشکیی دەروونیی و سیکس. ئەم بۆ چوونە هەتا بڕ بکات هەلە نیە، بەلام لەراستیدا زۆر بڕ ناکات. فرۆید پیاویکی زۆر نائاسایی بوو، بەردەوام کریس ـ فزولیی ـ بووە، ئومیدی گەورەی هەبووە، هەروەها ئاستیکی رۆشنبیریی زۆر بەرزی هەبووە. بواری یەکەمی ئەو پزیشکیی بوو، بەتایبەتی لیکۆلینەوە لەسەر میشك. بەلام لەریرەوەکەی خۆی لایداو، چەندان ئاراستەی جیاجیای گرتە بەر. لیکۆلینەوەکانی لەبواری دەماردا هەرزوو فراوانبوونەوەو گەیشتنە بواریکی فراوانتر، کەپەیوەندیی

**بەنەخۆشیی و نهێنییەکانی تری عەقڵەوە هەبوو. زۆری پێنەچوو، بڕیاری دا تیورەیەکی تازەی توورەئامێز دەربارەی کەسیتی مرۆڤ بێنیتە ئاراوە. لەم نەخشەیەوە بێ پشوودان کەوتەڕێ و، دەستی کرد بەگەڕان بەدوای ڕەهەندە سایکۆلۆجییەکاندا، لەهەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤدا. ئەوشتانەی دیاریکراونین وەکو خەونەکان، نوکتەو گاڵتەو گەمە شەخسییەکان، لەویشەوە بۆ فووڵایی بەرەو ئەو هەستە ئاڵۆزانەی پەیوەندییە تایبەتییەکان بەڕیوەدەبەن و فۆرم و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنن. بۆ هەرلایەك بچوایە، لەتوانایدا هەبوو پیادەکاریی نوێ بۆ بیرۆکەکانی بدۆزێتەوە. بۆچوونەکانی فرۆید. دەربارەی سروشتی خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی، چەندەها پرسیاریان وروژاندو، کلیلی شیکردنەوەی میتۆلۆجیا•و فۆلکلۆرو• مێژوویان خستە**

---

• میتۆلۆجیا **Mythology** بریتیە لەلیکۆڵینەوەی ئەفسانەکانی کەلتوریکی دیاریکراو، لیکۆڵینەوەو راڤەکردنی ئەفسانەکان. رەنگە ئەفسانە بەفراوانی وەکو چیرۆکیك پیناسە کرابیت کە لەئەنجامی گیرانەوەی هەزاربارەدا، بوبیتە نەریتیك لەو کۆمەلگایەدا. بەپیی ئەم پیناسەیە، دەشیت زاراوەی میتۆلۆجیا، گیرانەوە دیرینەکانی چیرۆکە میسرییە دیرینەکان و حیکایەتەکانی مرۆڤی چاخی بەستەلەکیش بگریتەوە.

• فۆلکلۆر **Folklore,** بریتیە لە سەرچەمی ئەو دیاردە شەفەویی و رۆحیی و مادییانەی کە لەکەلتوریکدا هەن و دەماودەم، بەلاساییکردنەوە

بەردەست، پیشنیاری راڤەکردنی تازەتری دراما، ئەدەب و، هونەریان کرد. هەندیکجار فرۆیدو شوینکەوتووەکانی، وای بۆ دەچوون کە کلیلە زیرینەکەی راڤە کردنیان دۆزیوەتەوە. شیکردنەوەی کەسیتی دەرگای لەسەر ژمارەیەکی بیشماری مۆتیڤەکان(هاندەرەکان) دەربارەی بیرو کردەوەی مرۆڤ، ئاوەلاکرد. لە جەختکارییەکانی کەسیتیی تاکەوە بۆ ئەو هیزە گەورەترانەی کەژیار پیکدەهینن و بەریوەی دەبەن. دەتوانیت پەردە لابدات لەسەر بچوکترین نیهینی ناخیکی گرفتاویی، لەهەمان کاتیشدا هیلکارییەکی تازە پیشکەش دەکات بۆهەولەکانی میژووی مرۆڤ لەتویی کۆمەلگا، ئاکار، فەلسەفەو دواجاریش ئایینداً.

---

دەگویزرینەوەو، بەمولکی گشتیی لەقەلەم دەدرین و خاوەنیکی راستەوخۆیان نیەو نەوە دوای نەوە پاریزگارییان لیدەکریت.

## ژیان و کارەکانی فرۆید

فرۆیــد لەســالی ١٨٥٦دا لــە مۆراڤیــا لــەدایك بــووە، کەبەشـیکە لەئـەوروپای ناوەراسـت، ئەوکاتـە بەشـیوەیەکی ناسەقامگیر سەر بەئیمپراتۆرییەتی ئوستریا ـ هینگاریا [٢] بوو. خیزانەکەی جولەکە بووەو باوکیشی بازرگانیکی ژن مـردوو بــووە ، کــاتیك ویســتوویەتی ژن بهینیتــەوە دوو کــوری تازەپیگەیشتووی هەبووە. فرۆید یەکەمین مندالی ژنە تازەو شەنگەکەی بووە، بۆیە لەناو خیزانیکی ئالۆزو فراواندا گەورە بـووە. هاورییـانی یـاریکردنی بریتـی بـوون لـەدوو بـرازاو خوشکەزایەك ناوی پاولین بوو، ئەو کچەی کە فرۆید حەزی دەکرد شکەنجەی بدات و حەزیشی لیی بوو. دواتـر فرۆیـد چاویکی بـەمندالیی خۆیـدا گیرایـەوەو، بینـی ئەزمونـەکانی خۆی پربـوون لـە نـاکۆکیی، هەسـت وسـۆزی پـەرت وبـلاوو جیاجیا، کەدواتر بوون بە کلیلی نوسینەکانی، بەتایبەتی کە بایـەخی دا بە ئایین. ئەو باوەری وابوو کە مـرۆڤ بـەزۆریی بــەهۆی هەســت و ســۆزە ناکۆکــەکانی خۆشەویســتی و شەرەنگیزیی بەریوە دەچیت، کەهەردوکیان ئاراستەی هـەمان مەبەست یان کەس کراون.

**فرۆید هیشتا کوریکی بچکۆلە بوو، لەگەڵ خیزانەکەیدا گواستیانەوە بۆ پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکە، ڤییەننا، لەوی بەشی زۆری ژیانی خۆی بەخویندن و کارکردنەوە بەسەر برد. بۆی دەرکەوت کەوەکو جولەکەیەك مەحالە بتوانیت هیچ خۆشەویستییەکی هەبیت بەرامبەری ئەم شارەی کەزۆربەی خەلکەکەی کاسۆلیکن•. بەلام خیزانەکەی لەویدا حەوانەوە. لەراستیدا فرۆیدیش بەشی زۆری تەمەنی خۆی لەو شارە بەسەردەبات، مندالەکانی خۆی تیدا پیدەگەیەنیت و، تەنیا سێ سال پیش ئەوەی بمریت، ئەو شارە جیدەهیلیت، ئەوەش کاتیك نازییەکان لەئوستریاوە هاتن و ناچاریان کرد لەئینگلتەرا ببیتە پەناهەندە. دایك و باوکی فرۆید بایەخیان دەدا بەجولەکەیەتییەکەی خۆیان و داب و نەریتەکانیان جیبەجی دەکردو هەندیك داب ونەریتیشیان فیری مندالەکانیان کرد، بەلام بەدیویکی تردا، مندالەکان لەرووی**

---

• کاسۆلیك، کەنیسەی رۆمانیی **Roman Catholic Church,** بریتیە لەفراوانترین بەشی ئاینی مەسیحی، لەو مەسیحییانە پیکهاتووە کە ملکەچن بۆ دەسەلاتی پاپای رۆما. وشەکە لە وشەی **katholikos** ی یۆنانییەوە هاتووە، کە مانای گەردونیی یان جیهانیی دەگەیەنیت و هەر لەسەرەتاکانی ئاینی مەسیحییەوە بەکارهاتووە، ئەوکاتەی کە تاکە کەنیسەی مەسیحیی بووە.

ئایینەوە جیاواز نەبوون، شوینی یاساو ریساکانی جولەکە نەکەوتن، بۆنەو پشووەکانی مەسیحییەکانیان پیرەو دەکرد ، بۆ نمونە کریسمس*.

لەخویندنی بالاّ فرۆید بەختی هەبوو لەوەی توانی چەند کۆرسیکی زمانی یۆنانیی ، لاتینی و عیبریش بخوینیت و، یەکەمی پۆلەکەی خۆی بوو. لەپالّ زمانە ئەلمانییەکەی خۆیدا، ئینگلیزی و فەرەنسیشی بەرەوانی دەزانی و پاشان خۆی فیری ئیسپانی و ئیتالییش کرد. لەسالی ۱۸۷۳دا ، لەتەمەنی حەڤدە سالییدا بوو بە خویندکاری کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی ڤیەنناو، لەوێ کەوتە لیتۆژینەوەدوربارەی ئەناتۆمیاو فسیۆلۆجیا. دوای ئەوەی لەسالی ۱۸۸۱دا بوو بە دکتۆر، لەخەستەخانەی گشتی ڤیەننادا دەسبەکار بوو، لەوێ دریژەی دا بەلیکۆلینەوەکانی خۆی لەسەر میشك، چەند سالیك دواتر مارتا بیرنای مارەکرد، ژنی مالەوە بوو، دواتر بوو بەدایکی شەش مندالی فرۆید، بەدریژایی گەشتی ژیانی لەگەلیدا مایەوە.[٣]

---

* کریسمس Christmas پشویەکی سالآنەی مەسیحییەکانە، بۆ یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی مەسیح. زۆربەی کاسۆلیکەکان رۆژی بیستوپینجی کانونی یەکەم بە رۆژی لەدایکبوونی مەسیح دادەنین، وەلی زۆرینەی ئارتۆدۆکسەکان رۆژی شەشی کانونی دووەم دەکەن بەجەژن.

**لەماوەی ساڵەکانی سەرەتای کارکردنیدا لەبواری پزیشکییدا، فرۆید یاریدەی جۆزیف برۆیەری• دا، ئەم پیاوە بەوردیی خەریکی لیکۆڵینەوەی نەخۆشییە عەقلییەکان بوو، هەرزوو بوون بەهاوڕێ. لەمەش زیاتر فرۆید لەساڵی ١٨٨٥دا سەردانی پاریسی کرد بۆ خوێندنی گیروگرفتە دەمارییەکان لەگەڵ جان مارتا شارکۆتدا•، کەدەروونناسیکی بەناوبانگی فەرەنسا بوو. ئەم سەردانە بوو بەخاڵی وەرچەرخان، گری نا بە ئارەزووە بەردەوامەکەی فرۆیدەوە بۆ لیکۆڵینەوەی عەقڵ نەک میشک، دوای پاریس ، فرۆید گەرایەوە بۆ ڤیەنناو لەسەرکارەکەی ، لەبواری نەخۆشییەکانی عەقلدا بەردەوام بوو. لەساڵی ١٨٩٥دا یەکەمین کتیبی خۆی بڵاو کردەوە" چەند لیکۆڵینەوەیەك دەربارەی هیستریا•"کە پیکەوە لەگەڵ**

---

• برۆیەر، جۆزیف Breuer, Joseph (1842 1925) سایکۆلۆجیستیکی نەمساوییە، هاوکاری فرۆید بوو لە دۆزینەوەی دەرونشیکارییدا، بەڵام نکولیی لیکردو لەسەری بەردەوام نەبوو

• شارکۆت، جان مارتین ,Charcot, Jean Martin (1825-1893) دکتۆریکی دەماری فەرەنسییە، بەباوکی پزیشکیی کلینیکی دادەنریت. لیکۆڵینەوەی زۆری هەیە دەربارەی هیستریاو خەواندنی موگناتیسی و زمانگیران هەیە. دوای مردنی شارکۆت، نەخۆشی رەقهەڵاتنی ماسولکەکانی لەش بەناوی ئەوەوە ناونرا. فرۆید یەکیك بووە لەقوتابییەکانی ئەم دکتۆرە.

• هیستریا Hysteria جۆریك نەخۆشیی عەقلییە، تییدا گرفتە عەقلییەکان وەکو نیشانەی فیزیایی دەردەکەون، کە پییان دەوتریت کاردانەوەوەرگۆراوەکان، یاخود پەرتبوونە عەقلییە سەختەکان.

جۆزیف برۆیەری هاوڕییدا نوسیبوویان، ئەم کتیبە بەنیسبەتی کارەکانی دواتری فرۆیدەوە، کاریکی گرنگە. هەردوو نوسەر پیکەوە لەم نوسینەدا باسی پرۆسیسی خەفەکردنیان• کردووە، کەبەهۆی ئەمەوە ئەو کەسانەی گیروگرفتیان هەیە ئەزمونە بەئازارەکان لەژیانی خۆیاندا لەبیردەکەن. فرۆید لەوەشدا سەرکەوتنی بەدەستهینا کەمامەلەی نیرۆسەکان( ئەوکەسانەی تووشی نەخۆشیی دەمار " عەساب" بوون) . ڕەفتاری ناعەقلانییانەی ئەم خەلکە گرفتاوییانە . بەبەکارهینانی خەواندنی موگناتیسی بکات یاخود بەسادەیی بیانخاتە ناو دەمەتەقییەکەوە کە وایان لیبکات خۆیان باسی ناساغییەکانیان بکەن[٤]. لەگەڵ یەکیك لە نەخۆشەکانیدا، کەناوی لینا ئانا، سەرکەوتنی بەدەستهیناو توانی لەهیستریا ڕزگاری بکات بەوەی لەتویی ئاخاوتنەوە لەگەلیدا بگەریتەوە بۆ ڕوداویك، کەهۆی گیروگرفتەکەی بووە. ئەم بەکارهینانە تەقلیدییەی نزیکبوونەوە لەگرفتەکە وەکو کلیلیك وابوو. لەمەوە فرۆید ریگایەکی هینانەقسەی دۆزییەوە . بۆ مامەلە کردنی مرۆڤ . لەهۆشی مرۆڤدا، ئەمەش بوو بەسەنتەری هەموو کارەکانی دواتری. ئەمەی ناونا دەرونشیکاریی.

فرید، ئەم ریگایەی تاقیکردەوەو، بەمەش کاری سەرەکی کلینیکی کاروباری دەرونشیکاریی بوو بە گویگرتن

---

• خەفەکردن Repression, بریتیە لەبیرچوونەوەی یادەوەریی پیداویستییەکی سروشتیی یان دەرونیی ناخۆش یان نارەحەت. دەشیت یادەوەریی دەربارەی شۆکیك یان تابۆیەکیش بگریتەوە.

لەنەخۆشەکان، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هان دەدران هەست بەئارامیی بکەن و هەرچییەك بەبیریاندا دێت بیلێن، بەهەر ڕێگایەك بێت، بەبێ هیچ زنجیرەیەکی لۆجیکیی یان هێلیکی چیرۆکئامیز. نەخۆشەکان بە سادەیی بەهۆی هێنانەگۆی سەربەستەوە دەربارەی بیرو بیرەوەرییەکانیان بدوێن . بەلای خەلکیکی زۆرەوە (لەسەردەمەکەی فرۆید و ئیستاشدا ) ئەم تەکنیکە بریتیە لە بەفیرۆدانی کاتیکی زۆری دکتۆر. بەلام فرۆید جیاواز بۆی چوو، لەدەمەتەقیی دەرونشیکارییدا، ڕێچکەیەکی چاوەروان نەکراوی دۆزییەوە بۆ ناو شاراوەترین بەشی کەسیتی نەخۆشەکان. فرۆید دەستی کرد بە شیکردنەوەی خودی خۆشی، سەرنجی تایبەتی تۆمارکرد، دەربارەی ئەو شتانەی کە لەکاتی خەوبینینیدا دەهاتنە پیشەوە، هەروەها داوای لەنەخۆشەکانیشی کرد هەمان شت بکەن. بۆ ماوەی پینج سالی بر لەمەشق و لیکۆلینەوە، لەسەر ئەم کویرە رییە لەگەڵ نەخۆشەکاندا کاری کرد، گوییی رادیرا، خویندیەوە ، کۆلییەوە، پاشان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەدواتر بوو بە ناونیشانی کتیبی شیکردنەوەی خەونەکان ۱۹۰۰ . ئەوە کتیبی سەردەم بوو، کەلەسەرەتای سەدەی تازەدا چاپکرا، بوو بە جاردەری شۆرشە گەورەکەی فرۆید لەبیرکردنەوەی هاوچەرخدا. لەنیوانی شتەکانی تردا، ئەو کارە بۆ یەکەمین جار باسی چەمکە سەرنجراکیشەکەی فرۆیدی تیدا هاتبوو، واتە نەست، کەدواتر بەوردیی لیی دەکۆلینەوە.

**دامەزراوەی پزیشکیی بەتوندیی رەخنەی لە فرۆید گرت، کارەکەی فرۆید تەنیا سەرنجی بازنەیەکی تەسکی هاوەڵانی راکیشا. لەسالی ١٩٠٢دا لەگەڵ ئەم هاوەڵ و شوینکەوتووانەیدا ریکخراویکی تایبەتیان دامەزراند، کەبوو بەکۆمەلەی دەروننناسیی ڤیەننا، لەم بازنەیەدا، یان لەپەیوەندیدا لەگەڵ ئەم بازنەیەدا، شەش حەوت کەس هەبوون کە ئەوانیش لەپاڵ فرۆیددا ناوبانگیان دەرکرد : ئۆتۆ رانك• ، کارل ئەبراهام•، ئەلفرید ئادلەر•، کارڵ یۆنگ،• ئارنست**

---

• رانك، ئۆتۆ **Rank, Otto (1884-1939),** دەرونزان و دەرونشیکاریکی نەمساوییە، یەکیکە لەقوتابییەکانی فرۆید، لەسالی ١٩٠٥دا دەبیت بەسکرتیری مامۆستاکەی. دیارترین نوسراوی بریتیە لە ئەفسانەی لەدایکبوونی پالەوان ـ ١٩٠٩، کە تییدا تەکنیکەکەی فرۆیدی بەکارهیناوە بۆ شیکردنەوەی ئەفسانە. سەرەنجام رانك بوو بە دەرونشیکاریکی کلاسیکیی لە ئەدەبدا، لەسالی ١٩٢٤دا شۆکی لەدایکبوونی نوسی. بەبروای رانك شۆکی لەدایکبوون زیاتر بەستراوە بەپەرەسەندنی نیرۆسەوە، وەك لەوەی گریدراوی گریی ئۆدیپۆس بیت، لیرەوە لەبیروبۆچوونەکانی فرۆید جیادەبیەوەو سەرەنجام لەبازنەکەی فرۆید دیتە دەرەوەوتیۆریی دەرونشیکاریی تایبەت بەخۆی دادەمەزرینیت.

• **ئەبراهام، کارل Abraham , Karl** (١٨٧٧–١٩٢٥)دەرونشیکاریکی ئەلمانییە، یەکیك بووەلەئەندامانی بازنەی سایکۆلۆجیەکەی فرۆید.یاریدەدەری سەرەکی فرۆید بوو بۆ دامەزراندنی لقی ڤیەننای دەرونشیکاری(١٩١٠)،ئەبراهام لیکۆلینەوەی لەسەر ئاستەکانی

**جۆنــز٭، هـــی تریـــش. چـــەند بڵاوکراوەیـــەکیان دەرکـــردو دەرونشیکاریی لـەمیتۆدی چـەند بیرۆکەیـەکی داهینەرانـەوە گـــۆڕا بـــۆ رچەشـــکینیك و بواریکـــی تـــازەی لیکۆلینەوەی دامەزراند [٥].**

**هەرلـەو ماوەیـەداو لـەتویی نارەحەتییـەکانی جـەنگی جیهانی یەکەمەوە، چەند موغامەرەیـەکی تریش لـە تیـورەی دەرونشـــیکارییدا لەقەلەمەکـــەی فرۆیـــدەوە هاتنـــە دەرێ. لەشەش حەوت سالی پراوپر لەبەرهەمدا، هەر یەکسـەر دوای**

---

پەرەسـەندنی سیکسـایەتی لـە سـاواکاندا،دەکـرد. هــەروەها تیورییـــەکی دەربارەی ئەفسانەو رەمزو خەون پیشکەش کردووە.

٭ ئادلـەر، ئـەلفرید **Adler, Alfred (1870-1937),** دەروونناسـیکی نەمساویی، هاوکاریی فرۆیدی کردووە، لەسالی ١٩١١دا لیی جیادەبیـــەوەو قوتابخانەیەکی تایبەت دادەمەزرینیت.

٭ یۆنـگ، کـارل گۆسـتاف **Jung, Carl Gustav (1875-1961),** دەروونناسیکی سویسرییە، لیکۆلینەوە دەرونشیکارییەکانی فرۆیدی بـەرین کردەوە، نارەحەتییە عەقلیی و سۆزییەکانی شیدەکردەوە، وەکو هـەولیك بۆ دۆزینەوەی تەواوی پیکهاتەی کەسیتی. دواجار لەسالی ١٩١٣دا ئەمیش لەفرۆید جیادەبیتەوە.

٭ جۆنـــــز، ئیرنســـــت **Jonse(Alfred)Erenest (1879-1958)** دەرونشیکاریکی بەریتانییە، یـەکیك بـووە لەئـەندامانی بازنەکـەی فرۆیـد. لەسالانی ١٩٢٠ ـ ١٩٣٩ سەرنوسەری گۆڤاری دەرونشیکاریی نیودەولەتیی بـووە. ســێ بــەرگی گــەورەی لەســـەر ژیـــان و نوســـین و کارەکـــانی فرۆید نوسیوە.

وەرچەرخانی سەدەکە، گەرا بەدوای تەقاندنەوەی بواریکی فراوانتری دەرونشیکاریی و چەند کتیبیکی چاپکرد لەوانە: سایکۆپاتۆلۆجیای(دەرونە نەخۆشییزانی) ژیانی رۆژانە ١٩٠١، سێ وتار دەربارەی سیکس ١٩٠٥. لە دەسالی پیش جەنگدا ژمارەیەك وتاری لە گۆڤارەکاندا بلاوکردەوە، لەناویاندا وتاریك لەسەر ئایین و دەمارە نیرۆسیکا (دەمارە نەخۆشیی) و شەش حەوتیکی تر لەسەر ئایینە بەراییەکان [٦]. ئەمانەی دواییان بوون بە کتیبی تەوتەم و تابۆ ١٩١٣. لەسالانی دواتردا، لەکاتیکدا شەرو شۆر لەهەموو شوینیکی ئەوروپادا هەلگیرسابوو، فرۆید نوسینی زیاتری نوسی دەربارەی نەست، پالنەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ خەفەکردندا، ئەمە لەکاتیکدا کە خەریکی تەواوکردنی کتیبی "چەند وانەیەکی سەرەتایی لەسەر دەرونشیکاریی ١٩١٦ ـ ١٩١٧". ئاشتی گەرایەوەو ئەو هەر خەریکی تیکۆشانەکەی خۆی بوو بۆ تەواوکردنی تیبینییەکانی، کاری تازەی خستە سەریان لەناویاندا " پشتەوەی پرەنسیپی چیژ ١٩٢٩"، "من و ئەو ١٩٢٣"، " چەند پرسیاریك دەربارەی دەرونشیکاریی ١٩٢٦". هەربەتەنیا ئەمانەی ئەنجامداو بەردەوامیش بوو لەسەر بینینی نەخۆشەکانی، لەگەڵ هاوری نزیکەکانیدا نامەیان دەگۆرییەوە، کۆرو کۆبوونەوەی ساز دەکردو، پشتگیریی دوو گۆڤاری ئەکادیمیی دەکرد کە کاری تازەی ئەو بوارەیان بلاو دەکردەوە.

فرۆید لەدوایین دوو دەیەی ژیانیدا، چەند کاریکی تریشی خستە سەر زەخیرەکەی دەربارەی چەند بابەتیك کە پەیوەندییان هەبوو بەکۆمەڵگاو زانست و ئایینەوە، ئەوانەش بریتی بوون لە ئایندەی وەهم١٩٢٧ *، موساو یەکتاپەرستی١٩٣٨، ئەم دوو کتیبە لەگەڵ کتیبی تەوتەم و تابۆدا کە زووتر نوسیویەتی، بیروبۆچوونی ئەو دەربارەی ئایین روون دەکەنەوە. کە دواتر دیینە سەریان.

## تیورییەکەی فرۆید : دەرونشیکاریی و نەست

دەتوانین باشتر لە فرۆید تیبگەین ئەگەر لەو شوینەوە دەستپیبکەین کەخۆی لیوەی دەستی پیکردووە، بەو دۆزینەوانەی کە خۆی لە کتیبی لیکدانەوەی خەونەکاندا باسی لیوە کردوون١٩٠٠ . لەم کتیبە گرنگەدا بەوە دەستپیدەکات کە سەرنج بدات خەون مایەی کریسییەکی سەرنجراکیشی مرۆڤ بووە، بەشیوەیەکی بەرفراوان لەئەفسانە، ئەدەب، فۆلکلۆر و سیحردا رەنگی داوەتەوە.

* شایانی باسکردنە کە ئەم کتیبە لەلایەنی ئیمەوە کراوە بە کوردی و لەسالی ٢٠٠٠ دا بڵاو کراوەتەوە.

**تایلۆر• فێری کردین کە ئەزمونی خەون وای لەخەڵکە بەراییەکان کردووە باوەڕیان بە ڕۆح هەبێت. فرۆید ئەمانە وەردەگرێت، بەڵام ڕوونی دەکاتەوە، کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بڵێت. سوورە لەسەر ئەوەی کە خەون مانای لەوە زیاترە کە کریسیی و تەنانەت تیۆرییەکانی ڕۆح دەتوانن وامان لێبکەن تێی بگەین. لەناو شتەکانی تردا، خەون پیشانی دەدات کە، چەندە شتی زیاتر ماوە بۆ چالاکیی عەقلی مرۆڤ، لەچاو ئەوەدا کەلە ژیانی ئاساییدا دەردەکەوێت. فرۆید پێمان دەڵێت کە هەموو کەسێک، بەلایەنی کەمەوە لەهۆشی ڕۆژانەی خۆیەوە چەند شتێك دەچنێتەوە. کاتێك لەگەڵ هاورییەکدا دەدوێین، شتێك دەنوسین، یاری دەکەین، یاخود کتێبێك دەخوێنینەوە، ئیمە تەنیا عەقلمان بەکار ناهێنین، بەڵام دەزانین چی دەکەین. لەوەش زیاتر، هەمووومان دەزانین کە لەژێر ئاستی هۆشمانەوە بیرۆکەو چەمکی تریش هەن کەرەنگە باشتر وابێت وەکو پێش هۆش پێناسەیان بکەین. ئەوانە بیرەوەریین، بیرۆکەن، یاخود مەبەستگەلێکن کە ئیمە لەئێستادا ئاگاداریان نین، بەڵام دەشێت لەکاتی پێویستدا بەئاسانی بێنەوە پێشەوە. شتی**

---

• تایلۆر، سیر ئیدوارد برینەت Tylor, Sir Edward Burnett (1832-1917), ئەنترۆپۆلۆجیستێکی بەریتانییە. دیلرترین لێکۆڵینەوەی بریتیە لەچەند لێکۆڵینەوەیەکلە مێژووی زووی مرۆڤ ١٨٦٥، کەلتوری بەرایی١٨٧١، ئەنترۆپۆلۆجیا ١٨٨١.

وەکـو تەمـــەنی دایکـو باوکمـــان، دوینـــی ئیـــوارە چیمـــان خواردووە، یاخود دەمانەویت لەپشووی کۆتایی هەفتـەدا بـۆ کوێ بچین. کەواتە لەساتیکدا ئاگاداری ئەم شتانە نین، بەڵام ئەگەر پیویست بکات یەکسەر بیرمان دەکەونەوە. فرۆید هەوڵ دەدات تیمان بگەیەنیت، لەئەزموونی خەونەکانیشدا، کاتیک دەکەوین بەسـەر شتیکدا، کـە بەتـەواویی لـەو شـتانە نـاچیت کەئاســتەکانی لەهەســتدا یــاخود بــەر. هەســتدا هــەن، لـــە چالاکییە عەقلیەکانماندا. ئیمە رادەخزین بۆ چینیکی تر و ناوچەیـەکی تــر لــەهۆش، کەقوولــە، شــاراوەیە، زەبەلاحـــەو بەشیوەیەکی سەیر بەهیزیشە. ئەمە شانشینی نەستە. بەشە قوولەکەی خود، وەکو بەشی ناوەوەی چیایەکی سەهۆڵ وایە، ناناسریتەوەو زۆر گرنگیشە. یەکەم : ئەو بناغەی داواکارییە فیزیاییە بنەرەتییەکانمانە، ئارەزوومان بۆ خۆراك و چالاکیی سیکسیی. دووەم: کۆمەلیك بیرۆکە، بۆچوون، سۆزی یەکجار نائاسایی لەگەڵ ئەو پالنەرانەدا پیکەوە لکاوون و، گرووپـی هـەموو ئـەو شـتانە پیکدەهینـن کـە کەسـیك کردووینـی یـان ئاواتی پیخواستوون، یان چەشتوونی، هـەر لەیەکـەمین رۆژی ژیانییـەوە هـەتا نزیکـترین سـاتی ئیسـتا. ئەگـەر بمانـــەویت ئەندیشەی ئەمە بکەین، ئەوا دەشیت ئەم ناوچەی نەست لە عـەقلی مـرۆڤ نـاوبنین گەنجینـــە پـر لەنهینییەکـە، یـاخود عەمباریکی تاریك بۆ ژیانی سەرەوە. بەڵام بەتیکەڵ و پیکەلی فرێ دراون بۆ خوارەوە، کە شکلی نیوە پیکهاتووی ناکاو کە ئاویتـــە بـــوون بـــە ئەندیشـــەو بۆچـــوون و سەرەمەقەســـتی

یادەوەریی لە ئەزمونەکانی رابردووەوە. لەسەرەوە هەست ئاگاداری ئەم شتانە نیە، بەلاّم بوونیان هەیەو فشاریکی زۆریشیان هەیە لەسەر هەرچی شتیك دەیکەین و بیری لیدەکەینەوە.

بیشك فرۆید کەیەکەمجار ئەمەی نوسی، دەیزانی بۆچوونەکانی لەمەر ژیانی نەستی زۆر تازە نین. ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی کە شاعیرە مەزنەکان و فەیلەسوفەکان، زۆر پیش ئەو پیشنیاری ئەم شتەیان کردووە، بەلاّم نوسینەکانی ئەوان زەینیی بووە نەك زانستی. بۆیە ئەوان دەرکیان دەکرد بەشتیکی پر نهینی، کە لەقوولاّیی خوددایەو، هەستیان بە توانای ئەو شتەش کردووە، بەلاّم نەیاندەزانی لیکی بدەنەوە، ئەم شتە بۆچی هەیە، یان چۆن کاردەکات. ئەو هەستی کرد کە دەرونشیکاریی زور جیاوازە. خاوەنی میتۆدیکی عەقلییە بۆ دۆزینەوەی ناواخنی ئەو ناوچە شاراوەیە، هەروەها روونکردنەوەی ئەو مەبەستەی کە خزمەتی دەکات. بۆ نمونە، فرۆید دەلیت کە پالنەرە بایۆلۆجییە بنەرەتییەکان لەویدان، چونکە هیچ شوینیکی تریان دەست نەکەوتووە کە تییدا بن، ئەوانە بەسروشتی خۆیان بێ هەستن[٨] . لەلایەکی ترەوە، ئەندیشەو سۆز ، لە هەستی سەرەوە نقوم دەبن بۆ خوارەوە. لەراستیدا دەتوانین لەوە تیبگەین کە بە دوو ریگا هاتوون بۆناو نەست. یان ئەوەتا لەپریکداو وەکو کۆپییەکی کالی ئەزمونەکانی رابردوو، فرێ دراونەتە ئەویوە، یاخود بەزۆر خزینراونەتە خوارەوە، لەبەر ئەوەی هۆی یەکجار نائاساییان

هەبووە. لەحالەتی دووەمدا، خۆیان بەرەو خوارەوە هاتوون ، هۆکەشی زنجیرە ململانییەك بووە لەگەڵ ئەو رووداوانەدا، کە پێشتر جێگای خۆیان لەسەرەوە لە ناو هەست و چالاکییدا، گرتووە. فرۆید جەخت لەوە دەکات کە ئەوانە بەخەفەکردن فریدراونەتە ئەویوە، کە ئەوە پرۆسیسێك بوو کە خۆی و برۆیەر توانییان لەدەمەتەقیکانیاندا لەگەڵ نەخۆشەکانیاندا، بیناسنەوە.[9] هەریەکێك لەو خەلکانە شتیکی دیارییان تیدابوو. روداویکی پیشووتر یاخود حالەتیك لە ژیانیاندا، وەلامدانەوەیەکی سۆزییان بەرهەمهیناوە، ئەوەندە بەهیزبووە کەنەدەتوانرا بەسەربەستی گوزارشتیان لیبکریت، بۆیە سەرکوتکراون، یاخود پالیان پیوەنراوە بۆناو نەست و لەچوغزی هەست کراونەتە دەرەوە. فرۆید دەلیت، لەسەرەوە، روداویکی چەپینراو بریتیە لەروداویکی پشتگوێ خراو، بەلام لەراستیدا، ون نەبووە. بەلکو لەناو نەستدا ماوەتەوە، بۆئەوەی لە ریگای زۆر سەرسورهینەرەوە بکەویتەوە کارکردن. بیرو سۆزی چەپینراو، خۆیان لە شیوەی وادا کورت دەکەنەوە کەهیچ کەسیکی خاوەن لۆجیك خۆیان لینادات: جولانەوەی بێ مەبەست، ترسی نەزانراو، پیوەستی نالۆجیکییانە، سروتی تایبەتی یەکجار زیدەرۆیانە، لەگەڵ هەلس و کەوتی نامۆی تریشدا، فرۆید ئەمانەی بەزاراوەی نیرۆسیك پیناسەکرد. ئەو جەخت دەکات لەسەر ئەوەی، قوربانییەکانی ئەم چەشنە نیرۆسە، لەریگای پزیشك و داودەرمانەوە چارەسەر ناکرین، بەلکو دەرونشیکاریی

دەتوانیت یاریدەیان بدات. فرۆید دەلیت یەکیکی پسپۆر لەم تەرزە چارەسەرکردنەدا، دەتوانیت بیریکی چەپینراو بینیتەوە بۆ ناو هەست، ریگە بدات کەهەموو سۆزە نیرۆسیکییەکان بەریکوپیکی کورتبکرینەوە، هەروەها لەتویی ئەم پرۆسیسەوە، رەفتارەکە بهینیت بۆ ئاستیکی ئاگاداریی، تا بتوانیت کۆنترۆلی بکات.

فرۆید بۆ رووبەرووبوونەوەی خەلکە نیرۆسییەکان زۆر پشتی بەم دارشتنە سەنتەرییەی خەفەکردن و نەست بەست، هەندیك لەوانە، تووشی ناریکییەکی زۆر خراپ هاتبوون لەکەسیتییاندا. بەلام ئەو بەلگانەی فرۆید لەخەونەوە هەلی هینجان ، کە بیگومان تاقیکرنەوەی هەموو کەسیکیشە، گەیاندیە ئەو پیشنیارەی کە تەواوی چالاکییەکانی مرۆڤ ـ ئاساییەکان و نائاساییەکانیش ـ دەشیت زۆر لەژیر کاریگەریی نەستدا بن.(10) خەون تا رادەیەك ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە هەموومان نیۆریتین، فرۆید خەونی بەوە دانا کە تیرکردنی ئارەزوویەکە. ئەوانە ناوچەیەکی عەقلن کە ئەو حەقیقەتە خولقاندوونی، ئیمە هەست بەچەند پالنەریکی بەهیز دەکەین، لەنمونەی پیویستییە سیکسییەکان، لەناو پیداویستییەکانی جەستەدا رەگیان داکوتاوە.(11)

بەشیوەیەکی سروشتی ئەم پالنەرانە، هیچ هەست بەکات ناکەن و دەیانەویت یەکسەر تیربکرین. بۆیە دەبیت ئیمە چۆن هەستیان پیدەکەین ئاوایان لەگەلدا بکەین، بەلام ژیانی ئاسایی وادەکات ئەمە مەحالْ بیت. لەزوربەی سەعاتەکانی

بیدارییدا، کاتیك هەست لەژێر کرنترۆلدایە، دەبیت ئەوانە بچەپینرین. پالیان پیوە بنریت بۆ خوارەوە بۆناو نەست. بۆیە هەرکاتیك نوستین، ئیتر ئەوانە بەگورو تینەوە، لە شیوەی خەوندا، دینەوە بۆ ناو هەست ، دەست دەکەن بەدزەکردن بۆ سەرەوە، هەروەك چۆن چەپینراوی عەقلیی وەکو رەفتاری نیرۆسیکییانەی نامۆ دیتەوە پیشەوە. کەواتە بەلای دەرونشیکاریکەوە، لیکدانەوەی خەونەکان، ئەویش هەر ئامانجیکە، ریك وەك چۆن گوێ لەکەسیکی نیرۆسیکی دەگریت، هەردوکیان چەند رارەویکمان پیشکەش دەکەن بۆ دالآنە نهینییەکانی نەست.[١٢]

ئەمە هەموو شتیك نیە. فرۆید گەیشتە ئەو بروایەی کە زۆریك لەو شتانەی ئیمە دەیانکەین، تەنانەت لە ژیانی بیدارییشدا، هەموویان لەلایەنی وزە شاراوەکەی نەستەوە بەریوە دەبرین. لەکتیبەکانی تریدا لەوینەی سایکۆپاتۆلۆجیای ژیانی رۆژانە (١٩٠١)، لەگەڵ نوکتەوە پەیوەندیی بەنەستەوە (١٩٠٥)، هەولیداوە دەری بخات کە ئەو رۆتینە، وەکو گالتە، هەلەی زمان روودەدات (هەلە زمانییە فرۆیدییە نیودارەکە)، شت لەبیرچوونەوە، یادەوەریی، مەتەڵ و نوکتە، ئەمانە هەرهەموویان ئەسلیان لەنەستدا هەیە. فرۆید ئاماژەی بۆ دەسەلآتی نەست کردووە بەفراوانکردنەوەی بازنەکە، لەبەرهەمی هونەرمەندان و نوسەراندا. لەبەر رۆشنایی دەرونشیکارییدا، کارەکانی

یۆنـــاردۆ دافینشـــی*، مـــایکل ئـــەنجیلۆ*، دۆستۆیڤســـکی*، ســـۆفۆکلیس* و شەیکســـپیر*، هەرهـــەموویان دەشـــیت وەك

---

* دافینشـــی، لیۆنـــاردۆ ,(1452-1519) Leonardo da Vinci هونەرمەندیکی فلورەنتینییە، یەکیکـە لـە مـەزنترین رابـەرانی رینیسـانس، وەکـو نیگارکیـش و پەیکـەرتاش و بیناســازو ئـەندازیاروزانا ناســراوە. ئەندیشـەی گـەلیك داهینـانی زانسـتیی کـردوە پـیش ئـەوەی دابـهینرین. دیارترین تابلۆی کە تائیستاش سەرسامی کردووین، تابلۆی مۆنالیسایە.

* مـــایکل ئـــەنجیلۆ ,(1475-1564) Michelangelo نیگارکیشـــیکی ئیتالییە، پەیکەرتاش و بیناسازو شاعیریش بـووە، کارەکـانی کاریگـەریان لەسەر هونەری ئەوروپایی زۆر بووە

* دۆستۆیڤســـکی، فیـــۆدۆر میخـــائیلۆڤیچ Dostoyevsky, Fyodor Mikhaylovich (1821-1881), نوسـەرو بیریـاریکی روسـییە، یەکیکـە لـە مەزنترین رۆماننوســەکانی جیـهان. کارەکـانی ئـەو تیروانینـە ئاینییـەکان، ئاکارییـەکان، سیاسـییەکان، لەگـەڵ دەروونییـەکانی ئـەو دەخەنـە روو. رۆمانەکانی گوزارشت لە دەرون و نەستی مرۆڤ دەکـەن و خۆیـان دەکـەن بە کونجە تاریکەکانی کەسیتی مرۆڤدا ، ژمارەیەکی زۆر رۆمـانی نوسـیوەو سەرجەمی ئەو لاپەرانەی نوسیونی خۆی دەدات لە بیست هـەزار لاپـەرە ، لە دیارترین رۆمانەکانی ( تـاوان و سـزا ١٨٦٦ ، گـەمژە ١٨٦٨ ، برایـانی کارامازۆف ١٨٧٩ ) .

* ســـۆفۆکلیس ,Sophocles (496?-406? BC) یەکیکـــە لـــە ســـێ تراجیدینوسە مەزنەکەی ئەسینای کۆن، زیاتر لەسەد تراجیدیای نوسیوە، کە ناودارترینیان، شائۆدیپۆس

* شەیکسپیر ,Shakespeare, William (1564-1616) شـانۆنامەنوس و شـــاعیریکی نیـــوداری ئینگلـــیزە، بەگـــەورەترین درامانووســـی جیـــهان

دەسـکردی ئـەو هێزانـە دابـنرێن کـە لەنەسـتەوە سەریان هەڵداوە.[١٣]

بەپێی فرۆید، ئەوە بەریکەوت نیە کەچیرۆکە باوەکانی میتۆلۆجیاو فۆلکلۆرو، سەرچاوەکانی هونەر، ئەدەب، لەگەڵ ئاییندا، هەموویان زۆر لەو بابەت و ئەندیشانەوە نزیکن کەبەردەوام لەخەونەکانی مرۆڤدا دووبارە دەبنەوە. هەموویان شایەتی دەسەڵاتە نهێنییی ژێرەمینییەکەی نەستن.

## کەسێتی لەململانێدا

فرۆید لەنوسینەکانی خۆیدا، گەلێك شتی جیاجیا دەباتەوە بۆسەر نەست، بەجۆرێکی وەها کە خەریکە پرسیار دەکەین، بلێی بیرۆکەی نەست زیدەڕەویی تیدا نەکرابێت؟ بەڵام ئەو بەمکومیی دەڵێت نەخێر. لەدیدی ئەودا نەست سەنتەری هۆشە، لەبەرئەوەی وەکو پیوەستێکی سەرەکیی وەهایە لەنێوانی ئەوەدا کە فیزیکییەو، ئەوەش کە لەمرۆڤدا سروشتییە. لەوەش زیاتر لەناو چەشنی مرۆڤدا ڕۆحی خالیسە بوونی نیە، پێویستە هەرکەسێتییەك لەناو جەستەیەکدا ڕەگ دابکوتێت، کە ژمارەیەك غەریزەی

---

دەژمێردرێت. شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەدەرون و ڕەفتاری مرۆڤداو، بەشێوەیەکی فراوان ئەو زانینەی لەشانۆنامەکانیدا بەکارهێناوە کە دیارترینیان هاملێت و ماکبیسە.

بایۆلۆجی بەریوەی دەبەن. برسیتی غەریزەو سیکسیش هەروا. ئەم ئەم بزوینەرە فیزیاییانە پاریزگاری لە خودیش و لەچەشنیش دەکەن، تاکەکانی مرۆڤ و چەشنەکەشی دەپاریزن. هەردوکیان پرەنسیپی چیژ دەخەنە گەر. ئیمە هەست بەپیویستییەك دەکەین، کەئەو پیویستییە دادەمرکیتەوە هەست بەخۆشی دەکەین، شتیکی سروشتییە لەبوونماندا کەبەدوای چیژدا رابکەین و لەو شتانەش رابکەین کەئازارمان دەدەن.

کەواتە پالنەرە فیزیاییەکان خۆیان لەخۆیاندا شتی سادەن، نوینەری غەریزەی چیژن. بەلام پالنەرەکانمان جیاجیان، بۆیە کرژی و کیشمەکیش لەنیوانیاندا سەرهەلدەدات: کاتیك بەریەکتری دەکەون، یاخود بەر راستییە نەگۆرەکانی جیهانی دەرەوە دەکەون، دەشیت توشی کیشمەکیش بن. کاتیك برسیمەو چاویشم لەسیویکە، دەچم دەیخۆم و پرەنسیپی چیژ بە خواردنی سیوەکە هیور دەبیتەوە. بەلام ئەگەر سیوەکە بەدەستی کەسیکی ترەوە بوو، ئەویش هەر برسی بوو، ئەوا تووشی کیشە دەبم، رەوشەکە ناچارم دەکات پالنەرەکەم سەرکوت بکەم. لەبەرئەوەی مەترسیی لەدەستدانی سیوەکە زۆر گەورەیە، ئەوا بەناچاریی دەبیت بەبەشکردنی سیوەکە قایل ببم. بەمجۆرە، لەبەردەمی واقیعدا، یاخود داواکردندا، یان پالنەریکی تردا، ناتوانین خۆمان لەو راستییە گیل بکەین، کە

پێویستە جارجارە هەندێك لەپاڵنەرەكانمان سەركوت بكەین. ئەم سەركوتكردنانەش دەبن بەخۆراكی نەست.

فرۆید، هەولێكی زۆری دا بۆ پێناسەكردنی پاڵنەرە سەرەكییەكانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی چۆنییەتی كاركردنیان راڤە بكات. سەرەتا پێی وابوو كە تەنیا غەریزەی من بوونی هەیەو، برسێتیش ویناكارییەتی، هەروەها لیبیدۆش (هاومانا لاتینییەكەی چێژ) كەئەمیان سێكسایەتی ویناى دەكات. دواتر هات ئەمانەی وەكو شێوەی جیاجیای یەك دانە پاڵنەر لەقەڵەمداو، ناوی لینا ئیرۆس ( هاومانا یۆنانییەكەی خۆشەویستی ). هەروەها پێشنیاری بوونی دژە پاڵنەرێكیشی كرد، واتە شەرەنگێزیی، كەئەمیان هی ئەویترە. دواتر بۆ ئەوەی بیرۆكەی شەرەنگێزیی پووچ بكاتەوە، پاڵنەری ئیرۆسی هێشتەوە، وەكو پاڵنەری بەردەوامییدان بە ژیان و، ساناتۆسیشی هێنا ( هاومانا یۆنانییەكەی مەرگ) وەكو پاڵنەرێك بۆ كۆتایی هێنان بە ژیان. (١٤)

هەرچۆنێك بێت، خاڵی بنەرەتی دەربارەی پاڵنەرەكان بریتییە لەبیرۆكەی ململانێ، كێشمەكێش، یەك خێزانی پاڵنەرەكان لەنێوانی خۆیاندا، هەروەها لەنێوانی پاڵنەرەكان و جیهانی دەرەوەشدا. بیرۆكەی ئەم كێشمەكێشە خۆلیلانەدراوە، لەسەنتەری خوددا، فرۆیدی خست بەسەر یەكێك لەگرنگترین چەمكەكاندا، دابەشبوونی كەسێتی مرۆڤ بۆ سێ ناوچە: ئیگۆ( مانا لاتینییەكەی من)، سوپەر ئیگۆ

(مانا لاتینییەکەی منی بالاّ)، لەگەڵ ئید(مانا لاتینییەکەی ئەو)[15]. لەم هیلکارییەدا، ئەو بەبنەرەتیترین و دیرینترین بەشی هەموویان دادەنریت، رەسەنی دەگەریتەوە بۆ حالەتە ئاژەلییەکە لەپەرەسەندنی مرۆڤ، ئید نەستییەو ئاگاداری خۆی نیە، بەئارەزووی خواردن، کوشتن، سیکس، گوزارشت لەخۆی دەکات. لەسەری ئەوسەریشەوە لەلوتکەدا، منی بالاّ هەیە، کە بریتیە لەسەرجەمی ئەو کاریگەرییانەی لەلایەنی جیهانی دەرەوە،لەساتی لەدایکبوونەوە دەستپیدەکەن و بەسەر کەسیتییدا دەسەپینرین، ئەوانە بریتین لە هەلویست و تیروانین و بۆچوونەکانی کۆمەلگا، یەکەمجار لەلایەنی خیزانەوە دادەریژرین و، پاشان لەلایەنی گرووپی گەورەترەوە، وەك هۆز، شار یان نەتەوە. دواجار لەشوینیکی ناوەراستدا، لەنیوانی ویستەکانی کۆمەلگاو ئارەزووەکانی جەستەدا، بەشی سییەمی کەسیتی هەیە، واتە من، یاخود پرەنیسپە واقیعییەکان، کەرەنگە باشتر وابیت پیی بلیین سەنتەری هەلبژاردن لەمرۆڤدا. ئەرکیکی سەختی لەسەرشانە، پیویستە لەلایەکەوە ئارەزووەکان تیربکات و، لەلایەکی تریشەوە هەرکاتیك بەرحەقیقەتە فیزیاییەکانی جیهانی درەوە کەوتن، ئامادەبیت بۆ لغاوکردنیان یان نکولیی کردن لییان ( وەکو حەقیقەتی ئەوەی کە ئاگر دەیسوتینیت)، یاخود لەبەرامبەری نارەزاییەکانی منی بالاّدا[16].

هەندیك سەرنجیانداوە کەئەم سکیچەی فرۆید بۆ هۆش، بەشیوەیەکی دلگیر لەوەی ئەفلاتونی* فەیلەسوفی یۆنان دەچیت، کەئەوە بەپیی نەخشەی وەزیفەکانیان کەسیتی روون کردۆتەوە، بۆکۆنترۆلکردنی ئەسپە سەرکیشەکانی عەقل و سۆز. فرۆیدیش پیشنیار دەکات کەسیتی بریتیە لە دیمەنی کیشمەکیشیکی بەردەوام بۆ راگرتنی هاوسەنگیی نیوانی هیزە بەگژیەکداچووەکان. پالنەرە فیزیاییەکان بوونیان هەیە، جیهانیکی دەرەوەی نەگۆریش لەئارادایە، هەروەها ویستەکانی کۆمەلگاش ئامادەیی هەیە، کە زۆر گران لەسەر من دەکەون ، بەزەحمەت دەتوانیت ریگایەك بدۆزیتەوە بۆ داکردنی ئەم هەموو دژە. فرۆید دەنوسیت، پیویستە جولانەوەی من، بە جۆریك بیت، کە ئەویش و منی بالاش و واقیعیش قایل بکات. دەتوانین بلیین داواکارییەکانیان لەگەل یەکترییدا بسازینیت.(١٧)

---

* ئەفلاتون Plato ( ٤٢٧ ـ ٣٤٧ پ . ز ) ناوی راستەقینەی ئەریستۆکلیسەو مەزنترین فەیلەسوفی یۆنانییە، بگرە مەزنترین فەیلەسوفە لە میژووی فەلسەفەدا، بەدامەزرینەری راستەقینەی فەلسەفەی خۆراوتیی دەژمیردریت، تاکە فەیلەسوفی جیهانی کۆنە کە هەموو نوسینەکانی پاریزراون و هەموویان لەشیوەی دەمەتەقیدان. دەمەتەقیی خوان کە باسی فەلسەفەی خۆشەویستی دەکات، لەلایەنی ئیمەوە کراوە بەکوردی.

## سیکسایەتی مندالیی و ئۆدیپۆسە گریّ

دلگیرترین پیادەکردنی ئەم مۆدیلەی کیشمەکیشی کەسیتی، لەو تیورییانەیدا دەردەکەویت کە ئیستا بە سیکسایەتی مندالیی و گریی ئۆدیپۆس ناوبانگیان دەرکردووە. وەك زوربەمان دەزانین، تیورییەکانی فرۆید بایەخیکی زۆر دەدەن بە مندالیی، بەتایبەتی سالآنی یەکەمی تەمەن. لە لەدایکبوونەوە تا تەمەنی شەش سالیی. ئەو بە شیوەیەکی سەرەکی رایگەیاندووە، کەئەمە ئەو تەمەنەیەکە تییدا بەشی زۆری منی بالاّ دەرسکیت. ئەمە ئەو تەمەنەیە کە دایكوباوك یاساکانی واقیع، خیزان، هەروەها کۆمەلگاش لە هۆشی مندالدا دەچینن. فرۆید بەمە گەلیکی خۆشحالّ کردو دلی کەسیشی نەئیشاند. ئەوە تەنیا بریتی بوو لەسەلماندنی بیرکردنەوەی ئاسایی. لەراستیدا ئەوەی ئەو بەدوای ئەوەدا خستیە بەرچاو بریتی بوو لەبیرۆکە سەرسورهینەرەکەی کە زۆرینەی خەلك نەك هەر بەلایانەوە هەلە بوو، بەلکو بۆگەنیش بوو. ئەو بەخەستی جەختی لەوە کرد کە هەموو مندالیتییەك، بەتوندیی لەلایەنی ئارەزووی سیکسیی ئەوەوە فۆرمۆلە بووە، بەجۆریك کە هیچی لە هەرزەکاریك کەمتر نیە. لەسێ وتار دەبارەی سیکسایەتیی( ١٩٠٥) ەکەیدا، مشتومری کرد لەسەرئەوەی لەساتی لەدایکبوونەوە، بەرەو پیش داواکارییە

سیکسـیی و فیزییـەکان لـەململانیدا دەبـن بـۆ بــەریوەبردنی زۆرترین ریـژەی رەفتارەکـانی منـدالی سـاوا. لەهـەژدە مـانگی یەکـەمی تەمـەندا، قۆنـاغیکی دەمیـی هەیـە ( oral phase)   کـە تییـدا چیـژی سیکسـی بەهـۆی مژینـی مـەمکی دایکـەوە دابـین دەبیت. لەهەژدە مانگییەوە تاکو سێ سالیی ، قۆنـاغی دووەم دەستپیدەکات، کەبریتیە لەقۆناغی کۆمیی ( anal phase). لـەم فۆناغەدا چیژی سیکسیی کۆنترۆلکردنی فریدانی پاشەرۆکدا دەبیـت. لەتەمـەنی سـێ سـالییەوە بـەرەو پـیش، ئەندامــەکانی زاوزیــی گرنگیــی پــەیدا دەکــەن. ئەمــەیان قۆنــاغی فالیکییــە ( phalic phase ) وشـەکە لـە ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ماناکـەی چووکــە، خــووی نـهینی و ئەندیشــەی سیکســیی دەگریتــەوە. تادەگاتــە تەمــەنی شــەش ســالان کــە لــیرەوە قۆناغیکی سیکسیی دیتە پیشەوە کە پیی دەوتریت قۆنـاغی متبـوون ( latency stage )، ئـەم قۆنـاغـە هــەتاکو ســالەکانی هـــەرزەکاریی دەخایـــەنیت، تادەگاتـــە تەمـــەنی توانـــا سیکسییەکانی نەرزەیی تەواو پیگەیشتوو.

مرۆڤ کەبەم قۆناغانەی پەرەسەندندا تیدەپەریت، قۆناغە پیشـینەکان بەتــەواویی وون نــابن، بــەلکو قۆنــاغی تــازەتر دەیانشـــاریتەوە.بـــەپیی ئەمـــەش حالەتـــەکانی رەفتـــاری نائاسایی، زیاتر وەکو راوەستان لەقۆناغیکدا شیدەکرینەوە، وەك نوشوسـتی هینـان بـۆ بـەردەوام بـون لـەجوولان بـەرەو قۆناغی داهاتووی پیگەیشتن، یاخود لەهەندیك حالەتی تردا، پاشەکشەکردن، کـەتییدا خـەلکیك لەقۆناغیکـەوە دەگەرینـەوە

**بۆ دواوە بۆ قۆناغەکانی پێشووتر. بۆ نمونە، ڕەنگە کەسێک کەئالودەی وردەکارییە بێبایەخەکانی ژیانە، وا لەقەلەم بدرێت کە لەقۆناغی کۆمییدا گیری خواردووە، کەلەویدا ڕەفتار بەتەواویی کۆنترۆڵ کراوە، ڕەنگیشە زیاتر پاشەکشە بکاتەوە بۆ قۆناغی دەمیی. کاتێک فرۆید دەست دەکات بەلێکۆڵینەوەی ئایین، ئەم گۆشەنیگایە دەربارەی پەرەسەندنی مرۆڤ، گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێت. کەیەکێک لەبایەخە هەرەسەرەکییەکانی ئەوەیە جێگای باوەری ئایینی، لەزیجیرەی پەرەسەندنی سۆزییدا بدۆزێتەوە. ئایا سەربە قۆناغی نەرزەیی ( پێگەیشتوویی ) یە لەپەرەسەندنی کەسێتییدا، یاخود سەربەقۆناغەکانی پێشووترە؟ بێشك وەڵامی ئەم پرسیارە بایەخێکی زۆری هەیە. لەوەش زیاتر ، کاتێک فرۆید گفتوگۆ لەسەر مێژووی ژیارەکانی مرۆڤ دەکات، زۆر حەز دەکات کەلەگەڵ پێکەیشتنی تاکەکاندا جووتی بکات، وەك ئەوەی دەربارەی تاکە کەسێک قسە بکات. لەرۆژانی فرۆیددا، بەراوردکردنەکە بەخۆشییەکی زۆرەوە وەرگیرا. ئێرنست هەیکەل•،**

• هەیکەل، ئێرنست هینریش Haeckel, Ernst Heinrich (1834-1919), بایۆلۆجیست و فەیلەسوفیکی ئەلمانییە، لەریی کتێب و وانەکانییەوە ، کارەکانی داروینی شیکردۆتەوەو، بە خەلکی ئاسایی ئەلمان ئاشنای کردوون. دیارترین کتیبی بریتیە لە نهێنییەکانی گەردوون ١٨٩٩، پەرجووەکانی ژین ١٩٠٤.

کەفەیلەسوف و بایۆلۆجیستیکی ئەلمانی بوو، برگەیەکی لیوەرگرت و لە" ئۆنتۆلۆجیای پەرەسەندنی مرۆڤ"دا بەکاری هینا( پەرەسەندنی تاکەکان کورتکراوەی پەرەسەندنی چەشنە). بیشك هەیکەل تاکی وەکو ئاوینەی گرووپ دەبینی، لەکاتیکدا فرۆید دەیبینی کاردانەوەکە بەریچکەیەکی تردا دەروات. هەرچۆنیك بیت گرنگترین شت کە تیبینی بکریت، ئەمەیە: هەرکەسیك دابەشکردنەکەی فرۆید قبوولٚ بکات، ئەوا دەبیت یەکیك لەم دوو تیروانینە دەربارەی ئایین هەلبگریتەوە: یان ئەوەتا ئایین دەگەریتەوە بۆ مندالیی چەشنی مرۆڤ، یاخود تیروانینیکی تر کەپیی وایە نیشانەی پیگەیشتنی چەشنی ژیار.

رەنگە کەس پیویستی بەوە نەبیت کە پیی بوتریت سیکسایەتی ساوایی . لەگەلٚ پیوەستییدا بە ئایینەوە . بریتییە لەیەکیك لە روونترین نمونەکان، بۆ گریی ئۆدیپۆسی فرۆید.ئەم زاراوە نیودارە لە تراجیدیایەکەوە دیت ( فرۆید لەقوتابخانە لەیەکیك لەوانەکانیدا وەکو ئەرکیك وەری گیراوە بۆ ئەلمانی) کە سۆفۆکلیسی گەورەدرامانووسی یۆنانی دیرین نوسیویەتی. ئەم تراجیدیایە باسی شائۆدیپۆس دەکات، کە پیاویکی باش و ناسراو بوو، کە لەغەیبەوە چارەنوسی دیاریکرابووبەوەی باوکی خۆی بکوژیت و دایکیشی مارە بکاتەوە. فرۆید بەشیوەیەکی هاوتەریب بەچیرۆکەکەی ئۆدیپۆس، پیمان دەلیت، مندالاٚن لەقۆناغی فالیکییدا ( لەنیوان تەمەنی سێ و شەش سالاٚندا ) ئارەزووی

ئەوە دەکەن جیی یەکیك لەدایك یان باوکیان بگرنەوەو بچنە باخەلی ئەوەی تریانەوە. کور ئەو چیژە کەشف دەکات کە لەچووکییەوە دەستی دەکەویت، دەیەویت ببیت بە دۆستی سیکسیی دایکی خۆی، بەوەی جیگەی باوکی بگریتەوە، کە بەرامبەری هەست بە قین دەکات و بەکیباری خۆی دایدەنیت. دایك دەرك بەم هەستکردنەی کورەکەی دەکات، بۆیە ناهیلیت دەست بدات لە ئەندامی سیکسیی خۆی و لەمەدا باوکیش پیشتی دایك دەگریت، دەیترسینن بەوەی بۆی دەبڕن. کورەکەش بەراستی دەترسیت و وادەزانیت کچان بۆیە چووکیان نیەو پیی وا دەبیت کە ریی تیدەچیت شتیکی وا لەمیش روبدات، ئیتر تووشی گریی خەساندن دەبیت، کە ئەمە ترسناکترین شۆکە لە ژیانی منداڵییدا.(١٨) بۆیە کور دەگاتە خۆی دەبینیت پیویستە مل کەچ بکات بۆ باوکی و، دەسبەرداری ئەو ئومیدە ببیت کە دایکی دەست بکەویت، ئیتر هیوربوونەوەی سیکسیی لە خووی نهینی و فەنتاسیای سیکسییەوە پەیدا دەکات. بەلام بەیەکجارەکی دەسبەرداری هیوای دەسکەوتنی دایکی نابیت و ئیرەییەکەشی بەرامبەری باوکی بەتەواویی نارەویتەوە. کچیش ئەزمونیکی لەم بابەتەی دەبیت بەلام بە ریرەویکی جیاوازدا. کچان ئیرەیی بەچووکی کوران دەبەن، ئەندیشە دەکەن کە ئەوانیش شتیکی وایان هەبیت، یەکەمجار لای دایکیان بۆی دەگەرین، دواتریش مییەتی خۆیان قبووڵ دەکەن و دان بە دەسەڵاتی باوکیاندا دەنین.

تەنانـەت دوای ئـەو شۆرشــە سیکســییەش کــەهاوزەمان روویدابوو، بۆچوونەکانی فرۆید لەمەر گریی ئۆدیپۆس بەلای زۆرکەسەوە وەکو شۆك وەهابوون. بەلایانەوە شتیکی ماقووڵ نـەبوو کـە ئـەو منداڵیتییـە بەسـتەزمانە ئـەم پاڵنەرانـەو ئـەم هەست و سۆزە تاریکانەی تیدابیـت. بەڵام فرۆیـد بەتـەواویی بەوە قایل بوو.بگرە لەوەش زیاتر هەستیدەکرد کە لەراسـتیدا گریی ئۆدیپۆس ئـەمونی سـەنتەرییە لـە ساڵانی منداڵیتییـدا. گـەورەترین گرفتـی سـەرەتای ژیـان و، سـەرچاوەی سـەرەکیی نارەحەتییـــەکانی دواتـــرە.[١٩] بەراســـتییش قـــەیرانی ئۆدیپۆسییانە، بۆ کۆمـەلگاش وەکو تاکـەکان کیشـەیە.ئەگـەر ئەم هەستە قوولەی کوشتنی دایکوباوك ببیت بەراسـت، ئـەوا زۆر بەخراپی خیزان ویران دەکات، کەئەمە بۆمانەوەی خودی منداڵەکەش نەهامەتییەکی گەورەیە. ئەگـەر ئەمە بیتــە دیـی ئەوا بۆ تاکیش و گرووپیش مایـەی دەردیسـەرییە، ریك وەك ئەوەی بەسەر شائۆدیپۆس هات لە تراجیدیاکەدا. ئینجا، هەر لەقۆناغی یەکەمی ژیـانی منداڵدا، ململانییـەك سـەرهەڵدەدات لەنیوانی پاڵنەری سیکس و پیویستییشی بەخیزاندا. هەموو مرۆڤەکان لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیاندا دەگەنە ئەوەی هەتا هاوسـەنگییەك نەدۆزنـەوە، هــەتا ئارەزووەکانیــان کۆنــترۆڵ نەکەن، ئەوا نەخیزان دەبیت و نە کۆمـەلگاش بوونـی دەبیـت، بەمەش هیچ ئاسایشیك نامینیت یۆ تاك. پیویستە هەندیك لە ئارەزووەکنمان سەرکوت بکریـن، چونکـە بـەبێ ئـەمـە نـاتوانین ژیاریکمان هەبیت.

## نوسینەکانی دواتر

فرۆیــد لەســاڵانی پیگەیشــتنیدا، تیورییەکــەی خــۆی مشــتوماڵ کــردو پــەرەی پیــدا. هــەردەم بــەدوای رەهــەندی تــازەتردا دەگــەڕاو پیــادەکردنی ئایدیاکــا ســەرەکییەکانی فراوانــتر دەکــردەوە: نەســت، گریــی ئۆدیپــۆس، نیرۆســیکا، لەگــەڵ ســێ بەشــەکەی کەســیتی مــرۆڤ. لــە پشــتەوەی پرەنسیپی چیــژدا ١٩٢٠، تیگەیشتنەکانی خۆی بـۆ پالنــەرە بنەرەتییــەکان، زیــاتر مشــتوماڵ کــرد، کــە لەســەر بنــەمای سیکس و خود . خەفەکردن دامەزرابوون . ئەو دوو هاندەرەی کــە ژیــان دەخولقینــن و تۆکمــەی دەکــەن . بــە زیــادکردنی پالنەریکی بنەرەتیتر، بەڵام جیاوازو بۆئەوەی ببیت بە دژیك بۆیان.ئەویش بریتی بوو لە غەریزەی مەرگ " ساناتۆس" کە پالنەریکە بۆ گیرانەوەی ژیان بۆ نەبوون، بۆ ئەوکاتــەی کــە بەهیچ شیوەیەك ژیانی تیدا نەبوو.هەستی کرد کە چەمکیکی ئاوا، تاکە شتیکە بتوانیت چەندان نمونە لە رەفتارەکان لیك بداتەوە لەوینەی ماسۆشیزم* و سادیزم*. کە تیایاندا خەلکیك

* ماسۆشیزم **Masochism,** لە سـایکۆلۆجیای مرۆڤـە نائاسـاییەکاندا، بریتیە لە تیکچوونیك لــە مومارەســەکردنی سیکســدا، بریتیــە لــەوەرگرتنی چیــژی سیکســیی لــە ریگــای ئــازاری جەســتەییەوە، یــان لــە ریــی

**خۆیان لە چێژ لادەدەن و بەدوای ئازاردا دەگەڕێن. لە کتێبی سایکۆلۆجیای گرووپ و شیکردنەوەی من ١٩٢١دا، چەمکی لیبیدۆ*، یاخود ئارەزووی سێکسیی بەرین دەکاتەوە، تاکو**

---

دەستدرێژییکرنەسەرەوە. وشەکە لە ناوی خواستراوی ڕۆماننوسیکی نەمساوییەوە وەرگیراوە، کە ناوی لیۆپۆڵ ڤۆن ساشەر ماسۆشە، کە لە ڕۆمانەکانیدا لەم تەرزە کەسیتییانەی تەویف دەکردو، بەفامچیکاریی ڕەحەت دەبوون. لەدەرونشیکارییدا، ئەم چەمکە بەفراوانی بەکارهاتووە بۆ گوزارشت کردن لەو دیاردەیەی کە تییدا تاکەکان پییان خۆشە لەلایەنی کەسانیکی ترەوە زەلیل بکرین.

* سادیزم **Sadism** ئەمیان پیچەوانەی ماسۆشیزمە. چیژی سیکسیی لەریگای ئازاردانی جەستەیی یان دەروونیی بەرامبەرەوە پەیدا دەکات. بەکاریش دەهینری بۆ شیکردنوەی کەسیتی ئەوانەی ئارەزووی ئازاردان و سەرکردایەتیکردن و خۆ سەپاندن دەکەن. زاراوەکەش لەناوی مارکیز دی سادەوە وەرگیراوە کە نوسەریکی فەرەنسییەو کاراکتەری لەم جۆرەی لە نوسینەکانیدا تەوزیف کردووە.

* لیبیدۆ **Libido (Latin libido,** تیورییەکی دەرونشیکارییە، پوختەکەی ئەمەیە: وزەی ئەو، یاخود وزەی شاراوەی ناو نەست، لیپرسراوە لەهەموو ئەفراندنیك. بەپیی تیورییەکانی فرۆید، لیبیدۆ

**بگاتـه سـنورەکانی بەسـتنی پەیوەندییـه سـۆزییەکان، وەك ئەوانەی لـەخێزاندا هـەن. پاشـان کەوتـه روونکردنـەوەی کـه چۆن دامەزراوەیەکی ڕێکخراوی لەنمونـەی کەنیسـه پشت بـه پێوەستبوونی تاك دەبەستێت بەسەرکردەیەکەوە، بۆ نمونه لە مەسیحییەتدا، دلسۆزیی بۆ کەسی مەسیحە، شوێنکەوتووەکە بروا دەکات کە ئـەو یـەکگرتووی و هاوپشتیی بەخشیوە بـەم ژمارە یەکجار زۆرەی خەلکی ناو کۆمەلگا.**

**لەگـەڵ دەسپێکردنی جـەنگی جیـهانیی یەکـەمدا، فرۆیـد بەفراوانی کاردانەوەی بەرامبەری ماناکانی مـەرگ ، بێهێزیی مــرۆڤ، لەگـــەڵ ســـنورداریی ژیـــار، پـــەیداکرد. لەســـاڵە سەختەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانییدا، دەرونشیکاری بـه پتـەویی مایـەوە، لەگـەڵ پەرەسـەندنی زانستیشـدا، فرۆیـد بایـەخێکی زوری دا بـەبرەوپێدانی پیرەوەکـەی خـۆی. بـەڵام هەستێکی گشتیی بەرەشبینی سـەبارەت بە نەهامەتییـەکانی مــرۆڤ، هاتـــه ئـــاراوە. ئەمـــه بەراشـــکاویی لـــه ژیـــارو**

---

غەریزەیەکی سێکسییە، بۆیە داهێنانی هونەریی بریتیە لەگوزارشتکردن لە سەرکوتکردنی غـەریزەی سێکسـیی، بەشـێوەیەکی تـر گوزارشـت لـەخۆی دەکات. یۆنگ بنەمای سێکسیی لەلیبیدۆدا رەت کردۆتــەوە، بـەبروای ئـەو ئەو هێزەی لەپشتی غەریزەکانەوەیـە بـۆ داهێنـان و ئـەفراندن برینێـت لـە گوزارشتکردن لەئیرادەی ژین.

نیگەرانییەکەی ۱۹۳۰* کە تییدا باسی  ململانێ ناشادەکانی نیوان ئـارەزووە غەریزەییـەکانی تـاك دەکـات. زۆر سـەرنجی هــیزە شــەرەنگیزەکانی مــرۆڤ دەدات، لەگــەڵ ئــەو فشــارە توندەدا کە پیویستە کۆمەلگا لەسەریان  پیادەی بکات ئەگەر بیەویت مرۆڤایەتی بەردەوام ببیت.

## فرۆید و ئایین

فرۆید پەرەی دا بە ئایدیاکانی  دەرونشیکاریی، بینی کە ئــایین بابــەتیکی زۆر چاکــە بــۆ لیکۆلینــەوە.[۲۰] بیشــك، لەمنداڵییدا، چەند زانیارییکەی بنـەرەتی دەربـارەی ئـایینی جوولەکە وەرگرتبوو. گەرچی خیزانەکەی   ئایینی نەبوون، بـەڵام فرۆیـد چیرۆکـەکانی کتیبـی پـیرۆزو نوسـینی عیـبری بەجوانی دەزانی[۲۱]. هـەروەها زانیارییـەکی باشیشی لەسـەر مەسـیحییەت پـەیداکردبوو، کـە بەشـیکی لـەو نیوەنـدە کاسـۆلیکییەوە وەرگرتبـوو کـە تیـدا دەژیـان و بەشـەکەی تریشـی لەخویندنـەوە زۆرەکـانی خۆیـەوە وەرگرتبـوو، لەئـەدەب و ژیـاری خـۆراوادا. پاشـان، ئایدیـای ئـاینیی ، ئەندیشـە، شـتی تـری لەوبابەتـە، کـە لەهــەندیك لەنەخۆشـە نیرۆسیکییەکانی سەرەتای دەسبەکاربوونیەوە، دەردەکەوتن،

* ئەم کتیبە لەلایەنی ئیمەوە کراوە بەکوردی و ئامادەیە بۆ چاپ

**ئەمیش سەرچاوەیەکی تری زانیارییەکانی بوو. هەرچۆنیك بیت هەلویستی تایبەتی خۆی بریتی بوو لەرەتکردنەوەی تەواوی باوەری ئاینیی. سەرگوزەشتەنوسەکەی فرۆید کە زۆر بەچاکی دەیناسی، پیمان دەلیت" هەر لەسەرەتای ژیانیەوەبە بی بروایی هیناوییەتی"[٢٢] فرۆید هیچ هۆیەکی نەدۆزییەوە بۆ باوەرهینان بەیەزدان، بۆیە هیچ ئەرزشیك یان مەبەستیکی، لە سروتەکانی ژیانی ئایینیدا نەدەبینی.**

**لەبەر رۆشنایی ئەم پیشینەیەدا، شتیکی سەرسورهینەر نیە کە نزیکبوونەوەی فرۆید لەئایین وەکو تایلۆرو فریزەر•، تەواو پیچەوانەیە لەگەڵ ئەوکەسانەدا کە خۆیان ئاییندارن.**

---

• فریزەر، سیر جەیمس جۆرج Frazer, Sir James George (1854-1941)، ئەنترۆپۆلۆجیستیکی بەریتانییە، لیکۆلینەوەی زۆری هەیە دەربارەی ئەفسانەو ئایین. دیارترین کاری بریتیە لە چلی زیرین ـ ١٨٩٠ کەبریتیە لەلیکۆلینەوەی سیستمە ئاینیی و سروتە ئاینییە دیرینەکان و پەیوەندییان لەگەڵ سەرەتای مەسیحییەتدا. ئەم کتیبە کە ناوبانگی فریزەری بڵاوکردەوە، هەتا سالی ١٩١٥ گەیشتە سیزدە بەرگ. لەسالی ١٩١٠دا کتیبی تۆتەمیزم و زەماوەندی دەرەکی بڵاوکردەوە. مرۆڤ، یەزدان، ئەبەدییەت ١٩٢٧، خولقان و پەرەسەندن لە گەردوونگەرایی بەراییدا ١٩٣٥.

**ئایندااران لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، دەڵێن بیمە باوەڕمان هەیە چونکە خودا لەرێگەی کتێبی پیرۆزەو، قسەی لەگەڵدا کردووین، لەبەرئەوەی یەزدان چۆتە ناو دڵەکانمانەوە، یاخود ئەوەی کەنیسەکانیان یاخود کنیستەکانیان* دەیلێن، ئەوە راستە. فرۆید جیا لەمەو بەتەواویی دڵنیایە کە بیروبۆچوونە ئاینییەکان لەیەزدان God * یان خوداوەندیکەوە**

---

* کنیست Synagogue ( لەزمانی یۆنانییدا مانای شوێنی کۆبوونەوە دەگەیەنێت، لە زمانی عیبرییدا بەمانای شوێنی کاهین یان راهیب دێت) لە ئاینی جوولەکەدا بریتییە لەماڵێك تەرخانکراوە بۆ نوێژو نیاییشی گشتی، بۆ کۆبوونەوە خوێندن. بریتییە لە شوێنێکی سەتنەریی بۆ پەرستش و خواناسیی.

* یەزدان God, بریتیە سەنتەرو چەقی دڵسۆزیی باوەڕداران، بوونێکی پیرۆزە یاخود ئەلتەرناتیفی بوونی مرۆییە کە هەموو پیرۆزیی و نوێژە ئاینییەکان بۆ ئەو ئەنجام دەدرێن، بەتایبەتی لە ئاینە یەکتاپەرستەکاندا. یەزدان بە ئەفرینەر یاخود سەرچاوەی هەموو شتێك دادەنرێت کە بوونیان هەیەو لە زمانی پەیامبەرەکانییەوە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە دەکات و خاوەنی سیفەتەکانی ناکۆتایی و نەمریی و جێگیریی و چاکیی و داناییە ( هەموو شتێك دەزانێت ) ، هەروەها بەدەسەڵاتە ( خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکانە). زۆرینەی ئاینەکان چەند سیفەتێکی مرۆیی دەدەنە پاڵ یەزدان جا چ بەشێوەیەکی ئەدەبیی بێت یاخود بەشێوەیەکی میتافیزیایی، لە نمونەی ئیرادە، خۆشەویستی، توڕبوون، هەروەها لێبوردنیش.

**godٌ نــەهاتوون، چونکــە خوداکــان بوونیــان نیــە، هــەروەها بـــاوەڕیش لەبیرکردنـــەوە لەجیهانـــەوە نـــەهاتوون، کـــە بەشیوەیەکی ئاسایی بگەنە ڕاستییەکان. هـەروەکو تـایلۆرو فریـزەر، فرۆیدیـش دلنیایـە لـەوەی کـە بـاوەرە ئاینییــەکان دروست نین،بەلکو بریتین لە خورافیات Superstition ٌ لەهـەمان**

---

ٌ خوداوەند god کورتکراوەی خودایە، کە مانای یەزدان دەگەیـەنیت، لیرەدا وشەی خوداوەند بەو مانایـە بـەکارهاتووە کـە گوزارشـت لـە چـەند پەرسـتراویکی بچووکـتر بکـات ( ماتریـالیی بـن یـاخود میتافیزیـایی ، کــە هەموویان پیکەوە دەوری خودا یان یەزدان ببینن، کە ئەمەیان خەسلەتی ئاینە فرە یەزدانەکانە. راستییەکەی لە زمانی کوردیدا، خوداوەنـد و خـودا هــەر بەهــەمان مانــا بــەکار دەهیـنرین، لـیرەدا چارمـــان نـــەبوو بـــۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتریی، چونکە زاراوەی بت یان سەنەم مانـای تـەواوی زاراوەکە نادەن بەدەستەوە.

ٌ خورافیــات Superstition, بریتیــە لــە مومارەســەکردنی چـــەند سروتیکی باوەر دارانــە کـە بەشـیوەیەکی گشـتی لـە لۆجیکـەوە دوورن و، بریتـین لەئـەنجامی نـەزانیی یـان ترسـان لـەنادیاریی. ئامـاژە دەکـەن بـۆ باوەربوون بەچەند هیزیکی نەبینراو نەزانراو، کە دەتوانریت لە ریــی چـەند سروتیکی دیاریکراوەوە کاریان تیبکریت، واتە سـیحر یـان جـادوو، یـاخود فـالّ گرتنـەوە. سـیحرو ئەفســون بەشــیوەیەکی گشــتی دەبرینـــەوە بــۆ سەرخورافییات. بۆ نمونە هــەندیك باوەریـان وایـە کـە ئەگـەر پشـیلەیەکی رەش بەبـەردەمیاندا بـروات، ئـەوا بـەختیان رەش دەبیـت، یـاخود ئەگـەر یەکیك بەژیر پەیژەیەکدا بـروات تووشـی نەهامـەتی دەبیـت، یـاخود کـورد وتەنی ئاورشتن بەناوەخت دەبیـتە هۆی ئەوەی بالوکە لەدەستت بیت.

کاتیشدا، سەرنجی ئەوە دەدات کە خورافیاتی دلخۆشکەرن، کە پرسیاری زۆر گرنگ دەربارەی سرشتی مرۆڤ، بەرز دەکەنەوە: ئەگەر ئەوانە بەبێ گومان هەلە بن، ئەی بۆچی ژمارەیەکی زۆری خەلك ئەو باوەرانەیان هەلگرتۆتەوە، ئابەم ملکەچییە قوولەشەوە؟ بۆچی پاریزگارییان لیدەکەن؟ تایلۆر زۆر گوێ ناداتە ئەم چەشنە پرسیارانە، فریزەریش گەرچی بایەخ دەدات بە سیحرو، ئەویش پرسیارەکان پشتگوێ دەخات. هەرچۆنیك بیت، فرۆید بە جوانی بایەخیان پیدەدات. بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەدەرونشیکارییدا، وەلامەکان دەدۆزیتەوە.

دەتوانین لەوتاریکی زووی فرۆیددا، کە لەژیر ناونیشانی " رەفتارە زیدەرۆکان و مومارەسە ئاینییەکان ـ ١٩٠٧"، یەکەمین کلیلی نزیکبوونەوەی ئەو لە ئایین بدۆزینەوە. فرۆید سەرنج دەدات کە لیکچوونیگی زۆر هەیە لەنیوانی چالاکییەکانی خەلکانی ئاییندارو، هەلسوکەوتی ئەوانەی نەخۆشیی نیورۆتیکییان* هەیە. هەردوکیان، بۆ نمونە، جەختیکی زۆر لەوە دەکەن کە شتەکان بەشیوەیەکی سروتیی

---

* نیۆرۆسیس Neurosis, لەدەرونشیکارییدا، بریتیە لە نەخۆشیی عەقلیی، کە نیشانەکانی نیگەرانیی و بۆژۆییە لە کەسیتییەکدا. ئەو کەسەی کە نەخۆشییەکەی تیدایە پیی دەوتریت نیۆریتیکی Neurotic,

ئەنجام بدەن، هەردوکیشیان هەست بەگوناهباریی دەکەن، ئەگەر ریساکانی سروتەکەیان بەوردیی جیبەجی نەکەن. هەروەها لەهەردوو حالەتەکەشدا، بەشدارانی سروتەکە بەشداریشن لەخەفەکردنی چەند غەریزەیەکی بنەرەتییدا. نیرۆسی سایکۆلۆجی بەگشتی لە خەفەکردنی پالنەری سیکسییەوە سەرهەلدەدات، ئاینییش داوای خەفەکردنی خودپەرستی دەکات، داوای کۆنترۆلکردنی غەریزەی مـن دەکات. بۆیە هەروەکو خەفەکردنی سیکسیی، دەبیتە هۆی پەیدابوونی نیرۆس، بەهەمان شیوەش ئایین کە بەفراوانیی لەناو چەشنی مرۆڤدا پیرەویی لیدەکریت، زیاتر لە نیرۆسیکی گەردوونیی دەچیت.(٢٣) ئەم بەراوردکردنە پیشنیاری بابەتیك دەکات کە لەزۆرینەی نوسینەکانی فرۆیددا لەمەر ئایین شتیکی بنەرەتییە. لەبۆچوونی ئەودا، رەفتاری ئاینیی هەمیشە لە نەخۆشیی عەقلیی دەچیت، بەمپییەش، ئەو چەمکانەی کەزۆر بۆ شیکردنەوەی ئاین بەکەلك دین، ئەوانەن کە دەرونشیکاری پەرەی پیداوون.

هەرسێ کتیبە تەرخانکراوەکەی فرۆید بۆ ئایین، ئەم مەسەلە بنەرەتییە پیرەو دەکەن، بەلام بەریگای جیاجیا. هەرسیکیشیان کورتن. بۆیە لەجیاتی هەلبژاردنی تاقەیەکیکیان، دەتوانین بایەخ بەهەریەکیکیان بدەین، کە هەموویان سەرنجی ئەو نمونە دەرونشیکارییە دەدەن کە خۆی لەخۆیدا بۆچوونیکی باوە.

## تۆتەم و تابۆ

**تۆتەم* و تابۆ* ١٩١٣ بەباشترین کتیبی فرۆید دادەنریت. لیرەدا شیکردنەوەی سایکۆلۆجییانە بەسەر خەلکە بەراییەکاندا پیادە دەکات، چەمکەکانی دەرونشیکاریی بەکار**

---

* تۆتەمیزم Totemism, بریتیە لە سیستمیکی ئالۆزی ئایدیاو سیمبۆلەکان و مومارەسەکان کەلەسەر پەیوەندییەکی گریمانەکراو دامەزراون، لەنیوانی تاکیك یان گروپیکی کۆمەلایەتییدا، لەگەل بابەتیکی سروشتییدا کە بەتۆتەم ناسراوە. دەشیت تۆتەم بالندەیەك، گیانەوەریك، یاخود رووەکیك بیت، هەروەها دەشیت دیاردەیەکی سروشتییش بیت، یان خەسلەتیکی تایبەتی دیمەنیکی سروشتی بیت کە گرووپەکە پیی وایە بەشیوەیەك لە شیوەکان پیوەی پیوەستە. زاراوەی تۆتەم لە زمانی ئۆجیبواوە خواستراوە، کە هۆزیکی بەراییە لە ئەمریکای باکوور.

* تابۆ Taboo, بریتیە لەقەدەغەکردنی شتیك یان چەشنە رەفتاریك.لە تابۆ ئاینییەکاندا، بابەتی قەدەغەکراو بە شتیکی پۆخل یان دزیو یان گلاو یاخود ناپیرۆز لەقەلەم دەدریت. تابۆ بۆ خۆپاراستن لە هیزو توانای بابەتەکە بەکاردەهینریت. قەدەغەکردنی کوشتن و مارەکردن لەناوەوەی گرووپیکدا، نمونەی رەفتاری تابۆیین. هەندیك لەتابۆکان بەتەواویی قەدەغەکراوی ئایینی نین، بەلکو پەیوەندییان بەپەیوەندییەکۆمەلایەتییەکان و دابونەریتەکانەوە هەیە، بریتین لەنمونەی جیاکەرەوەی گرووپ.

دەهینیـت. بـەڵام وەکـو هـەرکتیبیکی تــری ئــەو ماوەیــە، کاریگـەریی بیرکردنــەوەی پەرەســەندنی بەســەرەوەیە . نــەك تـەنیا تیورییەکـەی داروینـ• لەمـەر پەرەسـەندنی بـایۆلۆجی، بــەلکو ئایدیــا گشـــتییەکانی پەرەســـەندنی کـــەلتوریی و کۆمەڵایــەتییش. فرۆیــــد لـــەو کتیبــەدا، بۆچوونـــەکانی سـەردەمەکەی قبـووڵ دەکات، کەبەتـەنیا بوونـی بایۆلۆجیمـان بەرهـەمی یاسای پەرەسـەندن نیـە. فرۆیدیـش ئـەو بیرۆکەیـە هەلدەگریتـەوە کـە تـایلۆرو فریزەریـش هـەلیان گرتبـوو، کـە کەلتورەکــــەشمان پـــــەرەی ســــــەندووەو، دامــــــەزراوە کۆمەڵایەتییـەکانیش ، وەکو گیانـەوەران، هیلیکـی شـاراوەی گرتۆتە بەر بەرەو پیشـەوە. سـەرەنجام، دەلیت هـەروەك چۆن لەژیانی رابردوی منداڵیی تاکە پیگەیشتووەکاندا دەتوانین، کلیلـــی کەســـیتییەکەیان دەدۆزینـــەوە، ئـــاواش گـــەلتورە رابردووەکان کلیلی تیگەیشتنی ئەم ژیارەی ئیستامانن. زیـاد لـەوەش، ئـەو رابـردوە تـەنیا پیشـینە خـاوەن ژیارەکانمـان

---

• داروین، چارلس رۆبەرت ,Darwin, Charles Robert (1809-1882) زانایـەکی بەریتانییـە، کـە تیـورەی پەرەسـەندنی هینایـە ئـاراوە، لەمـــەر پەرەسـەندنی هـەموو چەشـنەکانی ژیـان لـەتویی پرۆسیســیکی هیواشــی هـەلبژاردنی سروشـتییەوە. کـارە سـەرەکییەکەی کاریگـەری زۆری هـەبوو لەســەر ژیــان و زەمــین و زانســت و هــــەروەها لەســـەر بیرکردنـــەوەی مۆدرین بەگشتی.

ناگریتەوە لە یۆنان و رۆمانەکان ، بەلکو. هەروەك داروین پەیوەندییەکەی پیشانداوین . هەموو گکەلتورە پیش میژوویەکان و ئەو خەلکانەش دەگریتەوە، کە گرووپەکەیان بۆیەکەمین جار لە جیهانی ئاژەلان جیا بووەتەوە.

فرۆید ئەم پیشەکییانە دەگریت بەدەستییەوەو، دەچیتە سەر ئەو خەلکە بەراییانەی کە بەبیرکردنەوەی مۆدرین نامۆو غەریبن: بەکارهینانی تۆتەمەکان و ریساکانی تابۆ. قەدەغەکردن . وەکو تیبینییمان کردووە، تایلۆرو فریزەرو ئەنترۆپۆلۆجیستی* تریش بەو تەرزە ریسایانە سەرسام بوون.(٢٤) لەساتی یەکەمدا، تیرەیەك یان هۆزیك خۆی بەشدار دەکات لە گیانەوەریك یان رووەکیکی دیاریکراودا، کە خزمەتی بابەتە پیرۆزەکەی دەکات، ئەوە تۆتەمە. پاشان کەسیك یان شتیك بەقەدەغە لەقەلەم دەدریت" لەسنوریکدا" یان حەرام دەکریت. پیدەچیت بەپیی دیرینترین و بەهیزترین تابۆی زانراو، زۆربەی کۆمەلگا دیرینەکان، بە مکومیی دوو شتیان قەدەغە کردبیت. یەکەمیان نابیت لەناو گرووپدا کەس

---

* ئەنترۆپۆلۆجی Anthropology, بریتیە لەلیکۆلینەوەی دیاردەکانی ناو کەلتوری مرۆڤ. لەم تەرزە پرسیارانە دەکۆلیتەوە: خەلك چۆن دەژین؟ بیر لەچی دەکەنەوە؟ چی بەرهەم دەهینن؟ چۆن لەگەل ژینگەدا کارلیك دەکەن؟ ئەنترۆپۆلۆجیستەکانیش هەول دەدەن لەفرەچەشنیی مرۆڤ تیبگەن لەهەموو ئاستەکانی کۆمەلایەتیی بوونیاندا.

خوینــی کــەس بریـژیــت، هــەروەها ژن و ژنخوازییــش دەبیــت هەمیشە لەدەرەوەی خیزان یان بەرەبابی راستەوخۆدا بیت. لەنیوانی خەلکە بەرایییەکاندا بەزۆریی ئەوە هەیە کە فرۆید ناوی ناوە " ترسی خزمکوژی". هەروەها نابیت گیانەوەرە تۆتەمەکە بکوژری یان بخوریت، جگە لەو کاتەی کە بەشیوەی ئاهـەنگیگ هـــەمووان دەیکــەن و، ئــەو ریســـایە دەشــکینن ، تۆتەمە قەدەغەکراوەکە دەخۆن. سییەم شت . لیرەدا فرۆید لە تیوریســـتەکاتی تــر تیدەپــەرینیت . ریگــە نـــادریت تـــابۆ بشکینریت، بەشیوەیەکی باو ریگە نادریت ئەو شتانە بکرین، مەگــەر لەچـــەند کــاتیکی دیـــاریکراودا نـــەبیت، کەخـــەلك لەراستیدا دەیانەویت بیکەن. ئەمانە ئەو تاوانانەن کە خەلك هەولیانداوە ئەنجامیان بدەن.وەلی ئەگەر وابیت، ئەوا بۆچی لەسەرەتاوە ئەو تاوانانەیان کردووە؟ بۆچی هەمووان بەچەند ریسایەك سنورکراون، کە لە راستیدا کەس نایەویت هەبن؟

لــیرەدا بەشـــیوەیەکی تایبـــەتی دەگـــەین بـــەو چەشـــنە پرسیارەی کە لەکاری تیوریستانی لەوینەی تایلۆرو فریزەردا دەرناکـــەون. رەفتـــارە ئایینیـــەکانی مـــرۆڤ لـــەجیگای رۆشــنبیریی خۆیانــەوە، بریتـــین لەهـــەولدانی هەســت، بــۆ پـەیداکردنی هۆیـەك بـۆ بـەکارهینانی عـەقل بـۆ تیگەیشـتنی جیـهانی دەوروبـەر، لەهەمانکاتیشـدا، نوشوسـتنی هینـانی عــەقلی دروســت پیشــان دەدەن. خەلکــە ئاینییــەکان هــەوڵ دەدەن لۆجیکی بن، بەلام سەرناکەون، پیروی تابۆو سروتی تۆتــەمیزم، نـــاتوانن ئــەوە بەئــەنجام بگەیــەنن کــە ئــەوان

دەیانەویت. بەڵام هیشتا پرسیارەکە هەردەمینیتەوە: ئەگەر هەلە بیت باوەر بە تۆتەم یان تابۆ بهینریت، بۆچی خەلکیك بەردەوام دەبن لەسەری؟ فرۆید وەڵامی پرسیارەکە لەنەستدا* دەدۆزیتەوە. فرۆید بانگەشەی ئەوە دەکات کەنارەحەتییە نیورۆتیکییەکان پیشانی دەدەن کە، کەسیتی هەریەکە لە مرۆڤە ئاساییەکان و مرۆڤە نادروستەکان زۆر بەتوندی لەگەڵ یەکتریدا ناتەبان. بە باڵادەستیی ئارەزووە دژو بەهیزەکان. دەیانەویت هەندیك شتی دیاریکراو بکەن ، لەهەمانکاتیشدا نایانەویت. بۆنمونە، زۆرجار کە کەسیکی نزیك یان خۆشەویستی ئەو مرۆڤە نیرۆتیکییانە دەمریت، باوك یان دایك، ئەمان هەست بەخەمبارییەکی زۆر دەکەن. لەکاتی پشکنینی نەستدا، بۆمان دەردەکەویت، کە بەزۆریی ئەوە خۆشەویستی نیە، بەلکو هەست بەگوناهباریی کردنە، یاخود رقلیبوونە کە ئەو خەمبارییەی دروست کردوە. فرۆید دەلیت بۆمان دەردەکەویت کە مرۆڤی نیورۆتیکی لەنەستیدا

---

* نەست Unconscious, لە سایکۆلۆجیادا، نەست ناوچەیەکی وەسفییە ـ واتە مەرج نیە لەواقیعدا جیگایەکی ئاوای داگیرکردبیت ـ لە هۆش کە هیواو ئارەزووەکان، یادەوەرییەکان، ترس، سۆزەکان، هەروەها ئەو ئایدیایانەش دەگریتەوە کە نەهیلراوە لەهەستدا دەربکەون. بۆیە بەریگای نائاسایی گوزارشت لەخۆیان دەکەن و کاریگەریی خۆیان لەسەر هەست پیادە دەکەن، زۆربەی ئەو ریگایانە خەون یان رەفتاری نیرۆسیکییانە دەبیت.

دەیەویت ئەو دایك یان باوکە بمریت، دواتر. کاتیك مردنەکە دەبیت بەراست. ئیتر ئەم هەست بەگوناهباریی دەکات لەوەی ئەو هیوا دزیوەی خواستووە. بۆ نەهیشتنی ئەم فشارە، رەنگە کەسە نیورۆتیکییەکە ، چەندان خەسلەتی خراپ بداتە پالی مردووەکە، بۆ ئەوەی هیوای مردنەکە شتیکی مەشرووع بیت. بەشیوەیەکی بەرچاو خەلکە بەراییەکانیش ئەم خەسلەتەیان تیدایە، وابیر لە پیشینە مردووەکانیان دەکەنەوە کە نەفرەت یان رۆحی بەدکارانە بن، کە شایستەی رق لیبوونی ئەمانن. لەسیحرو ئەفسونەکانیشیاندا، واهەست دەکەن کە جیهان بریتیە لە دریژبوونەوەی خودی خۆیان. ئەوانە بیر لەدەنگی هەورەگرمە دەکەنەوەو لاساییشی دەکەنەوە، چونکە وادەزانن دەتوانن بەوە باران ببارینن.

کەلتوری بەرایی لەهەموو شتیك زیاتر، بریتیە لە مومارەسەکردنی تۆتەم و تابۆکان، کە شیوەیەکی قەشەنگی ناکۆکییە دەروونییەکانمان پیشکەش دەکات. کە پەنجەرەیەك لەسەر هیزی سۆزیی مرۆڤ ئاوەلا دەکات. پاشان ئەگەر داروین راستی پیکابیت کە مرۆڤ لە مەیمونەوە هاتووە، ئەوا پیویستە بیر لەوە بکەینەوە کەیەکەمین مرۆڤ وەکو پیشینە ئاژەلەکانی ژیاوە. لەناو هۆزی بەراییدا. خیزانە فراوانەکان لە مندال و ژنان لەلایەنی یەك دانە نیری بەهیزەوە بەریوەبراوە. لەناو ئەو گرووپانەدا، دلسۆزیی و سۆزداریی هەبووە، لەگەل ئاساییشدا دژی مەترسی، هەرچۆنیك بیت نیرە لاوەکان، شتیکی تریشیان هەبوو. سەرکوتکران و نکولیی لیکران.

بۆیە دەترسان و ریزیان لەباوکیان دەگرت، بەڵام حەزیشیان لەوە دەکرد مومارەسەی سیکسیی لەگەڵ مییەکاندا بکەن، هەموو ئەو مییانەی کە ژنی باوکیان بوون. ئەو نیرە لاوانە لەنیوانی ئاساییشی ناو هوزەکەیان و ئارەزووی سیکسی سەرکوتکراویاندا دابەش ببوون، ئەوانە لەبەردەم رەفتاریکی چارەنوسسازدا بوون. لەباریکی پر لە ترس و تۆقیندا، لە چەندان هۆزدا ، کورەکان یەکیان گرتووەو باوکی خۆیان کوشتووەو تەرمەکەشیان خواردووە( چونکە تا ئەو ساتە، هیشتا گۆشتی مرۆڤ خۆریش بوون)، ئینجا جیگەی ئەویان گرتۆتەوە لەگەڵ ژنەکانیدا. سەرەتا ئەم کوشتنی باوکە هەستیکی کامەرانی و سەربەستبوونی دەبزواند، بەڵام هەرزوو پەشیمانیو ناسۆر سەریان هەلدا. کورەکان هەستیان بەگوناهباریی و ژیوانبوونەوە کرد. حەزیان دەکرد ئەو سەردارەیان دەست بکەویتەوە کە خۆیان کوشتبوویان، ئەلتەرناتیف و رەمزی ئەو باوکەیان لەگیانداریکی تۆتەمییدا دۆزییەوەو، هەموویان قایل بوون بەوەی پیرۆزی بکەن و بیپاریزن، لەبەردەمی ئەو تۆتەمەدا سویندیان لەسەر دیرینترین تابۆی میژووەکەمان خوارد" کە تۆتەمەکە نەکوژن". بەتیپەرینی کات ئەو یاسایە گشتینرا و بوو بە ریسایەکی گەردوونیی دژی کوشتن" نابیت کەس بکوژن" ئەمەش بیگومان بوو بەیەکەمین ریسای ئاکاریی لەناو چەشنی مرۆڤدا.

هەمان هەستی بەتینی پەشیمانی، بردنی بۆ لای دووەمین تابۆ. بریاریك دژی كوشتنی خزم. ئەوانە كەهەستیان بەناسۆر دەكرد بەرامبەری رۆلەكەی خۆیان، بۆشیان دەركەوت كە لەسەر ژنەكانی باوكیان كیشەیەك لەنیوانی خۆیاندا دەتەنیتەوە، بۆیە كورەكان بریاریان لەسەر دووەمین فەرمان دا:" نابیت كەسیان ژنەكانی باوكیان ببەن بۆ خۆیان". بۆئەوەی بەیەكەوە بژین، كورەكان بریاریان دا لەدەرەوەی هۆزەكەی خۆیان بەدوای ژندا بگەرین بۆ خۆیان. فرۆید پیشنیار دەكات كەرەنگە ئەو ریكەوتنە پیش میژووەی نیوانی براكان، هۆی راستەقینەی مانەوەیان بووبیت لەپشتی "پەیمانی كۆمەلایەتی" یەكی ئەفسانەییەوە، كە زۆرجار فەیلەسوفەكان بە دامەزرینەری كۆمەلگای مرۆڤایەتی لەقەلەمیان داوە.

مەسەلەی یەكەمین تابۆ، زۆر لەوەی دووەمیان ئالۆزترە، فرۆیدیش بۆ روونكردنەوەی ئەوە، بەپیی كارەكەی ولیەم رۆبیرستۆن سمیس نەخشە دەكیشیت، هەمان ئەو پیاوەی كە پیشتر كاری كردبووە سەر فریزەر، یەكەمین كەسیش بووە كە پیشنیاری " قوربانییدان بەتۆتەم" ی كردووە لەناو بەرایییەكاندا[٢٥]. ژیانی تۆتەم لەرووی ئاكارییەوە پیرۆز بوو، لیكۆلینەوە تازەكان دەربارەی هوزە بەراییەكانی ئوستراليا، دەريانخستووەكە چەند ساتیكی پیرۆز هەبووە كە تییدا، ئەو نمونەیە پیچەوانە كراوەتەوە. ئاژەلە تۆتەمەكە كوژراوەوهەمووان لە ئاهەنگیكی سروتئامیزدا خواردوویانە.

فرۆید لەم خالی راگیربوونەی دەرونشیکارییەوە، دەلیت ئەمە نیشانەیەکی زۆر سەرنجراکیشە. قوربانیدان بە تۆتەمەکە، هەست و سۆزی قوولّ وەکو ئەوساتەی کە تییدا گرووپەکە بۆ یەکەمینجار یەکەمین باوکیان کوشت، کە ئەویش لەتویی مردنەوە، بووبە خوداوەندی هۆزەکە. لە سروتەکەدا، کورەکان بەشیوەیەکی جەماوەریی جەخت لەسەر خۆشەویستی خۆیان دەکەنەوە بەرامبەری ئەو باوکە. بەشیوەیەکی نەستییانەی تەواو ، هەروەها دەسبەرداری ئەو رقو کینەیەش دەبن کەبەهۆی نکولیکردن لە مومارەسەی سیکسییەوە تیایاندا دروست ببوو، کە ئیستاکە خۆیان نکولیی لیدەکەن.

کەواتە کوشتنی تۆتەم. کە جەخت لەوە دەکات کە کاتی خۆی لەقۆناغی مندالیتی چەشنی مرۆڤدا ، تاوانی کوشتنی باوك ئەنجامدراوە، . بریتیە لە گوزارشتکردن لەو هەستە میژووییەی کە لەهەموو ساوایەکی نیردا، لەگریی ئۆدیپیۆسدا چر دەبیتەوە. براکان هیرش دەکەنە یەر باوکیان بەهەمان رۆحی تاوانەکەی ئۆدیپۆسەوە کە هەزاران سالّ پیش ئەوەی سۆفۆکلیس شانۆنامەکەی بنوسیت قەوماوە! ئیرەیی بردن بەژنەکان باوکیان. ئارەزووی دایکەکانی خۆیان، کورانی سەرەتا تاوانەکەیان ئەمجامداو، دواییش خەم و پەژارەیەکی سروتییانەی بەدوادا هات. ئەم روداوە نائاساییانە، چەندان هەست و سۆزی ناکۆکیان لەمرۆڤدا جیهیشتووە. لەسەر ئاستی چالاکییەکانی هەست، ئەندامانی هۆزەکە تۆتەمە کوژراوەکە بەباوکە مردووەکەی خۆیان

**لەقەلەم دەدەن، هەروەها بە دانەپال projection • حالەتیكی یەزدانی پیدەبەخشن: ئەوانە دان بەوەدا دەنین كە هەرهەموویان مندالن و پەرستشی خۆیان بەوە پیشكەش دەكەن كە گۆشتەكەی بخۆن و، ئارەزووە سیكسییەكانیان كۆت بكەن. هەرچۆنیك بیت لەئاستیكی قوولتری نەستدا، گوزارشت لە چەندان سۆزی بەتەواویی پیچەوانە، دەكەن، بە ئەنجامدانی ئەو كوشتنە سروتییە بەكۆمەلە، گوزارشت لە ئارەزووە دیرینەكەیان دەكەن بۆ كوشتن و خواردنی گۆشتی مرۆڤ، بۆیە سەركوتكرانەكەیان •Frustration ئازاد دەكەن و رقیان لەوە دەبیتەوە كە لە گریێ ئۆدیپۆسە بەردەوام نكولی لیكراوەكەیانەوە دیت.**

**لەوەش زیاتر، لەبەر ئەم رۆشناییەدا، دەتوانین قوربانیدانە پیرۆزە هاوچەرخەكە ببینین، وەك شیوی**

---

• دانەپال projection لەدەرونشیكارییدا، مانای ئەو پرۆسیسە دەگەیەنیت كە تییدا كەسیك هەندیك سیفەت و سۆز و ئارەزوو، بگرە تەنانەت هەندیك بابەتیش لەوانەی نكولییان لیدەكات یاخود حەزیان پیناكات ،لەخودی خۆی دەكاتەوەو، لەیەكیكی تردا نیشتەجییان دەكات.. جا چ ئەو یەكە كەسیك بیت یان شتیك.

• سەركوتكردن Frustration بریتیە لەو دۆخەی كە تییدا كەسیك نائومید دەكریت لەتیركردنی ئارەزوویەكی نەزوەییانە، یاخود خۆی لەتیركردنی ئەو ئارەزووە قەدەغە دەكات.

**یـەزدانیی مەسـیحییەکان• ، کـە خەسـڵەتە راسـتەقینەکەی پیشـان دەدات. ریـك وەکـو سـروتە دیرینـە تۆتەمییەکـە، سەرلەنوێ تاوانە دیرینەکەی مرۆڤ دەهینیتەوە پیشەوە.٢٦ لـە شـیوی یـەزدانییدا، گۆشـت و خوینـی مەسـیح، خـودای کورەکان ( کە رەمزی براگەورە، سەرکردەی شۆرشگیرەکانە)، بەیادی لەخاچدانەکەیەوە دەخوریت، کـە لـەجیاتی براکـانی تـری ، لـەپیناوی تـاوانی یەکـەمدا• ، مـەرگی چەشـت، کـە یەکـەمین تـاوانی یـاخیبووە بەرابییەکانـە. مەسـیح کـەفارەتی تاوانەکـەی پیـش میـژووی ئـەوان دەکاتـەوە. هـەروەها ئـەو کەفارەتکردنە، سەرلەنوێ دووبارەکردنەوەشە. لەوکاتەوە لە تیۆلۆجیـای مەسـیحییدا، باوکەکـەو کورەکـە یـەك دانـەن، قوربانیدان بەمـەرگی کورەکە، بەشـیوەیەکی رەمزیـی بریتیـە لەهـەمان ئەوسـاتەی کـە کـە قوربـانیی دەدریـت بـەباوك و**

---

• شـیوی یـەزدانیی مەراسـیمیکی ئـاینیی مەسـیحییەکانە ، بـۆ یادکردنەوەی ئەو خوانەی کە مەسیح بـۆ هاوەڵـەکانی و ژمارەیـەکی زۆری خەڵك سازی کردو، پیـی وتـن ئـەوەی دەیخۆن گۆشـتی لەشـی منـەو ئـەو شەرابەی دەیخۆنەوە، خوینی منە. یادەکە لەناو کەنیسەدا دەکریتەوە .

• تاوانی یەکەم Original Sin, لە ئاینی مەسیحیدا، بریتیە لـە خراپـە گەردونییەکەی چەشنی مرۆڤ، کە یەکەمین تـاوان دراوەتـە پـاڵی ئـادەم. لەپیرەوی مەسیحییدا، ئەو تاوانە بووەتە هۆی دوورخستنەوەو دەرکردنـی مرۆڤ لەبەهەشت.

دەکوژریت. بۆیە ئەم شیوە یەزدانییە بەشیوەیەکی نهینیی، رقەکەی ئۆدیپۆس، لەگەڵ خۆشەویستییەکەشیدا، دەهینیتەوە پیشەوە.

بیشک فرۆید، دەزانیت کە پرۆسیسی دوورودریژی پەرەسەندن، دەکەویتە نیوانی سروتە تۆتەمییەکانی گۆشتی مرۆڤخۆرەکان و شیوی یەزدانیی مەسیحییەتەوە. ئەو پیشنیار دەکات کە بەتیپەرینی کات گیانەوەرە تۆتەمەکە کورت بۆتەوە بۆ قوربانییەکی سادە. جیگەکەی بەکەسانی تر پرکراوەتەوە، یەکەمجار بە مرۆڤ ـ گیانەوەریکی پەرستراو، پاشان بەخوداکانی ئایینە فرەخوداکان و دواجاریش بە باوە یەزدانی مەسیحییەت. بەلام ئەمانە دریژکردنەوەی باسەکەنو، مەبەستی سەرەکیی فرۆید، وەکو ئەوەی فریزەر وایە، بەلام ئیستا لە دەسپیکی سۆزەکانەوە ، زیاتر لەوەی لە رۆشنبیرییەوە بیت، بۆئەوەی ئەو پیوەستە سەرسورهینەرە پیشان بدات لەنیوانی ئایینی ئەمرۆو، نەریتە تاریکەکانی هۆزە بەراییەکانی رابردوودا. ئەو پیدادەگریت کەئەگەر بمانەویت رەسەنی ئایین بدۆزینەوە، پیویستمان بەوە نیە لەم روداوە درندانانە زیاتر برۆین، لەگەڵ ئەو کرژییە سایکۆلۆجییانەدا. دەتوانین لەدایکبوونی باوەر لە گریی ئۆدیپۆسەوە بدۆزینەوە، ئەو سۆزە بەهیزە بەشبەشکراوەی کە مرۆڤایەتیی بەرەو ئەو تاوانە گەورەیە بردووە، پاشان باوکە کوژراوەکەی کردووە بە یەزدان و بەلینی نکولیی کردن لەمومارەسەکردنی سیکسیی لەگەڵ بیوەژنەکانیدا پیداوە،

وەکـو ریگایـەك بـۆ خزمــەتکردنی ئـەو. بەوتـەکانی خـودی فرۆید:" ئاینی تۆتەمیی لە دوایین هەستی گوناهـەوە سـەری هـەلداوەو وەکـو هـەولیك بـۆ هیورکردنــەوەی ئـەو هەســتەو رازییکردنـی باوکیش بـە گویرایـەلیکردنی. وادیـارە، هـەموو ئایینەکانی دواتریش بریتین لـە هـەولدان بۆ چارەسـەرکردنی هەمان گرفت."[٢٧]

ئیتر بەلای فرۆیدەوە، ئەو تاوانەی لە هۆزی پیش میژوودا روویداوە بایەخیکی ترسناکی هەیـە لـەمیژووی کۆمەلایـەتیی مرۆڤـدا. لـەو هەســتە بەهیزانــەدا کـە بەرهــەمی دەهینیــت، رەسەنی ئایین دەدۆزینەوە. لە تابۆی خزمکوژییدا . ریکەوتنی هەمووان بۆ پاراستنی هۆزەکە، بەجەخت لیکردنی . دەتوانین رەسەنی ئاکاریتی و پەیمانی کۆمەلایەتی بدۆزینەوە. تۆتەم و تــابۆ بەیەکــەوە، فۆرمــی بنــەرەتیی هــەموو ئــەو شــتانەیان دارشتووە، کە دواتر پیان وترا ژیار.

## ئاییندەی وەهم•

**هاوکارانی فرۆید لە دەرونشیکارییدا، تۆتەم و تابۆیان بەدڵ بوو، بەڵام تووڕەیی هەموو کەسیکی تری وروژاند. ڕەخنەگرە مەسیحییەکان کتیبەکەیان بەلاوە ئیهانە بوو. فرۆید لەرابردوودا زوربەی ئەو مشتومڕانەی پشتگوێ خستبوو، بایەخی بەشتی تر دەدا. پیش تیپەڕینی چل سال**

• وەهم Illusion, بریتیە لەتیگەیشتنیکی هەلە، یان دەرکپیکردنیکی هەلەی ئەزمونیکی هەستی، دەرککردن بریتیە لە پرۆسیسیك کە تییدا بیرکردنەوەیەکی شلەژاو بە هۆی زانیارییەکەوە هیوردەبیتەوە، زانیارییەکەش بەشیوەیەکی هەستیی وەردەگیریت، نەك بەشیوەیەکی عەقلیی. وەهم کاتیك دەردەکەویت کە میشك هەست بەژمارەیەك خەسلەتی جیاواز دەکات کە لەبابەتیکدا یان پالنەریکدا کۆدەبنەوە. دەشیت وەهم لەسەر هەموو هەستیکی مرۆیی دەربکەویت، کە بینین و بیستن و دەستلیدان و بۆنکردن و تامکردنیش دەگریتەوە، دیارە لەپاڵ دەرککردنی عەقلییانەشدا بەشتیك کە لیرەدا مەبەستە سەرەکییەکەی فرۆیدە. هەرچۆنیك بیت لەبەرکارهینانی گشتییدا، زاراوەکە زیاتر بەکارهینراوە بۆ وەهمی بینین ـ کەپەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ئایینەوە هەیە، لەتۆتەمییەکاندا راستەوخۆیەو، لەهەموو ئایینەکانی تریشدا بەشیوەیەکی ناراستەوخۆ ، لەلایەنی پەیامبەریکی هەلبژاردەوە ئەو بینینە روودەدات.

بـای نەدایـــەوە بـــەلای بابـــەتی ئـــاییندا، تـــا لـــە ئـــایندەی وەهمـدا ١٩٢٧ ، چووە سـەری، کـە کتێبێکـە تییـدا بـەردەوام دەبێـت لەسـەر لێکۆڵینـەوەکانی زووتـری. لەوکتێبـەدا سـەرنج دەدات لـەکاتێکدا کـە تۆتـەم و تابۆ رووی کردۆتـە رابـردووی پێش مێژوو، ئایندەی وەهم سەرنجی ئێستای ئایین دەدات و دەشروانێتە ئایینده. تەرکیز ناکاتە سەر کاتە پێش مێژووییە نادیارەکـان، بـەڵکو دەچێتـە سـەر مانیفێسـتەکانی ئـایین لـە هەموو کاتو شوێنێکدا. کتێبە تازەکەی کەمتر بایەخ دەدات بە سروتەکان لەچاو ئایدیاو باوەرەکان . بەشێوەیەکی تایبـەتی باوەربوون بەیەزدان.

فرۆید ئایندەی وەهم بە چەند راستییەك دەست پێدەکات کە بەلای هەموانـەوە ئاشـکران. جیـهانی مـرۆڤ لـە جیـهانی سروشـتییەوە سـەری هـەڵداوە، یـان پـەرەی سـەندووە، کـە بواریکە بە سەرچڵییەکەمان زۆر ئاشنا نیە. لەبەرئەوەی ئەو چەشـــنەکەی ئیمـــە، سروشـــتمانی بەرهـــەم هینـــاوەو، بـەردەوامیش هەرەشـەی لـەناوبردنمان لێدەکـات، چ لـەرێی درندەیـی، کارەسـات، یـاخود لـەنابردنی فیزیاییـەوە.بۆیـە بـۆ خۆپاراسـتن، ئیمـە لەیەکـەمین کۆبوونـەوەماندا لـەناو هـۆزو کۆمەڵـەدا، ئـەوەمان دروست کـردووە کـە پیـی دەڵیـن ژیـار. لـەژیارەوە ئاسایشـمان دەسـت دەکـەوێت، بـەڵام بـەنرخی خۆی. وەکو روداوی لەوینەی تۆتەم و تابۆ پیشانمان دەدەن، تـــەنیا لەوکاتـــەدا ئاسایشـــمان دەســـت دەکـــەوێت کـــە ئارەزووەکانمـان دەخەینـە ژێـر سـێبەری یاسـاو ریسـاوە.

ناتوانین هەر ئەوەندەی توورە بووین ئیتر بکوژین، ئەوەی هی خۆمان نیە بیبەین بۆ خۆمان، یان هەرچۆنیک بمانەویت ئارەزووی سیکسییمان هیور بکەینەوە. پیویستە پیویستە غەریزەکانمان لغاو بکەین، قەرەبۆی خۆمان بە دامرکاندنەوەی تر بکەینەوە ( ئەگەرچی هەرگیز کاف نین)، کە دەتوانین بەهیوابین دەستمان بکەون، وەك، چیژی هونەرەکان، لەگەڵ حەوانەوە یان گەرانەوە بۆ ناو خیزان، کۆمەلگاو نەتەوە. تەنانەت لەگەڵ ئەم دامرکاندنەوەو هیوربوونەوەیەشدا، ژیار ناتوانیت لەرووی نەخۆشی و مەرگدا، بمانپاریزیت. لەمەدا فریاگوزارمان نیە. لەجەنگی نیوان سروشت و کەلتوردا، ریساکانی سروشت لەوینەی رزین و مردن، لەکۆتاییدا هەر دەیبەنەوە.

پاشان فرۆید سەرنج دەدات، کە هیچ کەسیك لەئیمە قبوولکردنی ئەم راستییە ناخۆشەی بەلاوە سانا نیە، ئەو بەوردیی حیسابی هەموو گەنجەکەی ئیمە بەریوە دەبات. ئیمە رووبەرووی هەندیك شت دەبینەوە کە لەرۆژە پرشنگدارەکانی منداڵیماندا رووبەروویان بووینەتەوە. هەروەها بەردەوام باوکیك لەویَ بووە بۆ دلنیاکردنەوەمان لە مەترسی گەردەلوول‌و تاریکایی شەو. هەروەها بەردەوام دەنگیکی بەهیز هەبووە کە دەلیت سەرەنجام هەمووان سەلامەت دەبن. لەراستیدا، فرۆید دەلیت، ئیمە وەکو مرۆڤی پیگەیشتوو، بەردەوام بەردەوام تاسەی ئاساییشەکەی سەردەمی منداڵیی دەکەین، ئەمەش وامان لیدەکات بیرلەوە

بکەینەوە کە بەراستی دەتوانین  دستمان بکەویتەوە. باوەری ئاینیی بەلاساییکردنەوەی نمونەکەی منداڵیی، یەزدانیکی دەرەکیی بۆ جیهان بەرهەم دەهینیت، کە لەریی هیزوتواناییەوە، لە ریی تیرۆرە سروشتییکەیەوە، لەبەردەمی مردندا هیمنییمان پیدەبەخشیت، هەروەها پاداشتیشمان دەداتەوە بەوەی یاسا ئاکارییەکانی  ژیارمان قبووڵ کردووە. باوەری ئاینیی بانگەشە دەکات کە لەسەرووی هەریەکیکمانەوە، ئاگادارییەکی یەزدانییانەی خیرخواز هەیە کە   کە ناهیلیت ببین بە گەمەی دەستی هیزە بیرەحمەکانی سروشت.[٢٨] لەبەرچاوی چارەنوسیکی وەهادا، تەنانەت مەرگیش ترسی نامینیت، بۆئەوەی دلنیا بین لەوەی کە رۆحی نەمرەکانمان رۆژیك لەرۆژان لەجەستەکانمان جیادەبیتەوەو لەگەڵ یەزداندا دەژی. بەنکوڵییکردن لەئارەزووەکانمان، دەتوانین دلنیابین لەوەی کە ئیمە تەنیا یاریدەی کۆمەڵگا نادەین، بەڵکو وەڵامی یاساکانی خوداوەندیکی راست و دروست دەدەینەوە.

فرۆید جەخت لەوە دەکات کە گونجاوترین وشە بۆ ئەم چەشنە باوەرە بەکاری بهینین بریتیە لەوشەی وەهم. مەبەستیشی لەم وشەیە بەکارهینانیکی تایبەتییە. بەلای ئەوەوە وەهم بریتیە  لەباوەریك کە دیارترین خەسلەت تییدا ئەوەیە کە، ئیمە زۆر بەراستی دەمانەویت راست بیت. باوەرەکەی من لەیەك خالدا چر دەبیتەوە، ئەویش چارەنوسیکی مەزنە. دەشیت رۆژیك لەرۆژان ئەمە  بیتە دیی.

بەڵام من لەبەر ئەمە باوەڕەکەم هەڵنەگرتووە. بەڵکو من ئەم باوەڕەم پەسەند کردووە، چونکە زۆر بەپەرۆشەوە حەزدەکەم ڕاست بێت. وەهەم وەکو بەهەڵەداچوون نیە، کە ئەمیش شتێکە من دەمەوێت ڕاست بێت، بەڵام هەموو کەسێکی تر دەزانێت وانییە. ئەگەر من بڵێم ڕۆژێك لەڕۆژان باڵام دەبێتە هەشت پێ ( لەکاتێکدا بەتەواویی گەشەم کردووە چیتر درێژتر نابم)، ئەوا من بەهەڵەدا چووم. فرۆید توزێك بە توندیی رادەگەیەنێت کە ئەو بەباوەڕبوون بەیەزدان وەکو باوکێك بە بەهەڵەداچوون دانانێت، بەڵکو لەڕاستیدا بەشێوەیەکی تر جەخت دەکات:" دیاریکردنی ڕیژەی دروستیی لە پیرەوە ئاینییەکاندا، لەناو پرسیارەکەی ئێستاماندا نابێت. ئەوەندە بەسە کەئیمە لە سروشتە سایکۆلۆجییەکانیاندا، لەوەهمەکانیاندا، بیانناسینەوە.[٢٩]

لەبەرئەوە ڕاستییەکانی بیرکردنەوەی ئاینیی، بریتی نین لەو ڕاستییانەی لەلایەنی یەزدانەوە بە سرووش نێردراون، هەروەها بەرەنجامی لۆجیکیش نین و لەسەر بناغەی بەڵگەی زانستی دانەمەزراون. بەڵکو بەپێچەوانەوە، کۆمەڵە ئایدیایەکن کە خەسڵەتی سەرەکییان ئەوەیە کە ئیمە خۆمان دەمانەوێت ڕاست بن. ئەو ئایدیایانە بریتین لە"تێرکردنی دێرینترین و بەهێزترین و پێویستترین ئارەزووی چەشنی مرۆڤن. نهێنیی تین و هێزەکەیان بەستراوە بەبەهێزیی ئەو ئارەزووانەوە"[٣٠] .

لیرەدا پیویستە سەرنج بدەین کە، رەنگە بۆ هەندیك سودیان هەبیت، بەلای خودی فرۆیدیشەوە ئەم پەیوەندییەی نیوان وەهم و فریودان، زۆر کەمە.لەتیروانینی ئەودا، بەحال جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا کە ئیمە بەکاری دەهینین، چونکە ئەگەر نەشتوانریت بەرەهایی بسەلمینرین، ئەوا باوەرە ئاینییەکان لەدواجاردا چەند شتیکی خۆشن، ئەوانەچەند ئامۆژگارییەکن کە بروا پیکردنیان هیچ راستییەکی تیدا نیە، چونکە ناتوانن لەتاقیکردنەوەی زانستییدا سەرکەوتووبن، کە ئەوە تاکە ریگایەکە لەبەردەمماندا، کە پیمان دەلیت چی دروستەو چی تریش نا.
ئەوە خووی باوەردارانە کە پشت بەهیچ شتیك نەبەستن، لە هەستی تایبەتی و وەهم زیاتر، ئەوانیش شۆرەتیکی خراپیان هەیە لەوەدا کە بەردەوام بەهەلدا دەچن. لەبەر ئەوە پیویستە هەرگیز متمانە بە ئایین نەکەین، تەنانەت ئەگەر ئامۆژگارییەکانیشی، لەرابردوودا، چەند خزمەتیکیان پیشکەشی مرۆڤایەتی کردبیت. فرۆید دان بەوەدا دەنیت، کە رەنگە لەکاتی خۆیدا باوەرە ئاینییەکان یاریدەدەریکی بچووك بووبن لە پیشگەوتنی ژیاردا. بیشك تۆتەمە دیرینەکە بەدەورەکەی خۆی لەنکولیکردن لە کوشتن و قەدەغەکردنی سیکسی خیزانیی، بەشدارییەکی کردووە، پاشان ئاینی دواتر دەوری خۆی بینیوە کاتیك تاوانە هاوشیوەکانی تاوانە ئەسلییەکەی قەدەغە کردووە بەوەی بە خراپە لەقەلەمی داون و بە شایستەی سزای دۆزەخ لەقەلەمی داون. بەلام

ئیستا، ژیار پیگەیشتووەو دامەزراوە. چیتر نامانەویت کۆمەلگای ئەمرۆ لەسەر ئەو سەرکوتکردن و خەفەکردنانە بینا بکەین، بەقەدەر ئەوەی دەمانەویت کە ژن و پیاوی پیگەیشتوو ناچار بکەین ملکەچ بکەن بۆئەو یاسایانەی کە فیری منداڵانیان دەکەین.

پیویستە لەبەر ئەم رۆشناییدا، ئامۆژگارییە ئاینییەکان وەکو ئەو باوەرو یاسایانە ببینین کە بەکەلکی سەردەمی منداڵیی چەشنی مرۆڤ دەهاتن، لەمیژووی زۆر زووی مرۆڤایەتییدا." کاتی نەزانیی و کەمیی رۆشنبیریی"[31] ئایین شتیکی خۆلیلانەدراو بوو، هەروەکو نیشانەیەکی نیورۆتیکییانە، کە تاکەکان لە میانەی منداڵییاندا پییدا تیدەپەرن. هەرچۆنیك بیت، کاتیك نوشوستیی دەهینریت لە دەسبەرداربوونی ئەم زام و خەفەکردنانەی ژیانی زوو، لەگەڵ ئەو نیرۆسانەی کەتووشی مرۆڤە پیگەیشتووەکان دەبن، ئەوکاتە دەرونشیکاریی دەزانیت کە کەسیتی لەنارەحەتییدایە. هەمان شت بۆ پیگەیشتنی ژیاریش راستە. ئەو ئاینانەی کە لەم قۆناغەی ئیستای میژووی مرۆڤدا هەر بەردەوامن، دەتوانن نیشانەی ناساغی بن و هیچی تر، بەجیهیشتنیان لەدواوە یەکەمین نیشانەی چاکبوونەوەیە. یان بە وتەی فرۆید:

بەمجۆرە ئایین دەبیت بە نیرۆسیکی هەژمونگەرای گەردوونی بۆ هەموو مرۆڤایەتی، وەکو نیرۆسە هەژمونگەراکەی منداڵان، لەگریی ئۆدیپۆسەوە سەرهەلدەدات،

لەپـەیوەندیی بـە باوکـەوە دیتـە دەرەوە. ئەگـەر ئـەم ئومیـدە راست بیت، دەبیت گریمانـەی ئـەوە بکـەین کـە روو وەرگـیران لەئایین شتیکی زۆر دوورە لەگەڵ ئـەم شـیوازی گەشـەکردنەی ئیستاماندا، بۆیە خۆمان دەبینینەوە، کەوتوینەتە ناوەراستی ئەوجیگایەی پەرەسەندنەوە.[٣٢]

فرۆیدیـش وەکـو تـایلۆر دەگاتـە بـەرەنجامی ئـەوەی کـە باشـــتر وایـــە کـــە وەکـــو نیرۆســـیکی پـــیرۆز بروانینـــە ئامۆژگارییـەکانی ئـایین . ئیسـتاش دەتوانین مشـتومر لەسـەر ئـەوە بکـەین کـە کـاتی ئـەوە هـاتووە، هـەروەك لـە مامەلـەی دەرونشـــیکارییدا جیبـــەجیدەکریت. تـــاکو کاریگەریـــەکانی خەفـــەکردن بگۆریـــن بـــە ئەنجامـــەکانی خســـتنەگەریکی ئاکارییانـــەی رۆشـــنبیریییانە.[٣٣] بـــەکورتی ، وەکـــو چـــۆن مرۆڤایـەتی چۆتـە قۆنـاغی پیگەیشـتوویی لـەژیانی خۆیـدا، هـــەرواش پیویســـتە ئـــاینییش وەلابنیـــت و جیگاکـــەی بـــەو فۆرمانـــــــەی بیرکردنەوەپربکاتـــــــەوە کەبەکـــــــەلکی پیگەیشـتووییەکەی بیـن. فرۆیـد دەیـەویت عـەقڵ رینمـایی ژیانی خەلکی پیگەیشتوو بکات، زانست رینمایی بکات، نەك خەفەکردن و باوەر.

خەسلەتیکی دلگیری ئایندەی وەهـم بریتیە لـەو شـیوازە دایالۆگییـــەی گرتوویەتیـــە خـــۆی. فرۆیـــد بـــەردەوام لەگفتوگۆکـــەی خـــۆی رادەوەســـتیت بـــۆ ئـــەوەی وەڵامـــی نارەزاییـەکانی رەخنەیـەکی ئەندیشـەیی بداتـەوە، کـە لایـەنی ئایین دەگریت. ئەم رەخنەیە، لەنیوانی شتەکانی تریدا، پیی

وایـه کـه هەڵەیـه ئیمـه بڵیـین ئـایین تـەنیا لــه پیداویســتییه سـۆزییەکانمانەوه سـەری هـەڵداوه، هـەروەها دەبیــت وەکــو دابونەریتیك بروا بەئایین بکریت، هـەروەها رەنگـه . گرنگـترین شت ئــەوه بیــت . ئەگــەر ئــایین وەکــو زەمینەیــەکی ئاکــاریی بخریتــەلاوه، ئـــەوا کۆمـــەڵگا دەچینـــه نـــاو توندوتیژیـــی و پشیوییەوە. بیشك ئەم رەخنانه وا ریکخراون که ببنـه مایـەی پتەوکردنی مەسەلەکەی فرۆید، بۆهەریەکیکیشیان وەڵامیکی زرنــگ و قایلکەرانــه دەداتــەوه. لەیــەکیك لــەو نارەزاییانـــەدا، لەلایەنی یەکیك لەوانەوەپرسیار له فرۆید دەکریت که بۆچی وادەردەکەویت له تۆتەم و تابۆ بەدواوه، بۆچوونەکانی خۆی گۆریبیت. خۆ ئەو کتیبەش دیسـان دەربـارەی رەسـەنی ئـایین بوو، بەڵام بابەتەکەی بریتـی بـوو لەتۆتـەمیزم و پـەیوەندیی نیوانی باوك . کور، ئەوەیان دەربارەی بیچارەیی مرۆڤ دەدوا. ئایا ئیستا تیورییەکه گۆراوه؟ وەڵامی فرۆید بۆ ئەم پرسیاره وەڵامیکـی بونیادنـەره، ئەگـــەر بەتـــەواویی قایلکـــەر نـــەبیت. روونـی دەکاتــەوه کــه تۆتــەم و تــابۆ، تــەنیا یــەك توخـم شــی دەکاتەوه، که یەکجار لەقووڵاییدا حەشاردرابوو. ئەوه بریتـی بــوو لەهەســتیکی دووســەرەی خۆشویســتن و ترســان لـــەو باوکــەی، کــه فــەرمانرەوای هــۆزه لەراییـــەکان بــووه. فرۆیــد دەڵیت، ئەم کتیبـەی ئیسـتا، بەشـەکەی تـری ئـایین کـه کـەمتر شاراوەیە. واته ناسینەوەی مرۆڤه پیگەیشتووەکان، ئەوانـەی رووبـەرووی هـیزه تیکشــکینەرەکانی سروشــت بوونەتــەوه. ئەوانــه بــەردەوام وەکــو منــداڵان لاواز دەبــن، پیویســـتییان

بەباوكیكی خۆشەویست هەیە تا داكۆكییان لیبكات. فرۆید باس لەو راستییە سەرسورهینەرە ناكات كە، لەكاتیكدا یەزدان لەناو یەكەمین كتیبدا ئامادەیی هەبوو، وەكو شتیك كە مرۆڤەكان هەستوسۆزی تیكەڵاویان هەبوو بەرامبەری، لەلایەكی تریشەوە، ئەو باوكەیە كە تەنیا ئەو خۆشی دەوین و لەبەرامبەریشدا تەنیا ئەویان خۆشدەویت. ئیتر هەرچۆنیك رتووشی بكەین، لەتیروانینی فرۆیددا، سەرەنجامەكەی یەك شتە. ئەو خودایەی كە خەلك لە نویژەكانیاندا بانگی دەكەن، بریتی نیە لە بوونیك كە سەر بە واقیع بیت، بەلكو بریتیە لە ئەندیشەیەك، وەهمیكە لەخودەوە دراوەتە پاڵ جیهانی بەرفراوانی دەرەوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو پیویستییە قوولەی دەسبەرداربوونی هەستی گوناهباری یاخود هیوركردنەوەی ترسەكان.

## موساو• یەکتاپەرستی•

**بە ئایندەی وەهم بایەخدانی فرۆید بە ئایین کۆتایی پینەهات، ئەگەرچی لەوانەیە گرنگترین تیروانینیشی بیت. لەدواساتەکانی ئیشکردنیدا، لەکاتیکدا لەگەڵ نەخۆشی شیرپەنجەدا دەجەنگا، کە لەئاکامدا بووە هۆی مردنی، هەروەها خۆشی بینییەوە دوای ئەوەی نازییەکان نەمسایان**

---

• موسا **Moses** پەیامبەریکی عیبرییەکانەو خاوەنی شەریعەتیکی تایبەتییەو دامەزرینەری ئیسرائیل، یاخود جولەکەیە. لە تەوراتدا باسی چیرۆکی ژیانی کراوە، بەپیی ئەو گیرانەوەیە موسا لەگۆشین، یەکیك لەناوچەکانی میسر لەدایك بووە، ئەوکاتە سەردەمی فیرعەونەکان بووە. لەبەر پیشبینییەك بەوەی مندالیکی عیبریی لەدایك دەبیت و فیرعەون دەکوژیت، بریاردەدات هەموو نیرینەکانیان بکوژریت. تاکە مندالیك کەرزگتاری دەبیت موسایە کە دایکی دەیخاتە ناو سەبەتەیەك و دەیدات بەدەم رووباری نیلەوە ئیتر گیرانەوەکە ئاشکرایە، تادەگاتە ئەوەی خودا فەرمان بە موسا دەدات گەلەکەی رزگار بکات و بەرەو خاکی هیوا بیانبات، کە خاکی فەلەستینە.

• یەکتاپەرستی **Monotheism** بریتیە لەباوەری یەك خودایی، واتە باوەربوون بەیەك خودای سەروەر کە خودایەکی گەردونییە. ئەم باوەرە پیچەوانەی فررەخودایی **polytheism** و یەکیتیی بوونە **pantheism**

داگیرکرد، ڤییەننا جیدەهیلیت، ئالەو کاتەدا دەگەڕیتەوە بۆ سەر ئایین وەکو دواهەمین کاری خۆی. ئەمجارەیان دەربارەی ئـایینی جوولەکـە دەنوسـیت، واتـە ئاینەکـەی خـۆی و خیزانەکەی. لەزنجیرەیەك وتاردا کە لەنیوان سالآنی ١٩٣٤ - ١٩٣٩دا نوسراون، سەرنجی خۆی دەخاتە سەر موسا، لە رۆلە بنەرەتییەکەی موسا دەکۆلیتەوە لە دامەزراندنی ژیان و بیرکردنـەوەی جووەکـاندا. دواتـر ئـەو وتارانـە لەبـەرگیکدا کۆکرانەوەو لەسالی کۆچی دوایی فرۆیددا، لەژیر ناونیشانی "موساو یەکتاپەرستی"[٣٤] دا بەچاپ گەیەنرا.

هـەروەك لەتۆتـەم و تابۆدا، پاشانیش لـە کتیبیکـی هـەتا بلیی نائاساییدا، فرۆید دەست دەکات بە بانگەشەیەکی نوێ دەربارەی رووداوەکانی میژووی ئـاینیی. بەتایبـەتی ئـاینی جولەکە. هەروەها هەولیدا پیشانی بدات کە چۆن ئەو چەمك و بەراوردکارییانەی لەدەرونشیکارییەوە هەلهینجراون، دەتوانن یاریدەمان بدەن بۆ روونکردنەوەی ئەوان. ئەو سەرنج دەدات کتیبی پیرۆز* فیرمان دەکات کە موسا مەزنترین پەیامبەری

---

* کتیبی پیرۆز Bible, بریتیە لە کتیبی ئـاینیی جولەکـە( تـەورات) و مەسیح ( ئینجیل ). تەورات و ئینجیل لەیەکتریی جیاوازن. تەورات سـی و نۆ کتیبە و هەموویان لەئەسلدا بـەزمانی عیـبریی نوسـراون، جگـە لەچـەند بەشیکی کەمی کە بەزمانی ئارامیی نوسراوە . ئینجیل دوو بەشە، پەیمانی دیرین و پەیمانی نوێ کە بیست و حەوت کتیبە. پـەیمانی دیریـن لەلایـەنی

**عیبرییەکانە، کەسەرکردایەتی، خەلکی ئیسرائیل دەکات و لەکۆیلەیەتی رزگاریان دەکات، پاشانیش شیوازی ژیانیان دادەریژیت، بەوەی یاسای خودایان بۆ بهینیت. رەنگە ئەمە بەشی خۆی راستیی تیدابیت، بەڵام فرۆید پرسیار دەکات ئیمە چۆن بزانین کە موسا بەراستی عیبریی بووە؟ چاوگیرانیکی خیرا بەدەقەکاندا، هۆی ئەوەمان دەداتێ کە وابروابکەین موسا شازادەیەکی میسریی بووە، شوینکەوتەی ئەخیناتوونی• فیرعەونی رادیکاڵ بووە، کە هەولیداوە جیگەی هەموو خوداکانی میسر بەیەك دانە یەزدان بگریتەوە . ئاتین[٣٥] پەرستنی ئاتین. بەپیچەوانەی پەرستشەکانی نرەوە، ئاتین، هیچ خەیاڵات و خورافیاتیکی نەبوو، نەنیا جەختی لەسەر**

---

دوو قوتابیی مەسیحەوە نوسراوەتەوە، کە ئەمیان بەتۆزیك لی زیادکردنەوەوە،لەگەڵ حەوت کتیبی تردا، تەورات پیکدەهینن

• ئەخیناتون یان ئەخناتون **Akhenaton or Ikhnaton** هەروەها ئەمینهۆتیبی چوارەمیشی پیدەوتریت، مانای ناوەکەی بریتیە لەو کەسەی کەخۆی بۆ ئاتۆن تەرخان کردووە لەماوەی نیوان ١٣٥٣ ـ ١٣٣٥ ی پیش زاییندا ژیاوە. کوری ئەمینهۆتیپی سییەمەو دایکی ناوی تی **Tiy** یە، هەروەها میردی نیفەرتیتییە **Nefertiti**، کە جوانترین ئافرەتی سەردەمەکەی خۆی بووە. ئەخیناتۆن دواهەمین فەرمانرەوای بەرەبابی هەژدەیەمەو یەکەمین کەسیشە لە میژووی ئایینەکاندا کە بانگەشەی یەکتاپەرستیی کردووە. سیستمی ئاینیی ئاتۆن **Aton** یان ئاتین**Aten** ی داهیناوە، واتە خودای هەتاو، کە پیی وابووە گیانیکی گەردوونیی هەمیشەو لەهەموو شوینیکدا ئامادەیەو ئەفرینەری گەردوونە.

**خودایەکی رۆحییانەی خالیسە دەکرد، کە تایبەت بوو بە خۆشەویستی و چاکییەوە، کەبەشێوەیەکی بەتین پارێزگاریی لە یاسایەکی ئاکاریی نەمر دەکرد. کاتێك ئەخیناتۆن مرد، ئاینە تازەکەی لە میسردا هەرەسی هێنا، بەڵام بەتەواویی نا. یەکێك لەوانەی کە بەزیندوویی هێشتیانەوە، ئەم موسایەی ئێمە بوو. کە کۆیلە عیبرییەکانی کرد بەگەلی خۆی و، لەناوچارەنوسێکی تازەتردا کۆیان دەکاتەوە، بەئازایەتییەکی زۆرەوە سەرکردایەتییان دەکات و لەدیلیی رزگاریان دەکات. بەشێوەیەکی پرەنسیپی ئەوانەی کە شوێنی موسا کەوتبوون، لەژێر سەرکردایەتی ئەودا گەشەیان کرد. هەرچۆنێك بێت، دواتر تووشی نەهامەتییەکەی بیابان دەبن. خەلکە هەلبژاردەکەی موسا دژی سەرکردایەتییەکەی ئەو شۆرش دەکەن، نکولیی لە خوداکەی دەکەن، دواجاریش دەیکوژن. ئیتر ئاینە یەکتاپەرستییەکەی باوی نەماو پەرستشێکی تر جێگەی گرتەوە، کە تەرخانکرابوو بۆ توندو تیژیی، خودایەکی گرکانی کە ناوی یەهوە* بوو، ئەمە ئەوخودایەیە کە ئیسرائیل لەکاتی شەرەخویناوییەکانیاندا**

---

* یەهوە Jehovah ناوی خودای یەهودییەکانە، کە بەهەلە لە تێکستە عیبرییەکانەوە وەرگیردراوەو خۆی لە راستیدا یاهۆڤایە، کە مانای گەورە یان مەزن یان خاوەن دەگەیەنێت، ئەم خوداوەندەیە کە خۆی پیشانی موسا داوە ، بە یارمەتی ئەم ئاینی جووەکان دەبێتە ئاینێکی جیهانی ، جووەکان بە ئیلۆهیمیش ناوی دەبەن ، مانای ناوەکەی بریتییە لە ئەوەی کە هەموو ئەو شتانەی هێناوەتە بوون کە هەن .

پەرستوویانە، بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی مزگینییدا. دواتر کە کتیبە پیرۆزەکانی خۆیان نوسی، جولەکەکان ناوی موساشیان تۆمار کرد، وەکو دامەزرینەری پیرەوی دووەم، بەلأم ئەم سەرەقەلەمە کالە، ناتوانیت جیاوازییەکانی نیوان ئایینی تازەو ئاینە یەکتاپەرستەرەسەنەکەی موسا بشاریتەوە، کە یەکەمین و راستەقینەترین سەرکردنەی رۆحیی ئەوان بوو. پیرەوە تازەکە جیگەی رۆحانییەتە پوختەو ئاکارەکانی پیشووی گرتەوە، بە سرووت و خورافیات و قوربانیدانە خویناوییەکان، وەکو لەسەردەمی پادشامەزنەکانی ئیسرائیلدا دەبینین. فرۆید پیمان دەلیت کە ئاینە نوییەکە هەولیدا بەشیوەیەکی ناشایستە کۆنینەکە دووربخاتەوە، تەنیا چەند زانیارییەکی کەمی لی جیماوە دەربارەی موسای راستەقینەو ئاینەکەی.[٣٦]

وەلی چیرۆکەکە لیرەدا تەواو نابیت. چەند سەدەیەك دواتر لەژیانی کۆمەلگا، هەروەها بەرامبەری هەموو شیمانەکان، خەلکی ئیسرائیل خۆیان بینییەوە، رووبەرووی پەیامبەرە مەزنەکانی یەکتاپەرستی دەبنەوە، پیاوانیك کەهەولیاندا ئاینە کۆنەکە تیماربکەنەوەو بیبوژیننەوە. ئەم پەیامبەرانە ئامۆس و ئەشعیاو ئەوانیتر بوون، کە نکولییان کرد لەئاینیی قوربانییدان، پەرستشیان تەرخانکرد بە خودایەکی گەردوونیی، کەیەکەمجار لەلایەنی موساوە پەرستراوە، سەرلەنوێ بانگەشەی گویرایەلییان کردەوە بۆریسا ئاکارییە سەختەکانی موسا. بەمجۆرە وشەکاتی ئەمان نیشانەی بادانەوەیەکی یەکجارەکیین کە نەك تەنیا کاریگەرییان لەسەر

میـژووی جولەکـە هـەبووە، بـەڵکو لەســەر جیـهانیش. چونکـە ڕۆژێك لەڕۆژان لەڕۆحی ئەم یەکتاپەرستییەوە، مەسیحییەت دیتـە دەرەوەو دەبێـت بەیـەکێك لەئاینـە مەزنـەکانی جیـهان. لەسـەدەمی پەیامبـەرە عیبرییەکانـەوە بـەرەودوا ئـاینی خـودا تۆقینـەرە سەرســەختەکەی موسـا جێگـەی خـۆی قـایم کـرد، وەکو سـەنتەرێکی جـێ پیلەقنـەکراو بـۆ هەریەکـە لـەباوەری جولەکەو مەسیحییەکانیش.

لــەدیدی فرۆیــددا، پرســیارێك نــەکراوە دەربــارەی ئــەم گێرانەوە چەندبارەیەی میژووی عیبرییـەکان، کەلەسـەر چەند پێوەســتێکی ســەرچڵانە دامــەزراوە، هــەروەها زەینیکــی بەرچاورۆشـنکەرەوەش، کـە هەریەکـە لەمیژوونووسـەکان و پسپۆرانی کتێبی پیرۆزیشیان تووشی کێشە کردووە. ئاسـان نیـە لـەناو کتێبـی پـیرۆزدا هیـچ بەڵگەیـەك بدۆزینــەوە کـە بیسەلمێنێت موسا خەڵکی میسرە، کە کوژراوە، کە دووکەس نـاوی ئـەویان پێـدراوە، یـاخود کـە عیبرییـە دێرینـەکان دوو ئاینی جیاوازیـان هـەبووە. بەهـەرحاڵ بـەلای فرۆیـدەوە، ئـەم گرفتانـە بەزەحمـەت کاریـان تێدا دەکرێـت. ئـەوەی زۆر زیـاتر بەلای ئەمەوە دڵگیرە، بریتیە لەنهێنی ئـەوەی کـە چۆن دوای چـەند سـەدەیەك یەکتاپەرسـتییەکی ڕاسـتەقینە لـەدایکبوو، پاشان مرد، دوای ئەوە دیسان زیندوو بووەوە. ئـەو دەپرسـی ئەمە چۆن دەبێت، کە ئاینەکەی موسـای ڕاستەقینە، لـەژیانی خەڵکەکەی دیارنـەما، تـەنیا بـۆ ئـەوەی دوای چـەند سـەدەیەك بەشــێوەیەکی درامــاتیکی بێتــەوە مــەیدان و دڵ و مێشــکی

هەموو کۆمەلی داگیر بکات؟ رەنگە تیۆلۆجییەکان* نەتوانن وەلامی پرسیاریکی لەم چەشنە بدەنەوە، بەلام دەرونشیکارەکان وانین. فرۆید دادوا دەکات جاریکی تریش گریمانە بکەین کە دەشیت تەریبییەك بدۆزینەوە لەنیوانی ئەوەی لەرووی سایکۆلۆجییەوە بەسەر تاکە کەسیکدا دیت لەماوەی ژیانیدا، لەگەل ئەوەی بەسەر خەلکیکی وەکو جولەکەدا دیت لەمکاوەیەکی میژوویی دریژتردا.[٣٧] هەروەها ئەو سەرلەنوێ تیروانینی خۆی رادەگەیەنیتەوە، کە لەناو ریزی نیرۆسەکاندا، ئایین لەهەموویان قایلکەرترە. فرۆید دەیەویت لەم پیشەکیە لۆجیکییانەوەو بەردەوام ببیت لەسەر شوینکەوتنی ریکەوتنیکی زۆر لیهاتووانە.

تیۆرەی دەرونشیکاریی دەری خستووە کە کەیسەکانی نیرۆس شوینی نمونەیەکی خیزانیی دەکەون. زۆر جار زۆر زوو لەمنالیتییەوە دەست پیدەکەن، لەگەل رووداویکی شۆکاوییانەی ساکینەردا، کە بۆماوەیەك لەیادەوەریی دەردەکریت، پاشان ماوەیەکی متبوون* دەست پیدەکات،

* تیۆلۆجی Theology بریتیە لەو زانستەی کە هەوڵ دەدات بەشیوەیەکی ریکوپیك، گوزارشت لەناواخنی باوەرە ئاینییەکان بکات.

* ماوەی متبوون Latency Period ئەم زاراوەیە لەدەرونشیکارییدا ئاماژەیە بۆ ماوەی پووکانەوەی ئارەزووی سیکسیی لەمندالدا، کە لەتەمەنی پینج یان شەش سالییەوە دەست پیدەکات و هەتا هەرزەکاریی

کـەتییدا هیـچ دەرناکـەویتو هـەموو شـتیك ئاسـایی دیتـە بـەرچاو. پاشـان لـەخالیکی دواتـردا . بـەزۆریی لەسـەرەتای پیگەیشـــتندا، یــاخود لـــە نـــەرزەیی زوودا . رەفتـــارە نالۆجیکییەکە، ئەوەی کە نیشـانەی نـیرۆس بـوو، لـەپریکدا سـەرهەلدەداتەوە. دەبینـین کـە گەرانـەوەی خەفـەکراویك لەئارادایە. فرۆید پیشنیار دەکات، ئەگەر ئەم ئاستانە قابیلی پیناسەکردن بن، ئەوا دەتوانین بەراوردیان بکەین بەو زنجیرە روداوانەی کە لـەمیژووی جولەکەدا دۆزراونەتـەوە. هـەروەها، لەسەری دەروات و دەلیت کەوایە بابچینەوە سەر ئەوخالـەی کە وادەکات کتیبە پیشووترەکان تارادەیەك هەست و سۆزی ناتـەبا، کوشـتن لـەناو هـۆزدا، هـەروەها ئـایین وەکـو منـدالْ ئـارەزووی کۆتـەلی بـاوك دەکـات. ئایـا ئەوانـە لەگـەلْ ریککردنەوەیـــەکی نـــامۆدا، فیـــت نایەنـــەوە؟ نامـــەی یەکتاپەرسـتی قسـە بـۆ جولەکـەکان دەکـات، کـە مرۆڤـی سروشتین و ئارەزووی پاوکیکی یەزدانیی دەکەن. کەسیتی بەهیزی موسا، کە رەنگە خەلکەکە زۆرجار لەگەلْ خوداکەیدا دایان نابیت سیمای بەهەیبەتی یەکەمین باوکی هۆزی پیش میژوو دەخوازیتەوە. مردنی موسا لەیاخیبوونەکەی بیاباندا، لەوە زیاترە کە تەنیا روداویکی میژوویی بیت، دەتوانریت

---

دەخایەنیت. فرۆیدیش ئەمەی بەسەر ئەو ماوەیەدا پیادەکردووە کە تییـدا ئـاینی یەکتاپەرسـتی لای جولەکـەکان پووکاوەتـەوەو پاشـان سـەری هەلداوەتەوە.

وەکو دیسان دووبارەکردنەوەی کوشتنە بەرابیەکـەی باوکـە مەزنەکە، بخوینریتەوە، کەروداویکە بۆ جولەکەکان شوکیکی کـەمتر نیـە لەیەکـەمین کوشتن کـە کورەکـان و براکـان پیکـەوە لەماوەی پیش میژووی کۆمـەلگای مرۆڤایـەتییدا، ئـەنجامیان داوە. ئـــەو کوشـــتنە جـــاریك بەتـــەواویی ئـــەنجام دراوە، کۆمـەلگاش، لـە رۆلـی خەفـەکردنیکی بەکۆمـەلدا، گـەراوە بـۆ بـەبادانی تاوانەکـەی بەهـــەلگرتنی یادەوەرییـــەکانی موســا . هـەردوو یەکتاپەرستی و کوشـتنەکەش . لـەژیانی کۆمــەلگا، ئەمــەش بــۆ ئــەوەی ریّ بــدات ئاینــە ســاکارەکەی یــەهوەی موسای دووەم تاکو جیی خۆی بکاتـەوە. ئاینی راستەقینەی موساییش، دەچیتە ماوەی متبوونەوە،ماوەیەکی دورودریـژ کە تییدا لەبیری میللی عیبرییەکاندا، کویربێوەو لەبیرکرابوو. بەمـــەش یاســـاکەی نـــیرۆس روون دەبیتـــەوە: هەرچییـــەك خەفـــەکرابیت دەبیـــت بگەریتـــەوە. دوای چـــەند ســـەدەیەك لـــەئاوابوون، بـــاوەرە پوختـــەو دیرینەکـــەی دامەزرینـــەر، بەشـــیوەیەکی زۆر تۆکمـــە لـــەریی سروشـــی پەیامبەرانـــەوە دیتـەوە مـەیدان. لیرەبـەدواوە، یەکتاپەرستیی پوختـە، ئـاینی خۆشەویستیی و دلسۆزیی بۆ ئەفرینـەرو خودانـی پـەیمان ، جاریکی تر دەبیتەوە بە ئاینی هەموو جولەکە، ، کەلەبەرئەمە بەراستی لەوکاتەوەو هەتا ئەمرۆ شەرەفی ئەوەی پیداون بـن بەگەلی هەلبژاردەی ئەو.

فرۆیـد لەسـەری دەروات، جیـی سـەرنجە کەتەنانـەت ئـەو کەرۆلی مەسیحییەت وەکو سەرکەوتنیکی تری جولەکە دیتە

**ناوچەیــەکی روونــترەوە، دەتوانــین میژووەکــەی بــەچاوی دەرونشـیکاریی بخوینینـەوە. لەدەمەتەقیکـەی نـاو تۆتــەم و تابۆوە روون دەبیتەوە کە یاخیبوونەکەی ناو هۆزی بەرایی، دوو لایـەتی سـۆزیی لیکەوتۆتـەوە: خۆشەویسـتی و تـرس. ئاینی جولەکە پیویسـتیی بـە ئیدیـالکردنی بـاوك دینیتـەوە پیشـەوە، بۆئەوەی بیخاتـە نـاو خودایـەکی خۆشەویسـتەوەو تاوانمی کوشتنەکەشی خەفە بکات. مەسیحییەتیش هەست بەهـەمان تیکەلـەی سۆزو گوناهبـاریی دەکات، وەلامیشـی بـە بانگەشـەکردنی کـەفارەت دەداتـەوە. هـەروەکو رابـی• پـۆڵ•، سـەرەکیترین بیریـاری جولەکـە دیـاریی کـردوە، تیۆلۆجیـای مەسیحی لەسەر یەزدان چەق ناگریت بەلکو لەسەر مەسیح کە**

---

• رابی **Rabbi** وشەیەکی عیبرییە بەمانای سەروەری من یان گەورەی من دیت ، پلیەکی ئاینییە دەدریت بە گەورە سەروەری جولەکەکان لەیاسا ئاینییـەکاندا. ئـەم نازنـاوە دوابـــەدوای کیشمەکیشـــی نیـــوان قوتابخانـــە جولەکەییەکان بەکارهینراوەو لەسەردەمی مەسـیحەوە بـەکاردەهینریت و، خودی مەسیحیش بە رابییەك لەقەلەم دراوە. ئەم وشەیە نزیکایـەتی هەیـە لەگەڵ زاراوەی ( رب + ی = ربی) ی عەرەبییدا کـە بـەمانای خـاوەنی مـن یان خودای من بەکاردەهینریت.

• پۆڵ ، رابی پـۆڵ یـان سـانت پـۆڵ **Paul, Saint (circa AD3-62),** مەزنترین مزگینیـدەری مەسـیحەو یەکـەمین زانـای ئـاینیی ئـەو ئاینەشـەو نوسراوی چەند نامەیەك بۆ ئەوانەی مەسیحی نین لی جیماوە. پـۆڵ یـەکیك بوو لەپیاوانی مەزنی ئاینی جولەکە بەرلەوەی شوی، مەسیح بکەویت.

کوری یەزدانەو مەرگی ئەویشە. بە وتەیەکی تر لەسەر ئەو خودایەی، کە لەفۆرمی یەکەمین کوری لەدایکبوودا، دەگات بەمەرگی خۆی، ئەمەش بۆ کەفارەتکردنی یەکەمین هەلە کە لەلایەن کورانی ناو گروپی پیش میژووەوە، ئەنجام دراوە.

فرۆید بەهیچ جۆریک لەبانگەشەکەیدا میانرەویی نانوینیت و، لیرەدا پیشنیاری پۆرتریتیکی دەرونشیکارییانە دەکات بۆ یەکتاپەرستی لای جولەکەش و مەسیحییەتیش، کە ژمارەیەکی کەمی تیۆلۆجییەکان یان میژوونووسەکان ویراویانە خۆیانی لیبدەن. لەپاڵ هەمان هیلی درشتی لیکچووندا،کە لەکارەکانی زووتریەوە هاتۆتە دەرەوە، بەمکومیی دەلیت کە سەرنجراکیشیی ئەو ئاینانەو. هەموو ئاینەکان. لە راستی و دروستیی ئامۆژگارییەکانیاندا نیە دەربارەی یەزدان یاخود فریاد رەس، یان بانگەشەکانیان دەربارەی موعجیزە یان کەسیکی هەلبژیردراو ، یاخود ئومیدیان بەژیانی پاش مەرگ. ئەم پیرەوانە بەتاڵ و پووچن لەبەرئەوەی لەپشتەوەی هەر شیمانەیەکی سەلماندندا، لیی راکشاون. چەمکەکانی زانستە دەرونشیکارییەکان، ئەگەرچی زۆر جیاجیاشن، بەلام بە ریگای زۆر دلگیر پیشانی دەدەن کە پیویستە هیزە راستەقینەکانی ئایین لەپشتەوەی پیرەوەکانیانەوە بدۆزرینەوە، لەقوولایی پیداویستییە سایکۆلۆجییەکاندا، دەکەونە ناو ئەو سۆزە نەستییانەوە کە گوزارشتیان لیدەکەن.

# شیکردنەوە

## ⋆ سایکۆلۆجیاو ئایین

لەسەرنجیکدا دەربارەی سەدەی بیستەم، شاعیری گەورەی ئینگلیز دەبلیو. ئیچ . ئۆدوین* دەلیت " ئیمە ئیستا هەموومان فرۆیدیین". ئەم سەرنجە نیشانەی ئەو کاریگەرییە گەورەیەیە کە ئایدیاکانی فرۆید لەسەر هەموو شیوەکانی بیرکردنەوەی سەردەمەکەمان هەیبووە. بواری ئایینیشی لی بەدەر نیە. شیکردنەوەکانی فرۆید لەمەر هیزە شاراوەکانی ناو کەسیتی مرۆڤ، نەك تەنیا ئەوانەی ناچار کردووە کە سەرقالی تیورییەکانی ئاینن، بەلکو نزیکەی هەموو کەسیکی گرتۆتەوە کە پەیوەندیی بە نەریتەکانی ئاینەوە هەبیت. تیۆلۆجییەکان، پیاوامنی ئایین، یاساناسان و مامۆستایانیش. تاکو بروانن ە ژیر رووتەختی پیرەوە قبوولکراوەکەو قوولایی ، توخمە سەرنج تیبینی نەکراوەکانی

---

* ئۆدوین، ویستان هەف ,Auden, W(ystan) H(ugh) (1907-1973) شاعیریکی ئەنگلۆ ئەمریکییە، شانۆنامەنوسیشە ورەخنەی ئەدەبییشی هەیە. بەبروای زۆرکەس کاریگەریی زۆری لەسەر شاعیری کەورەی ئینگلیز تی ئیس ئیلیەت هەبووە.

کەسیتی کە ئاینی مرۆڤ دروست دەکەن و لەگەرانەوەشیاندا هەر دەسکردی ئەون. فرۆید تیروانینیکی نیگەتیڤانەی بۆ رەفتارە ئاینییەکان هەیە، هەروەها دەرونشیکاریستەکانی تریش. تەنانەت ئەوانەش کە خاوەنی قوتابخانەن لە بیرکردنەوەی دەرونشیکاریستانەدا. زۆریان پیخۆش بوو کە تیروانینەکانی ئەو هەلبگرنەوەو لەکاری خۆیاندا بەکاری بهینن. دیارترینی هەموو ئەوانە دەرونشیکاریستی سویسریی کارل گۆستاف یۆنگە ( ١٨٧٥ . ١٩٦١ ) کەیەکیکە لەهەرەگرنگترینی ئەوانەی لە بازنە زانستییەکەی فرۆییدا بەشداریی کردووە ٣٨ بەلای یۆنگەوە ئایین بشت دەبەستیت بەو ئەندیشە قوول و ئایدیایانەی کە هەموویان بەسەریەکەوە دەگەرینەوە بۆ چەشنی مرۆڤ و گوزارشتی خۆیان لە میتۆلۆجیا، فۆلکلۆر، فەلسەفە، لەگەل ئەدەبدا دەدۆزنەوە. ئایینیش هەروەکو ئەوان، پشت دەبەستیت بە سەرچاوەکانی ئەم نەستە دەستەجەمییە، نەك وەکو شیوەیەکی نیرۆسییانە، بەلکو وەکو گوزارشتیکی تەندروست لە مرۆیەتییەکی قوول و راستەقینە. هی تریش لەوینەی سایکۆلۆجیستەکان، لەگەل تیوریستەکانی بابەتە پەیوەندیدارەکاندا، بەرارەویکی هاوشیوەدا تیپەرین و بواریکی تەواوی لیکۆلینەوەی ئاین و کەسیتییان دامەزراندو ئەدەبیکی دەولەمەندیان لەوبارەیەوە بەرهەم هینا، چ وەکو تیوری و چ وەکو تیمارکردنی دەرونیی. لەم بارەیەوە زۆر گرنگ نیە ئایا شیکاریستەکان ناحەزییەکەی فرۆیدیان لەمەر باوەر هەلگرتۆتەوە، یاخود

**سەلماندنەکەی یۆنگ، هەردوکیان کاریگەریان زۆر بووە لەسەر تێگەیشتنی ئێستامان بۆ ئایین.**

## ⋆ لێکدانەوەی فرۆید بۆ ئاین

**گرنگیی تیورییەکەی فرۆید لەمەر ئایین زۆر نزیکە لەو ژینگەیەوە کە تییدا نوسیویەتی. لەراستیدا تیروانینەکانی ئەو شوینی ئەو هیلە پیشخراوەی بیر دەکەون کە لەسالانی ۱۸۰۰ەکاندا، لەلایەنی لۆدفیگ فیورباخی• فەیلەسوفی ئەلمانەوە کیشراوە، کە لەسەردەمەکەی خۆیدا بەکتیبی کرۆکی مەسیحییەت بەناوبانگ بوو. لەم لیکۆلینەوە پرمشتومرەدا رایگەیاندووە کە ئایین هۆکاریکی سایکۆلۆجییە کە بەهۆیەوە دەگەین بە ئاواتەکانمان،**

---

• فیورباخ، لۆدفیگ ئەندریاس **Feuerbach, Ludwig Andreas (1804-1872),** فەیلەسوفیکی ئەلمانییە، کە سایکۆلۆجیای ئاینیی کرد بەئەلتەرناتیفی ئاینی ئۆرتۆدۆکس، هەروەها یەکیك لە فەلسەفە ماتریالیستییەکانی ئەلمانی پیشخستووە، لەلاوییدا قوتابی هیگڵ بووە، بەڵام دواتر لە کارە سەرەکییەکەیدا کرۆکی مەسیحییەت ۱۸٤۱فەلسەفە ئایدیالیستانەکەی رەت دەکاتەوە. فیوررباخ دەلیت تاکە ریگا بۆ پاساودانەوەی ئایین ئەوەیە کە بریتیە لە تیرکردنی پیداویستییە سایکۆلۆجییەکان، جەوهەریترین خەسلەتی ئایین لەناو خوددایە، پەرستنی خودا لەراستیدا بریتیە لەپەرستنی خودیکی بە ئیدیاڵ کراو.

**فەزیلەتەکانمان، لەگەڵ ئەو ئایدیایانەی دەربارەی ئەندیشەکردنی بوونیکی سەرووسروشت کە ناومان لیناوە یەزدان، لەپرۆسیسیکی کەمکردنەوەی هەیبەتی خۆماندا. ئیمە جاریکی تریش لەم کتیبەدا• دەگەین بە فیورباخ ، چونکە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر کارل مارکس•، باشتر وایە پیی بوتریت یەکەمین بیریاری مۆدرین کە هیلکارییەکی پوختەی بۆ لیکدانەوەی ئایین پیشکەش کردووە. دەتوانین بلیین، ئەو ئایین شی دەکاتەوە، نەك بە پیشاندانی ئەو باوەرانەی راست نین، یان ناعەقلین و لە ئایدیاکانیاندا بوونیان هەیە، بەلکو تارادەیەك لەو میکانیزمە**

---

• ئەم کتیبەی بەردەستی خوینەر بریتیە لەبەشی دووەمی کتیبیکی گەورەتر، نوسەر مەبەستی لەو کتیبەیە، کە ناونیشانەکەی بریتیە لە حەوت تیوریی دەربارەی ئایین.

• مارکس، کارل Karl Marx (١٨١٨ ـ١٨٨٣ ) کۆمەلناس و ئابوریزانیکی ئەلمانییە، بزوتنەوەی مارکسیزم لەسەر بنەمای کارو نوسینەکانی ئەو دامەزراوەو زۆرینەی بۆچون و بیروراکانی لەنوسینەکانی ئەمەوە پەرەیان سەندووە. لەسالی ١٨٤٨دا لەگەڵ فرەدریك ئەنگلزی هاوریيدا مانیفیستی پارتی کۆمۆنیست دەنوسن، لەویدا گریمانە دەکەن کە میژوو بریتیە لە میژووی ململانیی چینەکان و بەسەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا دەگاتە کاملترین ئاست. ناودارترین نوسراوی بریتیە لە کتیبی سەرمایە کەبەشی یەکەمی لەژیانی خۆیدا بلاوکردۆتەوەو بەشەکانی تری بەتەواونەکراوی بەجیهیشتووە.

سـایکۆلۆجییە دەکۆڵیتـەوە کـەباوەڕە ئایینیـەکان دەخولـقـێنیت، بـەبێ گوێدانـە ئـەوەی ڕاسـتن یـان هەڵـەن، عەقڵانین یان ناعەقڵانین. بۆیە فیۆرباخ بەشێوەیەکی کورت و میللیانە، لەسەر هەوڵەکەی بەردەوام نەبوو. دواتر دەبینین کەکارل مارکس تیۆرییەکەی ئەوی زیاتر بردە پێشەوە، بەڵام مـارکس لەسـەردەمەکەی خۆیـدا بەتـەواویی پشـتگوێ خرابـوو.هەرچۆنێك بێت ڕۆژانی فرۆید، سـەرلەنوێ ئـەو هێلکارییە وەزیفییە سەری هەڵدایەوە. ئەوش بەزۆریی بەهۆی کارەکانی تایلۆرو فریزەرەوە بوو. وەکو لەدوا برگەی خۆماندا بینیمان، هەموو ئەو بیریارانە، گەیشتونەتە ئەو بەرەنجامەی کـە ئـایین شـتێکی بەراییـە " نارۆشـنبیریی"، بریتیـە لەسیستمێك لەئایدیاکان کە ڕۆژێك لەڕۆژان بەدلسـۆزییەوە بـڕوای پێکـراوە، ئیسـتاش دەرکـەوتووە کـە هەڵەیـەو پڕوپووچە. بەڵام دیسان، ئەگەر وادابنێین هەموو ئەوانە وان، هێشتا هەر پێویستە هەوڵ بدەین ئەوە شیبکەینەوە کەبۆچی چەشـنی مـرۆڤ، ئـاوا بـەتوندی باوەشـی کـردووە بـەم سەرکوتکردنە دەستەجەمییە هەڵەیەدا، لەتویی مێژووەوە تا دەگاتە ئامادەیی زانستیانە. کە ئەوەندە پڕوچووچە، بۆچی خەلکی سورن لەسەری؟ لەتیروانینی هەندێکدا، ئەمەیە ئەو مەتەڵـەی کـە فرۆیـد، لـەکاتێکدا زۆر بەباشـی ئاگـاداری کارەکـانی ئـەو ئەنترۆپۆلۆجیسـتە ئینگلیزانـە بـوو، زۆر پرشنگدارانە هەولیدا هەلی بهێنێت. لەدیدی ئـەودا، ئەگـەر بمانەوێت بزانین بۆچی ئایین هەیشـتاش ئامادەیی هەیە،

گەرچی لەلایەنی زانستەوە یاخود بەشێوەیەکی باشتر لەلایەنی فەلسەفەوە بەدرۆخراوەتەوە، ئیمە هەرئەوەندەمان لەسەرە بگەڕێینەوە بۆ لای دەرونشیکاریی، کە ئەو زۆر بەروونیی پیمان دەلیت کە سەرچاوەی راستەقینەو کۆتایی دلگیریی ئایین بریتی نیە لەبیریکی لۆجیکییانە، بەلکو بریتیە لەنەست. ئایین لەو سۆزو ئالۆزییانەوە سەرهەلدەدات، کە بەشیوەیەکی بنەرەتیی لەمندالییەوە سەرچاوەیان گرتووەو بەقوولی لەژیر رووتەختی عەقلانییانەو ئاسییانەی کەسیتییەوە، دانیشتوون. دەتوانین باشتر سەرنجیان بدەین وەکو نیرۆسیکی هەژمونگەرا. بەم پییەش، چیتر ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کەباوەرداران دەسبەرداری باوەرەکەی خۆیان دەبن، لەبەرئەوەی سەلمیندراوە کەباوەرەکانیان ناعەقلانییە، وەکو چۆن مرۆڤیکی نیرۆسیی واز لەوە ناهینیت بەردەوام دەستەکانی خۆی بشوات، لەبەرئەوەی کەسیک ئیشارەتی کردووە بۆ ئەوەی دەستەکانی پاکوتەمیزن. ئەو هۆیە ئاساییانەی کە لەسەر روکاری دەرەوەی شتەکان دەیانبینین، بریتی نین لە هۆیە راستەقینەکانی رەفتار.

فرۆید تەواو ئامادەیە بۆئەوەی چەند دەتوانین، ئەم تیروانینە وەزیفەییە دەربارەی ئایین بەرەو مەودایەکی دوورتر ببات. ئەو تەنیا هەر بەقسە نالیت کە وادیارە ئایین لەناو شتەکانی تردا، وەزیفەی ساکۆلۆجیی هەبیت. جەختکردنەکەی ئەو لەسەر ئەوەی کە ئایین تەنیاوتەنیا لە وەلامی ئالۆزییە سۆزییە قوولەکان و لاوازییەکانەوە،

سەهەڵدەدات، ئەو سووره لەسەرئەوەی لەراستییدا ئەوانە، بریتــین لــە هۆیــە بنــەرەتیی و دروســتەکانی ئــایین و، لەسەرەنجامیشــــدا، جاریکیــــان دەرونشیکاریســـتیك بەشیوەیەکی زانستییانە ئەو گرفتانەی چارەسەرکردووە. ئیمە دەتوانین پیشبینی ئەوە بکەین کە وەهمی ئایین بەشیوەیەکی سروشتیی لەهەستنی مرۆڤدا ون دەبیت.[٣٩] بۆیە فرۆیــد، نمونەیــەکی زۆر پرشــنگدار دەهینیتــەوە بــۆ روونکردنەوەی ستراتیجەکەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەدەی بیستەم هەبووە . ئیمرۆ تیۆریستە پەیوەندیدارەکان وەکو کورتکردنەوەیەکی وەزیفیی پیناسەی دەکەن. فرۆید تــەنیا بانگەشــەی لیکدانــەوەی راســتییە راســتەقینە دەمامکنــەکراوو رادیکالەکــەی ئــایین، ناکــات، بــەلکو بــە شیوەیەکی وەها راڤەی ئایین دەکات کە وەدەری بنیت، لەتیروانینی ئەودا، دەتوانریت ئایین لەسەرجەمیدا، کورت بکریتەوە، بۆ شتیکی کەمیك بچووکتری وەکو بەرهەمیکی لاوەکیی نارەحەتیی سایکۆلۆجیی، بۆ کۆمەڵەی ئەو ئایدیاو باوەرانــەی کــە جــاریك لــەجاران رووتــەختی دەرەوەی دەرکــەوتنیان سمــراوەو، وەکــو تــیرکردنی ئــارەزووە وەهمییــەکان هاتونەتــەوە ســەرەوەو بزوینەرەکەشــیان نەست بووە.

پیویستە لیرەدا ئەوە زیاد بکەین کە فرۆید هەمووجاریك لەدادگاییکردنەکەیدا سەقامگیر نیە، لەهەندیك شویندا بە ناتوانیت باش قایلمان بکات بەم کورتکردنەوە سایکۆلۆجییە،

وەك لەشوینەکانی تردا دەیکات.[٤٠] بەڵام بەشیوەیەکی گشتی، بەروونیی دارشتەیەکی باشمان دەخاتە بەردەست بۆ رووداني ئەو کورتکردنەوەیە، بەتۆکمەیی جەجت دەکات کە ئایین لە زاراوەکانی خۆیدا هەرگیز شتیکی راستەقینە نەبووە، بەلکو بەردەوام بریتی بووە لەدەرکەوتن، گوزارشتکردن لەشتیکی تر. هۆکاریکی راستەقینە نیە لە رەفتار یان بیرکردنەوەی مرۆڤدا، چونکە وەزیفەی بنەرەتیی ئەو بەردەوام نەرییە، سروشتەکەی بریتیە لەکاردانەوەی شتەکانی تر. کە بەهیزترو بنەرەتییترن. کە دەکەونە ژیرییەوە. فرۆید زۆر راشکاوانەو کاریگەرانە قەناعەتمان پیدەکات بەرامبەری ئەم ستراتیجە شەرانگیزو کردەییە. وەکو لەونەسکانەدا دەیبینین، کە یەکسەر دوای ئەمە دین، هەمان چەشنە نزیکبوونەوە ئاشکرا دیارە لەکاری دوو تیۆریستی تردا، کە تیروانینەکانی ئەوان بۆ ئایین لەبیرکردنەوەی سەدەی بیستەمدا، بایەخیکی سەرەکییان هەبووە. نمونەی ئەم لە هەریەکە لە سۆسیۆلۆجیاکەی ئەمیل دۆرکهاییم دا دەدۆزینەوە کە هاوچەرخیکی فەرەنسیی فرۆید بووە، هەروەها لەماتریالیزمە ئابورییەکەی کارل مارکسیشدا.

هەموو بەگژداچوونەوەیەکی فرۆید پێویستی بە دان نان هەیە.نەك تەنیا بە تیۆرییەکەیدا لەمەر ئایین، بەڵکو بۆ ئەو چوارچێوە بەرینەی زانستی دەرونشیکارییش کە وەکو پاڵپشتی ئەو خزمەتی کردووە. لێرەدا بواری ئەوەمان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی چەند پرسیارێکی پەیوەندیدار بەیەکەمیانەوە، پاشان بۆ تێبینیکردنی بەردەوامبوونی، مشتومڕێکی جدیی دەربارەی لێهاتوویی دووەم.

## ⋆ کێشەی یەکتایی و نایەکتایی ئاینەکان

یەکەمین شت کەسەرنجی بدەین ئەوەیە کە فرۆید تیۆرییەکی گشتیی ئایینی نەهێناوە، بەقەدەر ئەوەی تیۆریی ئاینی جولەکە ـ مەسیحییە، یاخود بەلایەنی کەمەوە ئایینە یەکتاپەرستەکان بەتایبەتی. لەهەرسێ کارەکەیدا، ئەو ئایدیاکانی گرێی ئۆدیپۆس تاقیدەکاتەوە لەگەڵ پێویستی بوونی باوکێکی ئەندیشەکراو، کۆنترۆڵی هەموو گفتوگۆکانی دەکەن کە زەحمەتە ببینین کە داواکارییەکان لەفۆرمی ئاییندا پیادەبکرێن و ئاینەکەش یەکتاپەرست نەبێت. تەنیا لەچەند شوێنێکی کەمدا ئاماژە دەکات بۆ ئەو ئاینانەی چەند خودایەکیان هەیە، مەسەلەی خوداوەندێکی دایك یاخود ئەو باوەڕدارییە ڕاشکاوە بە هێزە یەزدانییەکان کە خەسڵەتی

کەسییان تیدا نییە، بەزۆری هەموویان دەکەونە دەرەوەی بیرکردنەوەی فرۆید. ئەو کە نایەویت بایەخ بەو چەشنە ئاینانە بدات، ناتوانین بە دلنیایی بلین ئەگەر بایەخی پیبدانایە چی دەکرد. بەلام تەنانەت ئەگەر ئیمە بەناوی ئەوەوە هەولْ بدەین، بۆ دریژکردنەوەی هەولەکە تا ئەوانیش بگریتەوە، ئاسان نیە بزانین ئەوە چۆن دەکریت. بەشی زۆری تیورییەکەی ئەو وابیناکراوە کە بایەخ بەو ئاینانە بداتکە تاکە خودایەك دەسەلمینن، تاکە یەك باوەیەزدانی بەدەستەلات، دەنا بەباشیی بۆ ئەوانیتر ناگونجیت.

## ⋆ گرفتی لەیەکچوون و میژوو

تەنانەت ئەگەر ریگایەکیشمان دۆزییەوە بۆ تیپەراندنی گرفتی یەکتاپەرستیی، تیورییەکەی فرۆید تووشی نارەحەتیی تریش دەبیت. زۆر جیگەی سەرنجە، مەسەلەیەکی گرفتاویی هەیە لە پیکشوبهاندنە عەقلییەکەیدا. بۆنمونە، وەکو لەتۆتەم وتابۆو موساو یەکتاپەرستییدا بینیمان، مشتومری ناو هەردوو کتیبەکە دەگەریتەوە بۆ بەراوردکردنیکی فراوان لەنیوانی گەشەکردنی سایکۆلۆجییانەوپەرەسەندنی تاکایەتیی و میژوویی گروپیکی کۆمەلایەتیی گەورە. ئەوەی لەماوەی چەند سالیکدا روودەدات، یاخود چەند دەهەیەکدا. ژیانی تاکەکەسیك بەراورد بکریت بە چەندین سەدە لەمیژووی کۆمەلگایەك یاخود تەنانەت ژیاریش. بەلام لەومەسەلەیەدا، ئیمە چ

**بەلگەیەکی لۆجیکییانەمان هەیە، بۆ ئەوەی گریمانەی لیکچوونیکی راستەقینە یاخود پەیوەندیەکی روون بکەین لەنیوانیئەم دوو شتە لیك جیاوازەدا؟ رەنگە ئەوە راست بیت کە لەمندالییەوە بەرەو پیش، کەسی نیرۆسیی بە قۆناغی شۆکیکی زووتر، داکۆکی•، پوکانەوە، تەقینەوەی نیرۆس و گەرأنەوەی خەفەکراودا تیدەپەریت. بەلاّم لەدەرەوەی ریکەوتی خالیسەو لیهاتووییەکەی فرۆید، چ بەلگەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی وابزانین کە شتیکی لەم بابەتە لەمیژووی جولەکەدا جەخت دەکات لەسەر نمونەی ئەو پەرەسەندنەی کە لەیەك دانە کەسیتیی ساکاوی مرۆییدا روودەدات؟**

**دیسانەوە، ئیمە بەچ لۆجیکیك بگەینە ئەو بەرەنجامەی کە فرۆید لە تۆتەم و تابۆدا پیی گەیشتووە، کە دەلیت سروتی شیوی یەزدانیی مەسیحییەت، تا رادەیەك لەو یادەوەرییە شاراوەیەی تاوانەکەی ئۆدیپۆسەوە هاتووە، کە ئەمیان هەزاران سالّ پیشتر لەیەکەمین تیرەی مرۆڤە لەئاژەلچووەکاندا روویداوە؟ دەتوانین تا رادەیەك لەوە تیبگەین کە چۆن**

---

• داکۆکیی defence بریتیە لەسەرجەمی ئەو پرۆسیسانەی کە ئامانجیان کزرکردنەوەو نەهیشتنی هەر مشتومالکردنیکە کە ببیتە هۆی ئەوەی تەواوکاریی و سەقامگیریی دەروونی تاك بخاتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوەی بکەری سەرەکیی داکۆکیی منە، زۆرجار دەبیتە هۆی دروستکردنی بەرگرییەك لەتاکدا دژی هەر گۆرانیك یان بەدرۆخستنەوەیەك، ئەمەش ئەو سەنتەرە هەستیارەیە کە ئایین داگیری کردووەو، بواری نەهیشتۆتەوە بۆ جیاوازیی.

شۆکیکی پیشووتر دەتوانیت لەناو تاکە کەسیکدا بەدریژایی تەمەنی بمینیتەوە. بەلام چۆن دەشیت کوشتنیکی دیرین، بیتەوە بیری تەواوی چەشنی مرۆڤ؟ بیشک فرۆیدیش هەستی بەوەکردوە کە یادەوەریی دەستەجەمیی لەم بابەتە بوونی هەیە، بەلام ئەمە بەشیوەیەکی سەرەکیی لەبەرئەوەی ئەو پشت بە وینەیەکی تیوریی پەرەسەندن دەبەستیت، کە پیشتر لەلایەنی زانایەکی فەرەنسییەوە بەناوی لامارکەوە* خرابووە روو، کەیووت دەشیت ئەو ئەزموونەی لەماوەی ژیانیکدا کۆدەکریتەوە، بەهۆی نەوەکانەوە بگویزریتەوە. بەلام بۆ بەدبەختیی چەند دەهەیەک دوای داروین، ئەم چەشنە نمونەیەی پەرەسەندن تووشی تەحەدایەکی گەورە بوو لە لایەنی ئەوانەوە کە بەلگەی باشتریان هەبوو دەربارەی هەلبژاردنی سروشتیی لە پرۆسیسی پەرەسەندندا.ئەوە شتیکی گرفتئامیزە کە بۆمان دەربکەویت کە فرۆید پەیمانە پیرۆزەکەی خۆی بەرامبەری زانست رادەگەیەنیت ، کەچی شیکردنەوەکانی لەمەر ئایین لەسەر فۆرمیکی پەرەسەندن دارشتووە، کەهەر لەو سەردەمەدا چەند زانایەکی تر هۆی گرنگیان هەبوو بۆ رەتکردنەوەی ئەو تیورییە.

---

* لامارک، جین باپتیست **Lamarck, Jean-Baptiste (1744-1829)**، زانایەکی گیانەوەرزانیی و رووەک زانیی فەرەنسییە، یەکیک لەتیورەکانی پەرەسەندنی خستۆتە روو، کە داروین سودیکی زۆری لی وەرگرتووە.

هەروەها پێویستە لێرەدا تێبینی خاڵیکی تریش بکەین. ئەگەر هەموو ئەوەمان سەلماند کە فرۆید وتویەتی، دەربارەی تاکەکان لەمشتومرە شوبهاندنییەکەیدا، بەڵام دەربارەی لایەنی کەلتورییان، پرسیاری مێژوویی گەورە دەمێنێتەوە. لێکۆڵەرەوەکان لەیەکەمین رووبەڕووبونەوەیاندا لەگەڵ موساو یەکتاپەرستییدا، بۆیان دەرکەوتووەکە بەلگەکانی کتێبی پیرۆزو بەلگە ئارکیۆلۆجییەکان کەم هاوکاریی فرۆید دەگەن لە بیناکردنەوە ئەندیشە ئامێزەکەیدا بۆ مێژووی بەرایی جولەکە. ئەگەر ئەتنرۆپۆلۆجیستەکان زۆر گومانیان لە هیلکارییەکەی فرۆید کردبێت دەربارەی یەکەمین گرووپ و یەکەمین کوشتن. راستییە ساکارەکە ئەوەیە کە زۆرینەی ئەوبەلگانەلە تەمی پێش مێژوودا ون بوون، بیناکردنەوەیان پێویستی بەکاریکی زۆری خەملاندن هەیە. مەسەلەکە مەسەلەی نادڵنیایی نیە، لەوەی کە هەندێك لەبەلگەکان پشتی بۆچوونەکەی فرۆید دەگرن و هەندیکی تریشیان نا، بەلکو لەراستیدا مەسەلەکە مەسەلەی کەمزانیی و کەمیی زانیارییەکانە. ئیمە بەلگەی کەممان لەبەردەستدایە دەربارەی ئەم چەشنە بابەتانە، کە بتوانن پشتی تیۆرییەکی وەکو ئەوەی فرۆید بگرن.

★ **کیشەی سوورانەوە**

وەکو لە وتارەکەی سەرەتایدا لەمەڕ ئایین و، کرۆکی مشتومرەکەی ئایندەی وەهمیشدا، بینیمان، فرۆید

پیدادەگریت کە ئایین زۆر لە نیرۆس دەچیت. هەروەك چۆن خەلکی نیرۆسی باوەر دەکەن بەکردنی شتی نالۆجیکییانە، بەهەمانشیوە باوەردارەکانیش باوەریان بەشتی نالۆجیکیی هەیە. چەشنی نیرۆسی هەژمونگەرا، لەلایەنی دەرونشیکارییەوە دۆزراوەتەوەو بەشیوەیەکی سەرەکیی لەتاکەکانی مرۆڤدا سەرهەلدەدات. ئەوچەشنە نیرۆسە هەژمونگەرایەی لەئایندا دەبینریت کە تەواوی کەلتوور خەمبار دەکات، شتیکی گەردوونییە. دیسانەوە لیرەشدا، پیویستە پرسیار بکەین لەبەکارهینانی کریسانەی شوبهاندنەوە لای فرۆید، لە ژینگەیەکدا کەلیکدانەوەی رەفتارەکانی شتیکی کریسانەیە. هەروەك ژمارەیەك لەو رەخنانەی ئاراستەی فرۆید کراون دەریانخستووە، کچە راهیبەیەك کە چەندان سەعات بەوپەری دلسۆزییەوە بەسەردەبات و نویژ دەکات و تەزبیحات دەکات، لەگەل ئەو مرۆڤە نیرۆسییەدا کەچەندان سەعات بەسەر دەبات بەبژاردنی قۆپچەکانی سەرکراسەکەیەوە، هەردوکیان لەهەمان فۆرمی رەفتاردا هەلدەسورین، بەلام تەنیا یەکیکیان عەقلی تیکچووە.بۆ راهیبەکە شتیکی ئاساییە، نیرۆسیی نیە، کە نویژ بکات. فرۆید هەولیداوە مۆتیڤی نەستیی بدۆزیتەوە بۆ ئەوچەشنە رەفتارە، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە پیی وابووە کە نویژکردن رەفتاریکی نائاساییە. بەلام بەدلنیایی ئەو ناتوانیت وابکات، بەبێ ئەوەی بلیت ئەوە لە مۆتیڤە عەقلییەکانەوە نایەت، بەلکو لەمۆتیڤە ناعەقلییەکانەوە، دیت،

کە لەنەستەوە هەلگیراونەتەوە. ئەو شتەی کە هەر لەسەرەتاوە خەریکی سەلماندنی بووە. بەکورتی، هەندیك لە بریارەکانی فرۆید کە بەرگی مشتومریان لەبەرکردووە، هەرلەسەرەتاوە بەرگیکی بازنەییان پۆشیوە.

لەوەش زیاتر، ئایدیای دانەپالیش چەند پرسیاریك هەلدەگریت. راستیی سەرەکی کە خەلك لەبیری خۆیانەوە هەندیك شت دەردەهینن و دەیدەنە پالی جیهان، زۆر بەزەحمەت دەتوانریت بکریت بەسەلماندنی ئەوەی کە ئەوانە دەچنە ناو تیرکردنیکی نیرۆسییانەی ئارەزووەکانەوە. رەمزەکانی زانست و ماتماتیك ئاخاوتنی ورد، تا دەگاتە ئەو سیستمە چەمکییە لەبن نەهاتووانەی کە ئیمە دەیاندەینە پالی جیهان، ئەوانە لەنیرۆسەوە نەهاتوونەتە دەرەوە، بەلکو بەسانایی ئەوانە یاریدەمان دەدەن بۆ تیگەیشتنیکی باشتری جیهان.* راستیی حاشاهەلنەگر ئەوەیە هەموو رۆژیك ئەو دانە پالانەی خودەکانمان بەشیوەیەکی سەرکەوتووانە بەسەر ژیانی راستەقینەدا پیادە دەکرین، دەبن بەکاردانەوەی هەندیك لەو خەسلەتانەی جیهان کە ئیمە تاقی دەکەینەوە. بەلام ئەگەر ئەوە بۆ چەمککارییەکانی ماتماتیك و زانستە سروشتییەکان دروست بیت، ئەوا هیچ هۆیەك نیە کە بۆچی،

---

* لیرەدا پیدەچیت نوسەر بیەویت بەهەلەماندا ببات، چونکە فرۆید لەکارەکانی خۆیدا نەیوتووە هەموو رەمزیك نەستییە، بەلکو چەند رەمزیکی دیاریکراوی پاساونەدراوی بە دەرهاویشتەی نەست داناوە.

بەلایەنی کەمەوە لەلایەنی پرەنسیپەوە، ناتوانین ریگە بدەین بەوەی کە دەشیت دانەپالەکانی ئاینیش دروست بن و لە نیرۆسەوە نەهاتبن، بەلکو لە تیگەیشتنیکی گونجاوی ماقوولەی جیهانەوە هاتبن وەك ئەوەی ئیمە دەرکی پیدەکەین.

## ⋆ دەرونشیکاریی وەکو زانستیك

پیویستە ئەم رەخنە کورتە بەبەرزکردنەوەی دوایین پرسیاری گرفتاویی لەمەر خودی دەرونشیکاریی تەواو بکەین، وەکو فۆرمیکی زانست. فرۆید لەسەر زانستە سروشتییەکان مەشقی پیکرابوو، سەرەتا لەلیکۆلینەوەی فیسیۆلۆجیای میشك جەستی پیکرد. کاتیك چووە سەر دەرونشیکاریی، هەرلەسەرەتاوە بەچەند زاراوەیەکی پەتی جەختی لەوەکرد، کە میتۆدەکانی هەر ئەوانەی زانستەکان بوون. دەرونشیکاریی لەقووڵاییدا بەراویژی نەخۆشەکان بینادەکریت، لە چوارچیوەیەکی وریاو پشکنینی گریمانەکاندا، لەپشکنینی تیورییە گشتییەکاندا، هەروەها لەسەر گۆرینەوەی رەخنە لە گۆڤارەکانی لیکۆلینەوەدا. فرۆید لەئایندەی وەهمدا، بەشانازیەوە بەراوردی یەرەوپیشچوونی هیواش و مکومی زانستیکی وەکو دەرونشیکاریی دەکات، بە پیشینە دۆگماییەکەی ئایین. بەلام ئەمرۆو بەدلنیایی قبوولکرانی فراوانی دەرونشیکاریی، لەسەر ئەو تیروانینە باوە ئارامی گرتووە کە بریتیە لە زانستی هۆش.

هــەرچۆنیك بیــت ئــەم دیــدە قبولكراوەیــە، كــە دەهــە نزیكەكان، لەژێر لیدانیكی سەختی زانستییانەوە هاتوون. بەتایبەتی لەبیست سالی رابردوودا، لەزۆر لایەنەوە رەخنە سەری كردە سەر پرۆژەی دەرونشیكاریی . لەفرۆیدەوە بەرەو ئیستا . لە سەرلەنوێ هەلسەنگاندنەوەیەكی سەختدا. دەتوانین بریارەكەیان لە دوو رستەدا كورت بكەینەوە، گەرچی بریاریكی زۆر دۆستانەش نیە: فرۆید هەرچەندە بەهرەمەند بووبی، بەلاّم زانا نەبووە. هەروەها دەرونشیكاریی بانگەشەی هەرچییەك بكات، هیشتا هەر زانست نیە. قورسترین لیپرسینەوە دژی ئەو دیسپلینە، لەلایەنی فەیلەسوفی زانستی ئەمریكییەوە دیت ئەدۆلف گرونباوم، كە دەلیت دەرونشیكاریی بەئارەزووی خۆی گریمانەی ئەوشتانە دەكات كە دەیەویت كارەكەی خۆی پێ بسەلمینیت لەگەڵ نەخۆشەكاندا، تەكنیكەكانی ئەوان بۆ كۆكردنەوەی بەلگەكان زانستیی نین، هەروەها لەراستییشدا هەركاتیك بەلگەیەكی سودمەندیان هەبیت، ئەوا پشتگیریی لە بەرەنجامە وردچنراوەكانی فرۆید ناكات، كە بەگونجاویی لەوە دەرهینراوە. گرونباوم نالیت ئەوبوارە بەپیی پرەنسیپ نازانستییە، بەلكو دەلیت كە تائیستاش پیویست دەكات میتۆدیكی زانستیی دابمەزرینریت بۆ بانگەشەكانی.[٤١] هەندیكی تر لەتیروانینی جیاجیاوە سەیریان كردووەو، پەیوەندییان كردووە بەم رەخنەگرتنانەوە، سەرنجیانداوە كەئەو پرەنسیپانەی كە جەوهەری زانستەكە پیكدەهینن .

تیورییەکەی فرۆید دەربارەی کەسیتیی و نیرۆس. بەپیی بەراوردکردنیکی تەژم و ویلکەرانەی ئیستیدلالەکان بیناکراوە، کەزۆربەیان ناسەلمینرین و رەتیش ناکرینەوە، چونکە، دیسانەوە بەسانایی، ریگایەکی زانستییمان لەبەردەستدا نیە، تەنانەت بۆ تاقیکردنەوەشیان.[42] هەندیك پشکنەری تریش چاویکی رەخنەگرانەی زۆر تورەیان خستۆتە سەرخودی فرۆید، تەنیا بۆ ئەوەی پیاویکی جیاوازتر بدۆزنەوە لەو پیاوەی کە قوتابییەکانی وەکو زانایەکی داهینەر بەدونیایان ناساندووە، زمانحالی راستیی لەجیهانی خەفەکردنە ڤیکتۆرییەکاندا. ئاماژەیان کردووە بۆ ئەوەی لەکاتیکدا بەهرەکانی ئەو بۆ ئەندیشەکردن و قایلکردن زۆر گەورە بوون، لەهەمانکاتدا پیشخەری حەزە تایبەتییەکانی خۆی بووە، وەکو پیاویك کە تامەزرۆی بەلگەو سەلماندنەو، چۆی لە رەخنە شەرعییەکان نەبان دەکات، تەنانەت خەلکەکانیش خراپ بەکاردەهینیت، ئەگەر بزانیت خزمەتی بەرنامەکەی خۆی دەکات.[43]

لەبەر رۆشنایی ئەم رەخنانەدا، پیویستە بلیین ئایندەی زانستیی بۆ دەرونشیکاریی، بەشیوەیەکی تایبەتی پرشنگدار دیارنیە. تیورییەکەی فرۆید دەربارەی ئایین، بەداخەوە روو لەنوشوستییە، مەگەر ( ئەمەش بەردەوام شیمانەیەکە) سەرلەنوێ لەقالبیکی تازەدا دابریژریتەوەو لەسەر جیگایەکی کەمتر نارەحەت دابنریت. لەهەمانکاتیشدا، پیویستە تیبینیی ئەوە بکەین کە دەرونشیکاریی تەنیاوتەنیا

یەکیکـــە لەکـــەنارەکانی ســـایکۆلۆجیا. لیکۆلینـــەوە سایکۆلۆجییەکان بـەردەوام دەبـن بـۆ دەسخسـتنی سـیوازی نازە بۆ لیکدانەوەی ئایین.

## پەراویزەکان

**١-ئـایندەی وەهـم، چـاپی سـتانداردی کارەکـانی فرۆیـد. بەسەرپەرشتی جیمس ستراچی و ئانا فرۆید لەندەن ١٩٦١ ٢١:٤٣.**

**٢-کۆنترین بایۆگرافیای فرۆیـد، لەلایـەنی پیـاویکی ئینگلـیزەوە نوسراوە، کە ئەندامی بازنە زانستییەکەی فرۆید بـووە، نـاوی ئیرنسـت جۆنز بووەو کتیبەکەی ناوی ژیـان و کـاری سیگمۆند فرۆیـدەو، سـێ بەرگە. ( نیویـۆرك ١٩٥٣ ـ ١٩٥٧). بایۆگرافیایـەکی تریـش کـە بـەم نزیکانە ئامادەکراوە، لەلایەنی پیتەر گەی، یەوەیە: فرۆید : ژیانیك بـۆ سەردەمی ئیمـە ( نیویـرك ١٩٨٨). ژمارەیـەك سـەرنج و بایۆگرافیـای کورتی تریش لەبەردەستدان، کە تیایاندا لیکۆلینـەوەی گرنـگ هەیـە، لەوینـەی پـۆڵ رۆژان: فرۆیـدو شـوینکەوتووانی( نیویـۆرك ١٩٧٥) ، هەروەها فیلیپ ریف، کە بایۆگرافیاکـەی زۆر نیـوداره: فرۆیـد : بـیری پیـاوە ئاکارییەکـە، چـاپی سـییەمی لەسـالی ١٩٧٩دا بـووە لەزانکۆی شیکاگۆ.**

٣-نامەکانی فرۆید بۆ مارتا بیرنای، لەماوەی دەزگیرانداریتییاندا، دوای ئـەوەی وینەیـەکی سەرنجراکیشــی بۆخـۆی دروسـت کردبـــوو، بەهەلویست و کەسیتییەکەی وەکو پیاویکی لاو. بروانە نامەکانی فرۆید ١٨٧٣ ـ ١٩٣٩، بەسەرپەرشتیی ئیرنست فرۆید(لەندەن١٩٧٠).

٤-ژمارەیەك لیکۆلینەوەی دریژی تریشی هەبوو دەربارەی ئەم یان ئەو مەسەلەیە، کە سەنتەری پیگەیشتنی بیرۆکە سەرەکییەکەی فرۆیـدو، پرۆگرامی لیکۆلینەوەکانی بوون. بۆنمونە بروانە موریل گاردنەر، پیـاوە گورگەکە( نیویرۆك ١٩٧١)، کـە یادەوەرییـەکانی نەخۆشـیکی گرتۆتـە خۆی، مەسەلە میژووییەکەی فرۆید، لەگەل تەعلیقیکی زیدەدا لەلایەنی پاتریك ماهۆنی : فرۆیدو پیاوی جرجەکان( نیویــرۆك ١٩٧١) ، لەگــەل نوسینیکی یەکجار مشتومراویی ، لەلایەنی جیفری مۆوسـافی ماسـۆن: ئیهانەکردنی راستی: سەرکوتکردنی تیوریی فریودانی کچیك لەلایەنی فرۆیـدەوە.(نیویـۆرك ١٩٨٤)، کـە بەشـیوەیەکی یـەکجار رەخنەییانـە، هەژمونی فرۆید شیدەکاتەوە بەسەر یەکیك لەنەخۆشەکانی سـەرەتایدا، کە ناوی ئیما ئیکستین بــووە، کـە لەسـەرەتای ١٨٩٠ەکانـەوە دەسـتی کردبوو بەسەردانی فرۆید.

٥-دەربارەی ئەم پەرەسەندنە زووانە، بروانە ڤینسنت برۆم: فرۆیدو بازنە زووەکەی (نیویۆرك ١٩٦٨)، لیندا دۆن فرۆید و یۆنــگ : سـالانی هاورییــەتی و سـالانی زیـزی (نیویـــۆرك ١٩٨٨)، هــەروەها فیلیـــس گرۆسکورت ئەلقــەی نـهینی: بازنـە ناوخۆییەکـەی فرۆیـدو سیاسـەتی دەرونشیکاریی ١٩٩١.

٦-جولانەوە هەژمونگەراکان و نەریتی ئاینیی، لە چاپی ستاندارد، ٩ :١١٦ ـ ٢٧.

٧-بەشی زۆری ئــەم کتیبــە لەســەر خودشــیکارکردن دامــەزراوە، بەتایبەتی لیکدانەوەی خەونەکانی خودی فرۆید خۆی. بروانــە گــیرارد لیڤین، سیگمۆند فرۆید(بۆستن ١٩٧٥)، ل ٢٨.

٨-بروانە ئەلاسدیار. سی . ماکلنتیــار : نەســت شــیکردنەوەیەکی چەمکییانە (لەندەن ١٩٥٣) ل ، ٣٣ بۆ مشتومالکردنیکی تەواو، لەگەڵ راپەرینیکی وریای چەمکە یەکلاییکەرەوەکەی فرۆید، بەتایبەتی بروانــە ل،ل ٢٩ ـ ٣٨ .

٩-دەربــارەی چــەمکی خەفــەکردنی فرۆیــد زۆر نوســــراوە. کورتەیــەکی بــاش دەربــارەی بیرۆکەکــەو شوینیشــی لەبیرکردنــەوەی فرۆیددا، لــە کتیبەکــەی ریفــدا دەدۆزریتــەوە: فرۆیــد بــیری پیــاویکی ئاکــــــاریی ل،ل ٣٧ ـ٤٤، ٣١٤ _ ٢٠، بــــۆ شــــــیکردنەوەیەکی هاوچەرخانەتری چەمکەکە بروانە دەبلیو . دی . هارت : مۆدیلــەکانی خەفــەکردن، لــەوتارە فەلســەفییەکاندا دەربــارەی فرۆیــد، (نیویــۆرك ١٩٨٢). ل،ل ١٨٠ ـ ٢٠٢..

١٠-ئەم بەلگەیە بەشیوەیەکی تایبەتی لەخەونیکی فرۆیــد خۆیــەوە هاتووە، بروانە پەراویزی ژمارە ٧.

١١-گەرچی فرۆیــد جگــە لەپالنــەری ســیکس چــەند فاکتــەریکی تریشی جیاکردۆتەوە، لەوینەی برسیتی، دانی بەوەشدا ناوە کە دەشیت

هیندەی پاڵنەرە سەرەکییەکە بـەهێزبن و لەوانەشە بنـەڕەتیتریش بـن، وەلی بـە ڕوونـی دیـارە کـە لـە پـەرەپێدانی بیرۆکـە گشـتییەکانیدا دەربـارەی خەفـەکردن و نەسـت و لێکدانـەوەی خەونـەکانیدا، سـەرکوتکردنی ئـارەزووی سێکسـیی زۆر ئاشـکرایە ـ ڕەنگـە، بەزەینداهاتنی گریمانەی ئۆدیپۆسە گرێ کـە دواتـر پـەرەی پێـدەدات. بڕوانە ماکنتیر  نەست ت ٢٩. هەرچۆنێك بێـت،  پێویسـتە تێبینـی ئـەوە بکرێـت کەلـەکارەکانی دواتریـدا، لەنمونـەی ژیـارو نیگەرانییەکـەی، بایەخێکی زیاتری داوە بەپاڵنەری شەڕەنگێزیی، تەنانەت هـەتا خـاڵی خوێندنەوەی ئەو پاڵنەرە بەجۆرێکی وا کە هـەر هیـچ نەبێـت هاوتـای پاڵنەری سێکس بێت.

١٢-مشتومالکردنێکی تری چەمکی نەست،  بەم نزیکانە لەلایـەنی پاتریشـیا هێرزۆگـەوە کـراوە، هەسـت و نەسـت : بایەخپێدانەوەیـەکی غەریزە دینامییەکانی فرۆید. ١٩٩١.

١٣-لێکۆڵینەوەکەی فرۆید دەربارەی دافینشـی و بیرەوەرییـەکانی سەردەمی منداڵیی، ١٩١٠، لەگەڵ وتارەکەیدا موساکەی مایکل ئەنجیلۆ ١٩١٤، لەگەڵ دۆستۆیڤسکی و تاوانی کوشتنی باوك ١٩٢٨، بەردەوامبوو لەسەر بایەخدان بەمێژووی هونەرو ئەدەب.لەبەر خۆشەویستییە زۆرەکەی بـۆ ئـەدەب، بەتایبـەتی ڕۆمانـە ئینگلیزییـەکان، بڕوانـە لیڤـین، فرۆید ل، ٣٢.

١٤-دەتوانین پەرەسەندنی بیرکردنەوەی فرۆید لەم بارەیەوە، لـەو واتارانەیدا بدۆزینەوە کە لـە نێوانـی ساڵانی ١٩١٠و ١٩٢٠دا نوسـیونی،

لەگـەڵ چـەندان نوسـینی وەکـــو پشـــتەوەی پرەنســـیپی چیـــژ ١٩٢٠ من و ئەو ١٩٢٣.

١٥-بۆیەکـــەمجار لـــە مـــــن و ئـــەودا، لەســـــالی ١٩٢٣دا فۆرمولەکردنەکەی خۆی پیشکەش کردووە.

١٦-بۆ دەمەتەقییەکی فەلسەفیانەی نزیك دەربارەی چەمکی من و ئەو، بروانە برایان ئۆشاوگانیســـی " ئـەو و پرۆسیســی بیرکردنـەوە" ، هەروەها ریچارد ولیەم، منـــی جەســتەیی ، لـە وتـارە فەلسـەفییەکانی ولیەمدا ل،ل ١٠٦ ـ ٢٣، ١٢٤ ـ ٣٨.

١٧-بروانە فرۆید، کورتەی دەرونشیکاریی ، لـەچاپی سـتانداردا، ٢٣:١٤٦.

١٨-بروانە فرۆید، کورتەی دەرونشیکاریی ، لـەچاپی سـتانداردا، ٢٣:١٩٠.

١٩-بروانە فرۆید، کورتەی دەرونشیکاریی ، لـەچاپی سـتانداردا، ٢٣: ١٩١.

٢٠-لەنیوانی ژمارەیەك کاری لیکۆلینەوەی پیشینە جولەکەییەکـــەی فرۆید، لەگەڵ بۆچوونە ئاینییەکانیدا. بروانـــە هـۆوارد لیتلتـۆن فیلیـپ، فرۆید و باوەری ئاینیی ( نیویۆرك ١٩٥٦)، جـــی . زیلیبـۆرگ فرۆیـد و ئایین، کەشفی حیساب لەگەڵ مشتومریکی کۆندا ـ ١٩٥٨.، ئیرڵ ئـەی گرۆلمان، جولەکەیەتی لەجیهانی سیگمۆند فرۆیددا( نیویـۆرك ١٩٦٥)، هەروەها هانس کۆنگ فرۆید و گرفتی یەزدان( ١٩٧٩)، ئیدوین . ئار . والآســی چـوارەم، فرۆیـــد و ئـــایین ١٩٨٤، لەگـــەڵ پیتـــەر گـــەی : جولەکەیـــەکی بـــێ خـــودا: فرۆیـــد، بیبـــاوەری و دروســــتکردنی

دەرونشیکاریی ۱۹۸۷، هەروەها هەریەکە لە والاس و گەی بایۆگرافیایەکی هاوچەرخیان بۆ فرۆید نوسیوە.

۲۱-دەیڤید باکان، سیگمۆند فرۆید و میراتە ئەفسانەییەکەی جولەکە ۱۹۵۸. هەولدانیکە دەربارەی گریمانە دیارەکانی فرۆید کە لە زانیارییەکانی دەربارەی ئاینی جولەکەوە دەری هیناون. لەکاتیکدا ئەم پلەیە ئەوپەریتی، پیشنیاری ئەوەش دەکات کە مشتومرە فرۆیدییەکان دەربارەی نەریتی جولەکە لەوە قوولتر رۆدەچن کە هەندیك بۆی چوون.

۲۲-جۆنز، ژیان و کارەکانی فرۆید، ۳:۳۵۱.

۲۳-جولانەوەی هەژمونگەراو نەریتە ئاینییەکان، ۱۹۰۷، لەچاپی ستانداردا۹:۱۲٦ ئەم وتە نیوداره کە بووە بەناونیشانی ئەم بەشە، جاریکی تر لە ئایندەی وەهمدا دەردەکەویتەوە.

۲٤-بروانە بەشەکانی ۲۱-۲۲، ۲۵-۲٦، ۳۱-۳۲، ۳۸، ٤۰. لیکۆلینەوەکانی فریزەر دەربارەی تۆتەمیزم، دەمانبەنەسەر کاریکی زۆر تایبەت ، تۆتەمیزم و زەماوەندی دەرەکی، سەرچاوەیەکی بەنرخی دەربارەی فۆرمە سەرەتاییەکانی سەرکوتکردن و کۆمەلگا، چوار بەرگە ( لەندەن ۱۹۱۰).

۲۵-تۆتەم و تابۆ، چاپی ستاندارد ۱۳:۱۳۲ - ٤۲.

۲٦-تۆتەم و تابۆ، چاپی ستاندارد ۱۳:۱۵۳ - ۵۵.

۲۷-تۆتەم و تابۆ، چاپی ستاندارد ۱۳:۱٤۵.

۲۸-ئایندەی وەهم، چاپی ستاندارد ۲۱:۱۹.

٢٩-ئاینده‌ی وه‌هم، چاپی ستاندارد٢١:٣٣.

٣٠-ئاینده‌ی وه‌هم، چاپی ستاندارد٢١:٣٠.

٣١-ئاینده‌ی وه‌هم، چاپی ستاندارد٢١:٤٣.

٣٢-ئاینده‌ی وه‌هم، چاپی ستاندارد٢١:٤٣.

٣٣-ئاینده‌ی وه‌هم، چاپی ستاندارد٢١:٤٤.

٣٤-له‌چاپی ستانداردا، ٣:٢٣ ـ١٣٧.

٣٥-موساو یه‌کتاپه‌رستی، له‌چاپی ستانداردا، ٢٣: ٢٠ ـ٣٠ .

٣٦- موساو یه‌کتاپه‌رستی، له‌چاپی ستانداردا، ٢٣: ٤٩ ـ ٥٠

٣٧-موساو یه‌کتاپه‌رستی، له‌چاپی ستانداردا، ٢٣: ٧٢ ـ ٨٠

٣٨-ده‌رباره‌ی کیشه‌ی نیوان ئه‌م دوو پیاوه بروانه لیندا دۆن، فرۆیدو یۆنگ: سالانه هاوریه‌تی و سالانی زیزی( نیویۆرک ١٩٨٨).

٣٩-بۆنمونه، له‌ئاینده‌ی وه‌همدا،چاپی ستاندارد ٢١:٤٤ .

٤٠-بروانه والاس، فرۆیدو ئایین ل،ل ١١٣ ـ١٤، ١٣٨ ـ٤٨.

٤١-بروانه کاره گرنگه‌که‌ی، دامه‌زراندنی ده‌رونشیکاریی (کالیفۆرنیا ١٩٨٤)، له‌گه‌ڵ کتیبه‌که‌ی دواتریدا شه‌رعییه‌ت له تیوریه کلینیکییه‌که‌ی ده‌رونشیکاریدا: لیکۆلینه‌وه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی ده‌رونشیکاریی ١٩٩٣.

٤٢-به‌تایبه‌تی بروانه مالکۆلم ماکمیلان، هه‌لسه‌نگاندنی فرۆید: که‌وانه‌ی ته‌واو( نیویۆرک ١٩٩١). هه‌روه‌ها لیکۆلینه‌وه‌یه‌کی زووتریش ده‌رباره‌ی بیرکردنه‌وه‌ی فرۆید، که له‌ئاراسته‌ی ئه‌م ره‌خنه نوییانه‌دا، ئه‌ویش رۆژانه. فرۆیدو شوینکه‌وتووه‌کانی.

٤٣-دەربارەی بەهــەری ئـەدەبیی فرۆیـد ، بەتایـەتی لـە بـواری ڕوونکردنەوەدا، بڕوانمە پاتریك جەی مۆهانۆی فرۆیــد وەكـو نوسـەر ـ ١٩٨٧. ڕەخنـەی زانسـتیی و پـیزانینی فرۆیـد، لای فرانـك سـۆلۆوای بایەخیكی تایەتیان پیدراوە، فرۆید بایۆلۆجیسـتەكی هـۆش : لەپشـتی ئەفسانەی دەرونشیكارییەوە(نیویۆرك ١٩٧٩)، هـەروەها بڕوانـە ماسـۆن ئیهانەكردنی ڕاستی، سەرچاوەیەكی پیشووتر، فریدریش سی . كریوس گریدانـە گوماناوییەكـە ـ ١٩٨٦. پـۆڵ ڕۆوزیـن لیپرسـینەوەی فرۆیــد، سیاسەت و میژووی دەرونشیكاریـ ١٩٩٠. هەروەها كــیر ئـەی مۆسـت: میتۆدە ترسناكەكە: چیرۆكی یۆنگ، فرۆید، لەگەڵ سـابیانا سـپیلرین( نیویۆرك ١٩٩٣). بۆ شەن و كەوی ئەو ڕەخنانەو ئەو مشـتومڕە دزیـوەی هەلیانـهینجاوە، بڕوانـەپۆڵ ڕۆبنسـون: فرۆیـد و ڕەخنــەكانی ـ ١٩٩٣، هەروەها فریدریش سی كریوس فرۆیدی نەناسراو ١٩٩٣ .

ئەم كتیبە بەشی دووەمی كتیبی Seven theories of religion ە كـە دەكاتـە لاپـەرەكانی ٥٣ ـ٨٦.، كـە لەسـالی ١٩٩٥دا لــە نیویــۆرك چاپكراوە.